ئازاد دڵزار

# حاجیلەکانی دەشتی هاموون


دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی رۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر
س. پ. ژمارە: ١
www.araspublisher.com

ئازاد دڵزار

# حاجیلەکانی

# دەشتی هاموون



ناوی کتێب: حاجیلەکانی دەشتی هاموون - دیوان
شیعری: ئازاد دڵزار
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٢٩٠
دەرهێنانی هونەری: بەدران ئەحمەد حەبیب
بەرگ: ئاراس ئەکرەم
پیت لێدان: تریسکە ئەحمەد حەمید
هەڵەگری: ئازاد دڵزار و هەندرێن شێرزاد
هەڵەگریی سەر کۆمپیوتەر: عەزیز عەبدولخالیق
سەرپەرشتیی کاری چاپخانە: ئاورەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم، هەولێر- ٢٠٠٤
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی رۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (٩٦)ی ساڵی ٢٠٠٤ی دراوەتێ

# شتێک دەربارەی ئەزموونی شیعر نووسینم

ژوورێکی فراوان و گەورە بوو پێمان دەگوت (ناومالّ)، لە ناوەڕاستی کۆترەییێکی ئەستووری ڕاست شانی دابوو بەبنمیچەکەوە، ئاگردانێکی گەورە لە دامەنێ هەبوو، زستانان بەردەوام داری قەلاّشکەری تێدا دەسووتا بۆ گەرمی و بۆ چێشت لێنان، چەند بەڕە و لبادێک دەوری ئاگردانەکەیان دابوو، نان هەر لەوێ دەخورا و، خزم و برادەر و هاوسێش هەر لەوێدا پێشوازی دەکران، بۆ خەوتنیش دەکشاینەوە ژوورەکانی تر. لوولەدارەکانی بن ساپیتەکەی لە دووکەڵێدا وەک قەترانی ڕەشیان لێ هاتبوو، دەرگاییێکی داری گەورە بەبزماری سەر پانی درشت داکوترا بوو، لەگەڵ کرانەوە و پێوەداندا نووزەییێکی خەمناکی لێوە دەهات، لە پشت دەرگاکەدا سەرشۆرکێک هەبوو، لە بنەبانێش بەبەرزییەوە ڕەفێکی دوورودرێژ هاتبوّ دەرێ هێندێ چێنی و قۆریەی تۆقکراو و فەغفوری تۆزاوی لەسەر ڕیز کرابوون. لە ژێر ڕەفتەکەشەوە سندوقێکی (دولّ دولّ)ی لێ بوو کە چەند لێفە و، جاجم و، بالیفی کولّکی هەلاّمساوی لەسەر قەترە کرابوون. بەدیواریشدا هەندێ سینگی دارین داکوترابوون هەمبانەی پڕ لە زەخیرە و دانەوێلّەیان پێدا هەلّواسرابوون کە لە تاریکی و تەنیاییدا جۆرە سامێکیان هەبوو، لە کەلێنانیش تەلیس و، خراری دەغلّ و دان و، جەوالّی ئارد و، ناندێن و، سەوەشیر و، هیزە و، تریانەی هەمەجۆر و، گومگومە و، جەڕە و، گۆزە، لێرە و لەوێ دەبیندران.

لەبەرەوەش – ئەستێرکێک هەبوو کە سێ چاوە دۆلاّبی داربوون لە ژێر هەر چاوەیەکیشدا چاوەییێکی بەربەرەلاّ هەبوو کە لە مەڕمەڕی (مووسلّی) دروست کرابوو دۆلاّبە دارەکانی بەسەرەوە چەسپ بوون. لە یەکێ لە چاوەکانی ژێرەوەی ئەم هەرزالّەیەدا کتێبی گەورە گەورەی پەڕەزەردی جلّدکراو بەناڕێکی لەسەر یەک داندرابوون، زۆر جاران بێ باکانە ئەو کتێبانەم هەلّگێڕ و وەرگێڕ دەکردن، گوێم لێ ببوو کە ئەمانە ئی باپیرم بوون، دوایی کە هەراش بووم زانیم ئەم کتێبانە شاکارەکانی فیردەوسی و عەطار و، سەعدی و، حافزی



شیرازی و نیزامی گەنجەوی و، جەلالدینی ڕۆمی و، ئەدیبە هەرە مەزنەکانی ڕۆژهەلاّتی ئەوسان!.

دەیانگوت باپیرم پیاوێکی توندە تەبیات و دژوار و زەرەندە بوو، خوێندەوار و لە سەردەمەکەی خۆی یاغی بوو، فارسی زانێکی بەزەبر و لە تورکی و عارەبیشدا بەلّەد بوو، جوێنی وای دەدا لە قوتووی هیچ عەتارێکدا نەبوو، کەسانی دەوروبەری بەجوێنەکانی سەغلّەت نەدەبوون. هەندێکیان پتر دەماریان دەگرت، بەتایبەتی لە ڕەمەزانانداکەس بۆی نەبوو بیبزێوێ، نزیکی بەربانگان بەتۆی دەرپێییێکی بلووری ئاودامان و کورتەکێکی مراد خانی ناو بەلۆکە و بەسەر و ڕیشێکی درێژی دووکەلاّوی چەرمگەوە قورئانی دەخوێند، یان لەسەر بەرمالّەکەیدا ڕووەو قیبلە بەچۆکدا دەهات، تەزبیحێکی قەزوانی ئەبلّەقی (بەرزنجە) بەدەستەوە و دەم بەویرد و دوعا، هەر زوو قاوەی لە ناو زیلەمۆیان دەدەماند و جگەرەیەکی بەرماغ یان پەڕاوی بێ شەمای (شاورێ)ی ئاگر دەدا و لەتەک خۆی دایدەنا، لەسەر تێز و تەیار و گوێ سووک بۆ گرمەی تۆپ و بانگی شێوان!، ئەگەر مەلا بەگوێرەی سەعاتەکەی ئەو بانگی نەدابا ئەوا واوەیلا لە حالّی، لەبەر خۆیەوە بەدەم تەزبیحاتەوە شوستوشۆی دەشۆراند!، خۆ ئەگەر ملی دابا کارێک و لێی ئالّۆز بووبا یان بەدەستیەوە نەهاتبا ئەوا گەلێ جاران بەتووڕەیییەوە سەرێکی بۆ ئاسمان هەلّدەبڕی و دەیگوت: (دەبڕۆ ئەوا منیش یەک هەفتە نوێژت لە بۆ ناکەم!).

ئەو کابرایە لە سەردەمی جحێلّیدا مالّ و سامانێکی زۆری تەرفاندبوو، بەم دواییە بەداهاتی ئەو دوو باغە دەژیا کە لە دایکییەوە پێی بڕابوون لەگەلّ چەند وردە مولّکێکی تر، جارێکیان لە سەفەرێکی بازرگانیدا بەدەستی بەتالّ دەگەڕێتەوە، (ئاغەژنە سوراحی) دایکی کە کچی حاجی بەکراغای حەوێزی و خوشکی ئەمین ئاغای (ئەختەر)ی شاعیری دلّتەڕ و بەناوبانگ بوو، ئافرەتێکی سەلار و شاعیر و دەستی حەکیمیشی بووە پێی دەلّێ (مستەفا) دیسان وەک (گای ڕووت) هاتیتەوە؟! لەو کاتەدا (جەلیل و، جەلال) ئاغای حەوێزی خالّۆزاکانی باپیرم لەوێ دەبن لێی لە هەلاّ دەدەن.

لە هەموو کونجێکی ئەو مالّە فراوانەدا ئاسەواری باپیرم بەدی دەکرا هەر لە مەورەد و، مڕبەند و، کارتیخ و درێشە و ئەسلێرک و هەسان و، بەردە ئەستێ و قاوت و، تەزبیحی ئەبلّەق و، چاویلکەی زەڕەبین و سەعاتی زی تا دەگاتە جزوەی قاوە و، حەفت جۆش و، دەستشۆری پاقر و، قەننە و سەبیل و، دارجگەرەی کەوەتی نەخشاو و، گۆچانی کنێر و، بەلاّلّووک و قورئان. وەک (مرۆڤی بەفر) یان بەفرزاد کە دەلّێن لە چیاکانی (هیمالایە)دا

شوێن پێی دەبیندرێ، هەندێکی تر دەڵێن دیویانە بەڵام بەردەست نەکەوتووە منیش تارمایی ئەو پیاوەم دیبوو بەڵام نایەتەوە بەر دیدی خەیاڵم!

لە هەموو ئەوانە بەرچاوتر ئەوە بوو کە لە لایێکی حەوشە بەرشەق فراوانەکەدا باغچەیەکی پەرژینکراوی پڕ لە گوڵ و نەمام و دەوەنی دەگمەنی جێ هێشتبوو کە جووتێ سپینداری بەژن زراف لەگەڵ ڕەشەبای کۆیەدا هەڕەشەیان لە ئاسمان دەکرد!

خانووێکی سەیر بوو، تاق و بنتاق و، دەلاقەی عەنتیکە و قولەتێن و، تەندوور و، موغەیری و جۆنی و، کەندوو و، ڕەفت و، ئەستێرک و، سەکۆی تێدا بوو، کەونینە و کۆنەساڵ بوو، دیار بوو پاشماوەی شارێک بوو کە دەمێکە ئەو شارە نەماوە!.

شەوانی زستانێ حیکایەتم بۆ دەکران، چەند خۆش بوون! سەربردەکانی مەحموودی غەزنەوی و، حەسەن مەمەند و، هەیاسی خاس. چەند جار بەخەیاڵ دەبووم بەهەیاس و ئەسپە ڕەشەکەیم تاو دەدا و دەکەوتمە فریای زۆرلێکراوان!. لەگەڵ خرمەی باران کە نەرم دەیدا بەسەربانە گڵێنەکەدا و لەگەڵ چۆڕاوگەی پلووسکێ بەباڵی سیمورغ و فریشتەکان دەچوومە جیهانی خەونی ئەفسوناوییەوە.

بەڵێ من لەو ماڵە لە دایک بووم کە دەڵێن لە ڕۆژی ١٠ی مانگی ٩یساڵی ١٩٤٧ نزیکی سەعات یانزەی بەیانی ڕێکەوتی ڕۆژی هەینی بووە.

من باوکم نەدیبوو، شەوێک لە شەوەکانی ساڵی ١٩٥١ کە دوایە ئەمەم زانی لە ناو قەتارێکی نێوان کەرکووک و بەغدایێ سەفەری بووم، تروسکە ئاگر و چرای زۆرم دێنەوە پێش چاو کە ئەوسا ئەو چیرۆکەیان دەخستمەوە یاد: کە چۆن (کابرایەک تروسکە ئاگرێکی دووری لە شەوێکدا دیوە هەر بۆی چووە و بۆی چووە کە لێی نزیک بۆتەوە بینیویە وا دایکە دێوێک دانیشتووە لەبەر نێڵە نێڵی ئاگرێکی زۆر گەورەدا کە مەشخەڵانی گەیشتۆتە تۆقەڵەی ئاسمان، مەمکی چەپی خستۆتە سەرشانی ڕاستی و مەمکی ڕاستەی خستۆتە سەرشانی چەپی... هتد). منی نامۆ و خوردەساڵیش کە قەتار دەیکیفان و لە وێستگەکانا بەفیکە سامناکەکەی شەوی دەتۆقاند توند توند خۆم بەسینگی دایکمەوە دەنووساند!

نازانم چۆن گەیشتووینەتە (کوت) هەر ئەوەندەم لە بیرە پیاوێکی بەلە باریک لە ژوورێکی گەورە و تەماویدا لە ناو حەشاماتێکی زۆردا لە باوەشی دەگرتم و میهرەبانی



لەگەڵ دەنواندم. دڕنەم لەو زنجیرە داگرتبوو کە لە قاچیدا بوو، گەلێک بۆی گریام، دوایە زانیم لەوێدا سەرەسیفۆن زۆر کەوتبوون کە جۆرە خواردنەوەیەکی وەک بیبسی کۆلا بوو، بەبزمارێک کونیان کردبوون و داوێکیان تێهەڵکێشابوون و خستیانە ملمەوە، ئەوجا فەرامۆشیم هات!

لەو سەفەرەدا خاڵە (خالید)مان لەگەڵدا بوو هونەرمەندێکی شێوەکاری بەتوانا بوو، کاتی خۆی هەندێ لە پۆرترێتەکانیم بەسەر دیواری چایخانەکانی کۆییێوە دیبوون، لاوێکی پێکەوتوو بوو هەر زوو بەدەردە دڵ سەری نایەوە.

لە کادین و کاولگە و یەختە خانەکانی ماڵی (جەمیل ئاغای حەوێزی)دا هەندێ ماڵە ئاوارەی ئەودیو کە زۆربەیان لە هۆزی (سوێسنی) بوون گیرسابوونەوە. مناڵی زیتەڵەیان لەگەڵدابوون لەباتی سواڵکردن لەبەر دەرگەی ماڵان دوو فلس یان ئانەیەکیان بۆ هەڵدەدان بەگۆرانی بەخاوەن ماڵیان هەڵدەگوت، بەڕاستی زۆر سەرسام دەبووم کە بەم دەمودەستە ئەو هەموو بەیت و قسە ڕێکوپێکەیان چۆن بۆ دەهات؟، بەڕاستی زمانەکەیان گەلێ خۆش و پاراو بوو!

گەلێ جاران میوانی عێلەسات و لادێ نشینمان دەهاتن کە زۆربەیان خۆشناو و (بلباس) بوون، ئەمانەش کاتی خۆی ئاشنای باپیرم بوون، لە ناو هەموو ئەو میوانانەدا بەلامەوە خۆشەویستر (مام ئۆمەر و مام سمایل) بوون کە خەڵکی گوندی (هەرتەل)ی خۆشناوەتی بوون. ئەمانە پایزێکی درەنگ بەدیار دەکەوتن بەباری وڵاغ، گوێز و سێو و هەرمێیان دەهێنا و لە ماڵی ئێمەدا ساغیان دەکردنەوە، زۆر بەلامانەوە سەیر بوو کە هەموو خەڵکی گەڕەک دەیانزانی ئەمانە هاتوون، کەچی هەموو ڕۆژێ چەند جارێک دەچوونە سەربانی بڵند و بەدەنگێکی بەرز وەک لە کەژێکەوە بانگی یەکێکی تر بکەن لە کەژێکی تر هاواریان دەکرد: (دەوەرنە گوێزان، دەوەرنە سێوان، دەوەرنە هەرمێیان)، ئەمانە زۆر سافیلکە و بێ فێڵ و قسە خۆش بوون، شەویلاک داقوپاو و نەختێک چەناگەیان بۆ سەرەوە هەڵگەڕابوونەوە، ئانیشکیان لە چۆغەڵەکانیان هاتبوونە دەرێ کە لەسەر مراد خانییەکی چڵکنی قۆپچەداردا لەبەریان کردبوون و خەنجەرێکی شینە تیخیشیان لەبەر پشتێندێ ڕاکردبوو، شەوان لە بێلایێ ئاگریان دەکردەوە و بەدیار ماڵەکەیانەوە دەخەوتن، پێش ئەوەی بنوون، دەچوومە تەنیشت و ڕۆخیانەوە و سۆراغی گورگ و ورچ و، بەراز و، کەمتیار و، کێویم لێ دەکردن، بەسەرهاتی سەیریان دەربارەی

ئەو گیانەوەرانە بۆ دەگێڕامەوە کە لای ئەوان زۆر بوون، باسی کەو و چیا و، بەفر و، لێڕیان بۆ دەکردم، تەواو ئاسۆی بیرم فراوانتر دەبوو، چەند حەزم دەکرد سمۆرە ئاسا بەداری ئەو گوێزانە هەڵگەڕابام کە بەدەستمەوە بوون و هەڵماتانێم پێ دەکردن!

لە بلّباسەکانیش (شەم و مام بابیز)ی هاوسەری هاموشۆیان دەکردین، ساڵی چەند جارێک کە پێویستیان بەبازاڕ دەبوو لایان دەدا ماڵی ئێمە، زیاتر (شەم) دەهات و زۆربەی جارانیش جامە ماستێکی بچووکی پاک و بەتامی لەگەڵ خۆیدا بۆ دەهێناین، لە ماڵەوەش بەدەستووری کوردەواری نمەک یان دانەوێڵەیان بۆ لە جامەکەی دەکردەوە. شەم – ئافرەتێکی ڕەشتاڵەی چرۆساوی میانە باڵا و چاوگەش و دفن قیت بوو، هێمن و شەرم بەخۆ و، نەفس بلّند بوو، سەرتاپای جل و پاتاڵی لە (خم) دەنا و پشدێنێکی قەبەشی دەبەست، سەر بەئاڵقە و کۆچک و زەند بەبازنی شووشە و، لینگ بەخڕخاڵی زیو بوو، ڕستێک مێخەکی لە هەوکێدا بوو هەندێ متوموورو و (ئەبوودوجانە) و نوشتووی شەمێ بەندی بەملی خۆیدا شۆڕ دەکردنەوە. بەزۆری پاڵی بەنیرگە ئەستوورەکەی ناوەڕاستی (ناوماڵێ) دەدا و بەدوو پەنجەی قاچێکی لەسەرخۆ لانکی کۆرپەکەی دەهەژاند و بەدەستەکانیشی گۆرەوی لوای دەچنی، هەندێ جاران کە تەنیا دەبوو لایلایەکەی جەرگ و دڵ تاوێن بوو!

(مام بابیز)ی مێردیشی تەژەیەکی ناقۆڵای قایش ڕەنگی وەک قالۆر، هەناوی بەپشتییەوە نووسا بوو و نەختێک بۆ پێشەوەی چەماندبوو، لووتێکی هەراش و، دوو چاوی هیلاک و، دوو قاچی بێ ڕەزا و، دوو دەستی درێژی چلّکنی خاراو، قامکەکانی وەک کەلو پاقلەی بەسەر چوو وابوون، سەر و کاژێر ڕاکشاو و ئێسک پان، غەشیم و حەپۆل، تا بلّێی دیمەنێکی گوناهی هەبوو!

تازە جادەڕێی (هەیبەت سوڵتان)یان دەکردەوە بەرەو بیتوێن و ڕانیە، دیار بوو باوکم لای هەندێ لە دۆستانی هەولێری بۆ دابوو لەو چیایە کردبوویانە عەمەلە، ماڵیان لە گوندی (کانی کەند)ی خوار هاوینەهەواری (چنارۆک)ێ بوو، دەبووایە لەگەڵ سپێدەدا لە خەو ڕابێ و، دێوانەئاسا بەو چیا و هەڵەتانەدا سەرکەوێ و یاڵەویاڵ بڕواتە سەر کارەکەی، ئێوارانیش هیلاک و هەڕکاو بەو دۆڵ و نوهالانەدا بەرەو ماڵێ شۆڕبێتەوە، ئەو هەموو ڕەنجە تەنها بەرامبەر کرێی یەک چارەگە دینار!، بۆیە دەمدیت وەک پیر و ئەولیا بۆ باوکمی دەڕوانی!



ساڵی جارێک یان دووان میوانێکی تری نائاساییم دەدیت کە شەو بەنهێنی خۆی دەکرد بەماڵدا، ئەمەیان خزمی نەنکم بوو کە لە میرەکانی خۆشناوی پشت گەری بوو، ناوی (سمایلەسۆر) بوو، ئەو کابرایە ئەشقیا و شەو بەکێو بوو، نەنکم بەشپرزەییەوە دەیگوت:

(نەکەی لای کەس بیدرکێنی کە میوانێکی لەم حاڵ و ڕەنگەمان هەیە). ئەو پیاوە ڕانکوچۆغەیەکی زەرتکی بێتواتەی لەبەردا بوو، تا چۆکان خۆی دەهاویشتە ناو گۆرەوی و بەلەکپێچەوە، سەر و جەمەدانەی ڕیشوەدار، تفەنگێکی بڕنۆی دارک زەردی لوولە ڕەشی وەک گەرووی ماری دەخستە سەر شلکەی ڕانی و بەدوو ڕەخت فیشەک کەمەری دەبەست و خەریتەیەکیشی لاو و نیو دەکردە شانی، خەنجەرێکی مشتوماهی دەستکاری (کۆیە)شی لە پشتێندێدا نقوم دەکرد. زۆر کەمدوو بوو، دوو چاوی تریسکەداری غەمگین، سمێڵێکی بابر، نێو نیگای وەک تیشکی لیزەر لە گۆشت و ئێسقان ڕوو دەچوو، من ئەو کاتانە زاتم دەکرد پێیدا هەڵبڕوانم کە زۆر بەهێمنی مژی لە دارجگەرەکەی دەدا و چاوەکانی لەگەڵ دەمێلکان!.

وەک دوایە زانیم لە ساڵی **١٩٥٣**دا بووە کە ژنێک لە هەولێرەوە هات و من و دایکمی لەگەڵ خۆیدا برد بۆ هەولێرێ، لە گەڕەکی (بەستەپیازە) لە ناو ماڵێکدا ژوورێکمان گرتبوو، ئێستاش دیمەنی ئەو مقاڵە پڕ لە پۆلووەم دێتەوە بەرچاو کتلی و قۆرییەکی لەسەر بوو، بەیانیان بۆنی چای دێمکراو تا ناخم ڕوو دەچوو، سەرم بەکۆشی دایکم دەکرد، گەلێ جاران دەمدیت فرمێسکی دادەباراند.

زۆر لە هەولێرێ نەماینەوە بەکەرکووکێدا چووینە سلێمانییێ، لە سلێمانی لە گەڕەکی جوولەکان لە حەسارێکدا یەک تاکە ژووریان بۆ گرتبووین، کە بنمیچەکەی دڵۆپێک ئاوی بارانی ڕانەدەگرت، دوایە هەر لەو گەڕەکەدا گوێزامانەوە بۆ خانوویێکی باشتر، لەوێ زۆربەی کاتم لە ماڵێ دەگوزەراند، لێ نەدەگەڕان زۆر تێکەڵی منداڵان ببم، جگە لەوەی دڵیان پێوەم بوو ترسی ئەوەشیان هەبوو نەوەک بەهۆی منەوە ماڵەکەمان ئاشکرا بێ.

لە بیرمە پوورە (زەکیە) خێزانی شەهیدی نەمر (مستەفا خۆشناو) هاموشۆی دەکردین، دوایە زانیم بۆ کاری حیزبایەتی بووە، زۆر منی خۆشدەویست، هەر جارێک سەری دابا ین لەگەڵ خۆیدا یارییێکی منالانەی لە باغە دروستکراوی لەگەڵ خۆیدا بۆ دەهێنام کە زۆر پێی خەنی دەبووم، هەرچەندە سەرە بەرمیلێکیشم هەبوو بەتەلێک لە حەوشەکە دەمهاژووت گیزەگیزێکی عەنتیکەی لێوە دەهات!

دوای ئەوەی لە ماڵەوە هەستیان کرد زۆر تەنیامە و کاتی چوونە قوتابخانەشم هاتووە، پوورە زەکیەم بردمییە ماڵی خۆیان، ئازادی کوڕی و پەری کچی ئاوزەی من بوون، بەڵام پرشنگ و شیرین هەراشتر بوون، پرشنگ دەردەدار بوو لە ناو نوێنێدا کەوتبوو، وا دەزانم ڕۆماتیزمای دڵی هەبوو، ئەو ماوەیەی لەگەڵ ئەواندا بووم، زۆر بەختەوەر بووم، بەڵام زۆری نەخایاند ماڵمان باری کرد بۆ کەرکوکێ، دوایە زانیم پرشنگ هەر بەدەردی گۆرین بۆ یەکجاری سەری ناوەتەوە، گەلێکی بۆ خەفەتبار بووم.

لە سلێمانی بەهۆی پێناسی منالێکی ترەوە ناردمیانە قوتابخانەی کچان، جگە لە من دوو کوڕی تریشی لێ بوون، ئازادی شەهید مستەفا خۆشناو و کوڕێکی تر ناوی شێرزاد بوو، موعەلیمەکەمان کە ئافرەتێک بوو ڕۆژێکیان لە وانەی بیرکاریدا کۆمەڵێک قردێلەی کچانی ئامادە کردبوو، هەر قوتابییەک وەڵامەکەی ڕاست بووایە قردێلەیەکی دەدا لە قژی. منیش یەکێک بووم لەوانەی وەڵامەکەم ڕاست بوو، بۆیە قردێلەیەکی لە یاخەم دا، بردمەوە ماڵەوە و بەدیواردا هەڵمواسیبوو!

نزیکەی دوو ساڵان لە سلێمانی ماینەوە، لە یادمە لە کاتی بێ ئیشیدا باوکم شیعری چەپڕەوانەی پێ لەبەر دەکردم کە لە ماناکانیان نەدەگەیشتم، بەڵام بەهۆی مۆسیقا خۆشەکانیانەوە زوو ئەزبەرم دەکردن.

ئەو ماوەیە لە سلێمانییێ ناوم ڕەزا عەلی بوو!

لە کەرکوکێ لە گەڕەکی موسەڵڵا خانوویێکیان بۆ گرتبووین ژێرزەمینی هەبوو، لەوێ کەرستەی چاپکردنی ئەدەبیاتی حزبی شیوعی لێ بوو، بەردەوام بەدەنگی بەرز ڕادیۆمان لە دالانەکەدا دەکردەوە تا دەروجیران هەست بەچکەچکی چاپ و ڕۆنیۆکاری نەکەن، گەلێ جاران کاغەزە چاپکراوەکانیان پێ سەفتە دەکردم، هەمیشە جۆرە نیگەرانییەکم لە روخساری دایک و باوکمدا بەدی دەکرد، هەردەم ترسی ئاشکرابوون و کەوتنە دەست پۆلیسمان هەبوو، ئەو نائارامییەی ئەوان کاریگەرییەکی خراپی بەسەر باری دەروونی منەوە هەبوو! لەو ماوەیەی لە کەرکوکێ بووین چەند جاران ماڵمان گوێزایەوە و جێگۆڕکێمان کرد.

(مصلح جەلالی) کە ناوی حەرەکی کاک (ئەڵماس) بوو، زوو زوو بەپایسکلەکەیەوە دەهاتە چاپخانەکە، ئەو کاتە کوڕێکی راژیلە و قیچ بوو، دشداشەیەکی شەکەری لەبەر



دەکرد و چاکەتێکی بەسەردا دەهێنا و سۆڵێکی پیاوانەشی بەسەر پێوە دەکرد، هەردەم وشت و بەئاگا بوو، ڕۆژێکیان لەگەڵ چەند کەسێکی تردا بەپەلە هاتن و ئامێرەکانی چاپیان پێچایەوە و ئێمەشیان بردە شوێنێکی تر.

جگە لەو (دیلان)ی شاعیریش هاموشۆی چاپخانەکەی دەکرد پێیان دەگوت (نەسروڵڵا) من هەر بەناوی گەڕەکەکەمانەوە بانگم دەکرد کاک موسەڵڵا!

بەلای منالانی گەڕەکی موسەڵلاوە نامۆ بووم، چونکە تێکەڵاویم نەدەکردن، بۆیە هەر جارێک کە لە ماڵەوە دەیانناردم بۆ کارێکی بچووک یان شت کڕینێک، منداڵانی گەڕەک ڕێگایان پێ دەگرتم و لێیان دەدام، بۆیە لێیان دەترسام و دەنگیشم نەدەکرد، وا دیار بوو باوکم بەو کارە حەسا بوو، ڕۆژێکیان لە کاتی گەڕانەوەمدا لە دووکانەکانی نزیکی ماڵەوە چەند منداڵێک ڕێگەیان پێ گرتم، لەناکاو گوێم لە دەنگی باوکم بوو کە لە سەربانەوە هێمای بۆ کردم و گوتی: (لێیانده)، کە باوکم بەو جۆرە بینی نازانم چۆن گورم هاتەوە بەر و کەوتمە وێزەیان، پەرتەیان لێ کرد و ئەوجا دواتر کە تووشیان دەبووم ئەوان خۆیان دەکوتایەوە ماڵەکانیانەوە و بەدوو چاوی زیتی سمۆرە ئاسا لە تیکی دەرگاوە زەق زەق تەماشایان دەکردم. لێرەدا دەردەکەوێ کە پشتیوانی لێکردنی مەعنەوی چەند گرنگ و پێویستە!

لەو ڕۆژگارانەدا لەباتی تەکسی، عارەبانە لە کەرکوکێ بەکار دەهات کە دوو بەرزە ڕایاندەکێشا، زۆر جوان و دلڕفێن بوون، یەک دوو جاران لەگەڵ دایکم سواری ئەو عارەبانانە ببووم، ناڵی وڵاغەکان کە دەیاندا بەسەر ئەسفلتی شەقامەکاندا ئێستاش نەزمی ئەو ڕێتمانە لە گوێمدا دەزرینگێنەوە!

جارێکیان ناردمیان بۆ ترشیات کڕین لە جادەکەی نزیک ماڵەوە، عارەبانەیەک بەبەردەممدا ڕەت بوو، هەرچەندە منالێکی چەتوونیش نەبووم بەڵام نازانم چۆن لە خۆشیاندا یەکسەر خۆم کرد بەدواوەی عارەبانەکەوە، هەر ئەوەندەم زانی عەرەبانچییەکە قامچییێکی بۆ دواوە وەرچەرخاند و لە ناوشانی سرەواندم، شریخەی ئازارێکی گورچکبڕ چاوی تاریک کردم و کەوتمە خوارەوە و لە تاسەوە چووم!.

جارێکی تر هەر لە کەرکوکێ ڕۆژانەکەم دا بەڕەشۆڵەیەک لە ترسی دەنووک وەشاندنی هەردوو قاچەکانیم توند گرتبوون، ئەویش دیار بوو زاق و زریقی بوو، زۆر بەدڵخۆشی و

بەپەلە بەرەو ماڵ دەهاتمەوە لەنکاو ساتمەیەکم کرد و لەپەو ڕوو بەزەویدا کەوتم و ڕەشۆڵەکەش سەرفیراز بوو.

ئاخیری پۆلیس پەی بەماڵەکەمان برد و باوکم قوتاری بوو، ئێمەش گەڕاینەوە کۆیێ، ئەوجا لە نۆژەن چوومەوە بەر خوێندن، دوای تاقیکردنەوەیەک کە مامۆستا کەریم شارەزا و خوالێخۆشبووان مامۆستا جەلال حەوێزی و مامۆستا تایەر ئەحمەد حەوێزی ئەنجامیان دا، لە قوتابخانەی یەکەمی سەرەتایی کوڕانی کۆیێ لە پۆلی دووەم وەرگیرام.

لە کۆیێ ماڵمان لە گەڕەکی (هەواوان) بوو خەڵکێکی زۆر هاوموشۆیان دەکردین، منیش بێ پەروا تێکەڵاوی منداڵان دەبووم و یاریمان دەکرد، چاوشارکێ و، قەڵاقەڵایانێ و، بەردە گەرموکێ و ئاغە ناردی لۆ مەڕەکی، یاری شەوانە بوون، تۆپانێ و تۆپی جوغزێ و، بەگوێی مامۆستای و فڕی فڕیانێ و، نان نانانێ و، تەڵە و ڕێویانێ و، کێل و بەردانێ و، ساپ ساپانێ و، ڕگانێ و، جگانێ و، پەلیکانێ و، کەلایانێ و، مەزراحانێ و زۆر یاری تریشمان بەڕۆژ دەکردن.

کەلای جوانم لە بەردی ڕەنگاوڕەنگ و خاڵدار دەتراشی و چۆلەکەشم باش دەئەنگاوتن.

جارێکیان لەگەڵ (بەفرین)ی پوورزامدا لە ماڵی خۆمان یاریمان دەکرد، لەسەر سەکۆیێکی بەرزەوە بەسەر دەستی ڕاستمدا کەوتم و جومگەی دەستم زۆر خراپ شکا و وەستای شکستی نەکارا بیباتەوە جێی خۆی.

دوای ئەوەی باوکم دەستگیر کرا و ماوەی بەندییەکەی تەواو کرد گەڕایەوە کۆیێ، بێ ئیش و کار بوو داهاتی موڵکەکانمان ئەوسا بەڕێوەی نەدەبردین، ناچار خۆمان لە ساڵانی **١٩٥٧** و **١٩٥٨**دا چووینە سەر یەکێک لە باغەکانمان، ئەو باغەوانییەش ئاسۆیەکی تری لە بەردەمدا کردمەوە، گوێم پڕ بوو لە هاژەهاژی ڕووبار و چریکەی مەلان و چپەی گەڵا و قامیشەڵان، خەوی سەر کەپر و شنەشنی بای چەم و دەنگی گۆرانی دووری حەسرەت ئامێز و، لوورەی چەقەڵ و سرتەی گیانلەبەران، شەقەی ناڵی وڵاغی قەتارچی و قاچاغچییان کە دەیاندا لە کۆسپە بەردی ڕێگاوبان، هەموو ئەم وێنانە لە کونجێکی نادیاری هۆشمدا نیشتن و ئێستاش وەک کەرەستەیەکی خاو بێ زۆرلێکردن دەچنە چینی دیواری شیعرەکانمەوە.

دوای شۆڕشی چواردەی تەمووز لە کۆیێ (کتێبخانەی جەمهوری)مان هەبوو، (بەشیر



گۆرگیز) کە لە کەرکووکێ شەهیدیان کرد، ڕۆژنامەکانی دەفرۆشتن، بەڵام گەر ئەو لە سەفەر بووایە بەتایبەتی لە سەرەتای ساڵانی شەستدا من لە شەقام و بازاڕی کۆییێدا ڕۆژنامەی – ئازادیم دەفرۆشت.

لە یادمە دوای یەکێک لە کۆنفراسەکانی مامۆستایانی کورد لە شەقڵاوەدا شیعرە بەرزەکەی (بەرەو کۆنفراس)ی گۆران لە یەکێ لە ژمارەکانی (ئازادی)دا بڵاو کرابۆوە جێگای مشتومڕی ئەوسای ئەدیبان بوو.

وردە وردە چێژی ئەدەبیم پەرەی دەسەند، هاموشۆی کتێبخانەی گشتی کۆیەم دەکرد، زۆربەی ئەو کتێبە کوردییانەی کە لەوێدا هەبوون داوام دەکردن و دەمخوێندنەوە، بەتایبەتی دیوانی شاعیران نالی و مستەفا بەگی کوردی چاپی (کوردی و مەریوانی) دوو بەرگ مەولەوییەکەی پیرەمێرد، دیوانی حاجی قادری کۆیی هەرچەندە زۆر وشە و دەستەواژەی ناو ئەو شیعرانەم لێ نومایان نەبوون.

زۆر بەشەوقەوە گۆواری (هەتاو) و (ڕۆژی نوێ) و (شەفەق) و (روناهی) و (هیوا)م دەخوێندنەوە لە یادم ناچێتەوە کە لە یەکێک لە ژمارەکانی (هیوا)دا کۆمەڵێک شیعری نەورۆزی بەبۆنەی ساڵوەگەڕی نەورۆزەوە بڵاو کرابوونەوە، شیعرە زۆر ناسک و نەورۆزییەکەی (وەفایی) بەرۆح گریاندمی. لە ماڵی خۆشماندا باوکم و مامم هەریەکە و دۆڵابێکی پڕ کتێبی وێژەییان هەبوو کە زۆربەی ئەو کتێبانە کوردی بوون، تێکڕای ژمارەکانی (گەلاوێژ)م خوێندنەوە، جگە لە گۆڤارە کوردییەکانی تر. هەر لە ناو کتێبەکانی ماڵەوەدا (فرمێسک و هونەر) و (بۆ بەهەشت و یادگار)ی – گۆران –م دۆزینەوە خورپە و ڕاچەنینیان خستە دڵمەوە. باوکم دەفتەرێکی لە شیعری وەرگێڕدراوی بیانی لە عارەبییەوە پڕ کردبۆوە. کە شیعری هۆگۆ و، رامبۆ و، شیلی و، جەبران خەلیل جەبران و، بایرۆن و، لامارتین و، گەلێ شاعیری گەورەی جیهانی تری تێدابوون، لە ناو هەموو ئەو شیعرە وەرگێڕدراوانەدا (پایز) و، (دەریاچە)ی شاعیری گەورەی فەڕەنگ – لامارتین – هەژاندمیان، یەکەم جار بوو هەست بکەم کەوا مامڵەت لەگەڵ شتی زۆر ناسکی وەک بلووردا دەکەم و جیهانێک دەبینم زۆر لە واقیع جوانترە!.

شۆڕشی ئەیلولی ١٩٦١ بەبەرچاومەوە داگیرسا. شۆڕشگێڕانی دیوی بیتوێن و کۆیێ لەسەر کانی و ئاوەکەی (هەیبەت سوڵتان)ێ کۆببوونەوە، خەڵکی کۆیێ هاموشۆیان

دەکردن و لە هەموو جۆرە پێداویستییەک باروبوویان دەکردن، شەوان بەرامبەری شار و میری ئاگری گەورە گەورەیان دادەگیرساند و یاغی بوونیان ڕادەگەیاند.

بەردەوام دوو فڕۆکەی جۆری (فیوری) نزم بەئاسمانی سەر شاری کۆیێدا دەسووڕانەوە و خۆیان دەخستە سەر تەنیشت، ئێمەش بەپەرۆشەوە سەیرمان دەکردن و ترسمان لێیان نەبوو، چێشتەنگاوی ڕۆژی (١١)ی ئەیلولی ١٩٦١ دەنگی ڕیزێک تەقینەوەی گەورە شاری هەژاند و لە سەربانی ماڵی ئێمەوە ئاشکرا دیار بوو لە دووری کەمتر لە سێ سەد مەتر دیتم دووکەڵ لە نزیک پردەکەی لای (حەمامی دارکەران) هەڵدەستا، هەر زوو خەبەر گەیشت کە فڕۆکەکان تەقەیان لە چەند عەمەلەیەک کردووە کە لە گەلابەیەکدا سوار ببوون و بەپێشمەرگەیان تێگەیشتبوون، یەکێک لەو کرێکارانە بەناوی (عومەر) شەهید بوو و هەندێکی تریشیان لێ کەل و پارچەبوون.

ئەم جووڵانەوە تازەیە بۆ منێکی مناڵکار وەرچەرخانێکی گەورە بوو، تازە هەستم دەکرد کە لە نەتەوەیەکی بەشخوراوم و شۆڕشگێڕان داوای ئەو مافانە دەکەن، بۆیە بەدڵ پێشمەرگەم خۆشدەویستن و بەدیتنیان شاگەشکە دەبووم، خوێنگەرمانە داکۆکیم لە شۆڕش دەکرد و ئەو هەڵوێستەم بەڕاشکاوی ڕادەگەیاند، بۆیە خۆم لە بەردەم دووڕیانێکدا دۆزییەوە، لە لایەک کوڕی پیاوێکی کۆمۆنیستی ناسراو بووم ئەو سەردەمەش کۆمۆنیستەکان جووڵانەوەی کوردیان بەجووڵانەوەیەکی دەرەبەگایەتی دژ بەچارەسەرکردنی یاسای کشتوکاڵ لە قەڵەم دەدا، بۆیە قوتابی و لاوەکانیان خێسەیان لێ دەکردم.

زۆر لە قوتابیانی پارتیش کە لە دەرەوەی قوتابخانەشدا دۆست و ئاوەڵم بوون هەردەم حسابی کۆمۆنیستیان بۆ دەکردم و کە دەگەیشتمە سنوورێکی دیاریکراو دیوارێکی وەهمی لە نێوانماندا هەڵدەچندرا، وەک نەوت و ئاو هەرگیز تەواو تێکەڵ نەدەبووین!، بۆیە لەو ناوەدا نامۆ بووم، ئێستاشی لەگەڵدا بێ لەگەڵ ئەو نامۆییەدا ڕاهاتووم و پەشێمانیش نیم.

لە نەورۆزی ساڵی ١٩٦٣دا بوو پارتی دیموکراتی کوردستان کۆنگرەیەکی فراوانی خۆی هێنایە کۆیێ، نوینەرانی لە هەموو گۆشەیەکی کوردستانەوە هاتبوون و بەدەیان لە سەرکردە بەناوبانگەکانی ئەوسای پێشمەرگە و سەرۆک هۆزەکان هاتبونە کۆیێ و شار خرۆشابوو، ئێواران بەشاڵ و شەپک و بوزووی مەرەزەوە، بەشان و برنۆ و ڕەخت و فیشەکەوە،



بەپوزەوانە و سەر و جامانەی قیتەوە پۆل پۆل بەشەقام و بازاڕدا دەگەڕان و پیاسەیان دەکرد، دڵمان زۆر پێیان خۆش بوو و بۆنی ئازادیمان لێ دەکردن.

پێم وابێ ڕۆژی ١٩ی ئادارێ بوو بەیانی زوو دەنگ بڵاو بۆوە کە سەرۆک بارزانی نەمر لە دەشتی بیتوێنێ ڕا دێتە کۆیێ، ئەوسا بارەگاکەی لە ناوچەی (کانی ماران)ێ بوو، خەڵکی کۆیێ بەتایبەتی لاوان و قوتابیان لە هەردوو بەری شەقامە سەرەکییەکەی کۆیەدا لە پێشوازی سەرۆک ڕاوەستابوین، لە نکاو جموجۆڵ پەیدابوو و لە شوێنی خۆمانەوە چاوەچاو بووین و ملی خۆمان هەڵدەکێشا، ڕیزێک جێبم بینی قەتاریان بەستبوو و خەڵکەکە کەوتنە چەپڵە ڕێزان، دیم پیاوێکی بەهەیبەت و قەدرگران بەجل و بەرگی کوردی و پشتی بەستراو و فیشەک لغەوە، بەڕوێکی ئارام و پڕ لە نەزاکەتەوە دەستی بۆ خەڵکەکە بەرز کردبۆوە و لە پێشەوەی جێبێکی لاندرۆڤەری میانەدا سوار ببوو، لە ماڵی کەسایەتی ناوداری کۆیێ بەڕێز (کاکە زیاد ئاغای غەفوری) دابەزی دەیانگوت ئەو ماوەیەی بارزانی لە کۆیێ بوو بەڕۆژ دەچۆ چیای باواجی و شەوان دەهاتەوە شار. من لە ژیانمدا تەنها ئەو جارەیان سەرۆک بارزانیم لە دووری چەند شەقاوێک و بۆ ماوەی چاوتروکانێک بینی.

کۆنگرەکە لە قوتابخانەی سەرەتایی (أولی) بەسترا، لە کاتی پشوودان دابوو دوای نیوەڕۆیەک لەسەر گردی (گۆمی گامێشان) کە لەبەردەمی قوتابخانەی (أولی) دایە کوڕوکاڵی کۆیێ دەوری شۆڕشگێڕی بەناودەنگ بەڕێز مام جەلال تاڵەبانییان دابوو، گەنجەکان بەدەیان پرسیاری ئاڵۆز و پاڵۆزیان لێ دەکرد، وەک دەڵێن پێمەڕەیان بڵاو بوو، ئەویش بە ڕوێکی خۆشەوە بەوەرامی هەموویان ڕادەگەیشت.

هەر لە ساڵی ١٩٦٣ دوای کودەتا شوومەکەی هەشتی شوبات گۆڕانێکی سیاسی نالەبار بەسەر وڵاتدا هات کە زۆر حساباتی لەگەڵ خۆیدا گۆڕی، لەگەڵ کابرایەکدا کە ناوی (ئەحمەد حەسەن) بوو پەیوەندیدار بوو بەپێشمەرگەوە، ڕۆژێکیان چیای - باواجی -مان بڕی و بەدیوی (دۆڵی سماقولێ)دا شۆڕبووینەوە، لە چیای (ئاوەگرد) لای باوکم بووم لەوێشەوە چووین بۆ (کانی گوێز) لە کێوی سەفین کە حەمەداغای مێرگەسۆری فەرماندەی هێزی سەفین بوو بنکەی لەوێ بوو، حەمەد ئاغای مێرگەسۆری فەرماندەی هێزی سەفین بۆ بنکەی لەوێ بو، دوای ماوەیەک بارەگاکەی گواستەوە بۆ کانی -شیلان - ێ کە دەکەوێتە ڕۆژهەڵات و بەلای -هیران-ێ دایە. کانی گوێز سەرچاوە ئاوێکی زۆر

سارده، دەست بخرێتە ناویەوە لە ماوەی چەند چرکەساتێکدا ژانی تێدەچێ، بۆڵە ترێ لە ناویدا دەنکەکانی دەترەکن، لەژێر سێبەری زەمەند و دار گوێز و سپیندارانداییە، هەر چوار دەوری ڕەزی ترێیە و دەکەویتە سینگی چیای سەفین و بەسەر ناوچەی –ئاقوبان–ێدا دەڕوانێ.

کە ئێمە چوینە کانی گوێزێ شەهید – فرنسۆ هەریری –ش لەوێ بوو، (هەریری) پێشتر کۆمونست بوو بەڵام کە چوو بووە شاخ یەکسەر دابویە پاڵ پارتی و لە کانی گوێزێ لە لای حەمەداغا بوو.

کاک (فرەنسۆ) ئەوکاتە زۆر مەلول و بێ دەنگ و تەریک بوو، بەردەوام دادەما و لەگەڵ کەس تێکەڵاوی نەبوو، وابزانم دوایێ پەیوەندی بەبارەگای سەرۆکایەتی شۆڕشەوە کرد.

لەو بنکەیەدا منیان لە (کۆگا) دانا بۆ لای مامۆستا (حمدامین) کە لێپرسراوی ئیداری بنکەکە بوو خەڵکی بادینان بوو و لە جێی خۆیدا پیشەی (مدرس) بوو، پیاوێکی مەند و زۆر بەحورمەت بوو، قەدری لە لای حەمەداغاش هەبوو، یەک دوو جاران بینیم حەمەداغا لە قاپێکی بچوکدا (قەڵیی) بۆ دەنارد، یەکێکی تریشمان لەگەڵدا بوو ناوی (لویس) بوو ئەویش چاوکزێکی ڕۆشنبیر و هێدی بوو، شەوان لە نزیک ئێمەوە هەر لە کۆگادا تۆفیق حەریری و نەجمەدین مامۆ دەخەوتن، تا بەیانی پێشکە و تەپۆ دەیانمژتین و چ دەسەڵاتیشمان نەبوو، لەسەر پەشمە و کلیمەوە چزویان ڕەپێش دەکردن.

(حەمەدمین) ناوێکی لای (باتاس)یش جاروبار پەیدا دەبوو قسەکانی لە هی ئەفسانە و ناو حەکایەتان دەچوون، بەڵام ئەو دەیگوت بەسەر خۆم هاتوون، خۆش بوو بەڵام دەمزانی فشەیە.

کۆگا هەندێ زەخیرە و توتن و چەند فەردە قەسپێکی کورد کوژ و هەندێ تفەنگی کۆنە و سەقەتی یەک تیر و، سێ تیر و، ماهوزەڕ و، جانبێزاری لێ بوون، هەر پێشمەرگەیەک توتنی نەمابا دەهات و چنگێک توتنم بۆ لە جۆرکەکەی دەکرد، یان ئەگەر ڕیشی زۆر هاتبا لەتە موسێکم پێ دەدا، بەڵام گەر داوای قەسپی کردبا دەمگوت: جارێ دابەش نەکراوە، گەر بیگوتبا کەی دابەش دەکرێ؟ دەبوایە بڵێم کاکە (حزب دەزانێ).

بۆخۆشم کونێکی بچوکم لە ژێرەوەی فەردە قەسپێک کردبوو کە برسییەتی تینی بۆ دەهێنام و دەوروبەرم چۆڵ دەبوو دوو پەنجەم ڕەپێش دەکردن و ئیتر خواردنە بەهەشتییەکە



دەهاتە ناو لەپی دەستمەوە چ نەشم دەهێشت (حزب بزانێ) چونکە ناوکەکانیانم دوور فڕێ دەدان، ئێستا داوای لێبوردن دەکەم هەرچەندە درەنگیشە.

فێر ببوم دەستم لە تفەنگەکان وەردەدا و کارێکی وام دەکرد فیشەکیان نەچێتە بەر و سوار نەبن ئەوجا دەستم بە پەلاپیتکەکانەوە دەنا و بەردەوام ڕۆژێ هەر چرکە چرکم بوو. جارێکیان (لویس) کە بەنوێژی نیوەڕۆیێ بەعەینەکی زەڕەبینیش نەی دەبینی و شەشی لێ دەبوو بەبێش، لولەی تفەنگە سێ تیرێک کەوتبوو بەرامبەرییەوە منیش یاریم پێ دەکرد و دەم جەڕباند، لە نکاو (لویس) لە شوێنی خۆیەوە ڕاپەڕی و بەتوندی لولەی تفەنگەکەی بەلاوەنا، کە پشکنیم دەرکەوت ئەو ڕاست دەکا و تفەنگەکە فیشەکی دزی بوو، گەروای نەکردبا بێگومان (لویس)م دەئەنگاوت و دەکەوتمە ژێر بارێکی زۆر گرانی ئازاری ویژدانەوە.

شەوێکیان (وەستا محەمەدی چەخماخساز) کە قەرتە مێرێکی زبر و بەدەست و قام بوو دوایی بو بەپارتی و دواتریش شەهید بوو، لەگەڵ ملازم یوسف و پۆلە پێشمەرگەیەکدا لە میراوەی نزیک شەقڵاوەدا بەسەر (سۆفی)یانیان دادا و پتر لە (٥٠٠) سەر پەز و پێنج وڵاغی بەرزە و دوو شوانیان لەگەڵ خۆیاندا هێنا بوون، شوانەکانیان بەردان و بەشی حەمەداغاش لەو پەزانە دران، ئەوجا هەر ناوە ناوە دوو سەری قەڵەو لە عەردی دەدران و بەتەنەکان ماست دەکرا و ئیتر بێ باراشیمان پێوە دیار نەما.

ماوەیەک بوو دوژمن لە سەربازگەی سەرمەیدانی شەقڵاوەوە بەجۆرە تۆپێکی دوورهاوێژ کە پێشمەرگە پێیان دەگوت (خمسە خمسە) تۆپ بارانی ناوچەکەی دەکرد، ئەو گوللە تۆپانە کە بەئاسمانەوە ڕێیان دەکرد لوورە لوورێکیان لێوە دەهات. خەبەرێک هەبوو کە سوپا بۆ دۆڵی هیرانێ پێشڕەوی دەکا. پێشمەرگەکان لە کانی گوێزەوە دابەزینە – ئاقوبان –ێ و لەسەر کوێرەکانییەکی قەراغ جادەدا خستبویان. شەوێکیان لەسەر شەقامەڕێی شەقڵاوە – هیران لە شوێنێکی نەوراییدا بۆ خۆ پاراستن لە تۆپ بارانی دوژمن، پێشمەرگەکان هەر چەند کەسێک بەیەکەوە لە پەوروو خۆیان بە زەوی دادابوو، بەکزی ڕادیۆیان لێ دەدا و بەجۆرێک جگەرەیان دەکێشا کە ئاگرەکانیان دەر نەکەون، لەنکاو ڕیزێک ڕەشاش تەقی و دواتر هەریەکە و لە شوێنی خۆیەوە تەقەی دەکرد بەبێ ئەوەی بزانێ مەسەلە چییە. دوای ئەوەی ڕەوشەکە هێور بۆوە دەرکەوت چەند پێشمەرگەیەک لە ڕادیۆی بەغداوە بەیانی ژمارە (یەک)ی هەوڵی کۆدیتا سەرنەکەوتووەکەی سەربازگەی

(ڕەشید)یان گوێ لێ ببو بەسەرکردایەتی (عەریف حەسەن سەریع). بێ ئەوەی وێ بکەون کە لە ڕادیۆی بەغداوە هەواڵی محاکەمە کردنی ڕووکەشانەی - حەسەن سەریع- و هاوەڵەکانی ڕادەگەیەندرێ و بۆ تۆمەتبارکردنیان بەیانی ژمارە یەکیان ڕووبەڕوو دەکەنەوە، وایانزانی ئیتر تەواو ئینقیلابە و وا بەیانی ژمارە یەک دەخوێندرێتەوە یەکسەر دەستیان بەپەلاپیتکەی ڕەشاشەوە نابوو. ئەم جولانەوەیە لە سێی تەمموزی ساڵی **١٩٦٣**دا ڕووی دا و ئەوەی ئێمە گوێمان لێ بوو دوو حەوتوو دوای ڕوودانی هەوڵی کۆدیتاکە بوو، هەر لە (٢٠)ی تەمووزێ هەواڵی گرتن و ئیعدام کردنی بەڕێز - جەماڵ حەیدەری -ش ڕاگەیەندرا کە وابزانم ئەو لە پشت جولانەوەکەی سەربازگەی (ڕەشید)دا بوو. کە زاندرا مەسەلەکە چییە هەموومان وەک ئاوی ساردمان پێداکرابێ لە شوێنی خۆمانەوە دامرکاینەوە.

- سەفین - چیایەکی تەڕ و بژوێن و جەنگەڵستانە، جگە لە کانی گوێز و کانی شیلانە، کانی و سەرچاوەیەکی تری بەناوبانگی لێیە پێی دەڵێن کانی - جیزن -ێ کە دەکەوێتە ڕۆژئاوای کانی گوێز و بەلای شەقلاوەدایە، ئەمە جگە لە کانی و چاوگەکانی دیوی - خۆران، لە هەردوو دیوی سەفیندا بەبەرزییەوە ڕەزی تریی زۆر چاک هەنە بەتایبەتی جۆری (ڕەشمیری)ی کە تا پاییزیان پێ ناگەن و موڵکی دێ نیشینەکانی بناری سەفینن، لە سەری سەفینیش چاڵە بەفری زۆر هەنە - کەپکی کایەسان - بڵندترین تروپکی ئەو شاخەیە کە پتر لە (١٤٠٠م) هەزار و چوار سەد مەتر لە ڕووی دەریاوە بڵندە، لە پشتی ئەو لوتکەیەدا تەختاییەکی ڕووتەن هەیە پێی دەڵێن (گۆڕی خانزاد)ێ و هەر چوار دەوری لێڕەوارە، لەو چیایە تەنها لەو شوێنەدا دەوەنێک دەڕوێ پێی دەڵێن - کنێر - گاڵۆک و دار جگەرەی نایابی لێ دروست دەکرێن، بەردەوام دارکەکەی بۆنێکی خۆشی وەک گوڵە کنێری لێ دێ. لەسەر کەپکی کایەسانی (دڵە زۆر تەڕەکەی سەفین)ەوە (شەقڵاوەی خانزادنشین) لە دامەنێ و لە سای درەختا (گۆران) گوتەنی: (ئارامی بوکە لە کۆش بەختا). لە دوا دوای هاویندا جارێکی تر گەڕاینەوە بۆ چیای (ئاوەگرد).

ئاوەگرد کلکەی چیای (سەفین)ە لە لای ڕۆژهەڵاتییەوە لە ناوچەی کۆیێ نزیکە و دەرماناوە بەناوبانگەکانی (جەلی) لەبەر پێیدا هەڵدەکوڵن.

شاخێکی بەلێڕەوارە، (دارەبەن و، بەڕوو و، مازوو و، کەوەت و، کرۆسک و، تەوسکە و، گۆیژ و، بەلاڵوک و، شەواشینک)ی زۆرە. کاریزێکی سازگاری لێیە و ئاسەواری قەڵا



و سەنگەری کۆنی لێ دەبیندرێ کە بەوشکە کەڵەک هەڵندراون تا ئەوساش لە حاڵێکی باشدابوون، ئەو لووتکەیەی بەسەر گوندی (سناوە)دا دەڕوانێ شوێنەواری چەند بیرێکی لە بەرد داتاشراوی لێیە، لەوە دەچێ لە سەردەمێکی کۆندا شەڕ و بەرخۆدانێکی زۆر لەو شاخەدا کرابێ.

ئاوەگرد بنکەی شیوعییەکانی لێ بوو، خەڵکانێکی سیاسەتزانی کورد و عارەبم لەوێ دیتن کەسانی ڕۆشنبیر و پیاوی (شەوێ)یان لەگەڵدابوون، لە کاتی دەستبەتاڵیدا بەتایبەتی ئێواران یاری دامە، یان شاترنجانێیان دەکرد، شەوانە کۆڕی گۆرانی و قسەی خۆش دەگیرا، (شێخ تەیب تاڵەبانی) یادی بەخێر جگە لە قۆشمەییەکەی مەقامی (ئەڵڵاوەیسی) وەستایانە دەگوت، لەگەڵ بەڕێز (سابیری عەزیزاغای دزەیی)دا گێچەڵیان بەیەکتری دەکرد و مەزاقیان خۆش بوو، کەمال جەباری و مەجیدی سمایلەخڕەی کۆییش گۆیندەی چاک بوون. (عەریف نوری) ناوێکی لێ بوو پەتوێکی لە خۆی دەئاڵاند و بەشێوەی ڕۆژئاوایی گۆرانی دەگوت و سەمای دەکرد، یەکەم جار وام زانی فەرەنساوییەکی باش دەزانێ دوایی کە هەستم ڕاگرت دەرکەوت هەمووی قسەی حەلەق و بەلەقە و خۆی ڕێکیان دەخات!.

کوڕێکی بەشان و شەوکەتی سپیلکەلانەی مووسڵی ناوی (طارق) بوو پێم وابێ خودان بڕوانامەش بوو، ئەمە هەر زوو زوو خۆی شل دەکرد و دەنگێکی لێوە دەهات، قەت هیچی نەدەگێڕایەوە و هەر خۆشی لە گوورە نەدەبرد، هەندێ جار هەر بەڕێوە دەڕۆیشت و لێی هەڵدەوەرا بێ ئەوەی ختورەی پێدا بێ چونکە من پێشتر شتی وام نەدیبوو لە سەرەتادا دەپسام لەبەر پێکەنینان، دوایی کە ڕاهاتم نەک هەر پێکەنینم پێی نەدەهات بەڵکو مەراقیشم لێ دەخوارد.

(محەمەد نەبی) پیاوێکی زۆر کەتە و قەڵەوی ناوچەی کەرکووکێ بوو، چێشتی بۆ هەمووان لێدەنا، بەو گەد و گیپاڵە زلەوە چرخەچییەکی بەدەستەوە بوو هەر زوو زوو سەری قازانەکەی هەڵدەدایەوە و وەک خوێ چەشتن نەختێکی لرف دەکرد کە بەزۆری شۆربای تەماتە بوو، بەو هاوینە ئەو هەڵمە گەرمە کە دەیدا لە سەر و چاوی لپر و بەرغەبابە و ئەسکوردی قەوی ئەوەندەی تر ئارەقەی ڕەش و شینی دەردەدا، هەر ناوەناوەش دەستێکی بەتەختەی ناوچەوانیدا دەهێنا و بەلۆزەو ئەو ئارەقەیە دەچۆڕایەوە ناو مەنجەڵەکەوە!، بەو نەبوونی و قاتوقڕییە کەس گوێی بەو وردە شتانە نەدەدا، زۆر بەهیر بوو ئەوەی

کەوچکێکی زیاتری بەرکەوتبایە!.

دواتر چەند سەر بزنێکیان لە بنکەی (کانی گوێز)ەوە بۆ هات کە لە (میراوە)ی نزیک شەقڵاوەدا بەشەڕە تفەنگ (لە سۆفی)یەکانیان ساندبوون، ماست و شیریشمان بۆ پەیدابوون. هەندێ لەوانەی ئەوێ فێر ببوون بەدزییەوە بەتایبەتی لە شەواندا خۆیان درێژ دەکرد و دەمیان دەنا بەگوانی بزنەکانەوە و دەیانمژتن، برادەرێکی شارنشینیش پارێزی بۆ بردبوون بەئومێدی چۆڕەشیرێک، بۆ بەدبەختی نێرێکی بەردەست کەوتبوو، دوای هەوڵێکی زۆری بێ هوودە لێشی ئاشکرا بوو!. جارێکیان هەر ئەو برادەرە شارنشینە تازە فێرە شەرواڵ لە پێ کردن دەبوو بەنەخوێنەکەی بەزی بوو، دیاربوو دووش داما بوو هەر زوو زوو دەیگوت وەللا چشتکە چشت بوو!. هەندێکی وایان تێدا بوو جیاوازیان لە نێوان سیسکە و، گلۆان و کرۆسکدا نەدەکرد و قەپاڵیان لە هەموویان دەدا!.

شەهید (مام نادری سمایلەخڕە)ش پارچە تەماتەیەکی باشی لەبەر کارێزەکەدا کردبوو، گەلێ جاران لە ڕووباری (باسرم)ێ سوورە ماسی چاکیان ڕاو دەکرد، جاروباریش پێشمەرگەکان لە کاتی ئێشک گرتنیاندا لە قۆپییەکانی دەوروبەردا (کێوی)یان دەئەنگاوتن، جارێکیان بەنوێژی نیوەڕۆیێ دوو کەڵەکێوی بەناو ئەو حەشاماتەدا گومبەتەیان کرد و وەک تیسکەی تفەنگ بۆی دەرچوون و لە دۆڵەکەی بەرەوە لە چاو ترووکانێکدا ئاوابوون، بێ ئەوەی کەسێک بەخۆی ڕابگا تفەنگێکیان باوێتێ!.

هەندێ جاریش گەر بەڕێز کاک عەزیز محەمەد (مەلا برایم) بێ ئیش بووایە تەنەکەیەکی ڕۆنی بەتاڵی سەرنخوون دەکردەوە و مەکینەیەکی سەرتاشینی بەدەستەوە دەگرت و هەڵمەتێکی پرچ ڕێکخستنی دەست پێ دەکرد، هەر پێشمەرگەیەکی بدیبایە قژی هاتووە دایدەنیشاند و تراشی دەکرد، جارێکیان منیش بەر ئەو هەڵمەتە کەوتم!.

جارێکی تر لەسکتانەوە بەمەبەستی سەرتاشین هاتمە (ئاوەگرد)ی، پیاوێکی (فەلەی) بەسەر و سیرەت پرچی تراش کردم کە بەکوردییەکی خواروخێچ دەدوا، پێشتر نەمدەناسی و نەمدەزانی پلە و پایەی حیزبی چییە. ئەوساکە زۆر هەستەوەر و ڕوو تەنک بووم، ئەو ڕانکەی لە بەرمدا بوو کۆن و بێ نموود ببوو، دوای ئەوەی زانی کێم و لە گوندی (سکتان)ەوە هاتووم کە لەسەر چیای (ئاوەگرد)ەوە دیارە، لە دوای هەندێک مەقەسکاری لەنکاو گوتی: (ئەوەتانێ گونتان!) واتا ئەوەتانێ گوندەکەتان، بەڵام من بەشتێکی تری



تێگەیشتم، هەستم کرد خوێن بۆ سەرەوە هورژمی کرد و ڕووم داگیرسا و گوێچکەکانم سوور هەڵگەڕان. ئەوەندەی پێ نەچوو گوتی: (گونتان زۆڕ گەوڕەیە!)، واتا گوندەکەتان زۆر گەورەیە، ئەمجارەیان هەر بەتەواوەتی بەسەر ئاو و ئارەقەدا هەڵگەڕام، لە لای خۆمەوە گوتم: (بەخوا ئەوەی کردی ڕانکە شڕۆڵ کردی!). دوای ماوەیێکی تر بێدەنگی دیسان لەپڕ گوتی:

(گونتان هەمووی هەنجیڕی ڕەشە!)، واتا گوندەکەتان هەنجیرە ڕەشەی زۆرە، قوڕگم وشک ببوو و چاوەکانم لە بەرامبەر ئاوێنەکەدا لە مۆڵەق وەستابوون و زاتم نەدەکرد بەرەو داوێن بڕوانم نەوەک چاوم بەو کارەساتە بکەوێ کە لە خەیاڵمدا ڕووی دابوو!، وام دەزانی ئەو پیاوەش کەسایەتییەکی لە پێشی ئەو حیزبەیە و لە کاتی دەستبەتاڵیدا سەری خەڵکی ئەوێ دەتراشی، بۆیە هەستم بەشوورەییەکی زۆر دەکرد، ئەمجارەیان بەزەردەخەنەیەکەوە گوتی: (گونتان لێڕەوە دیاڕە!)، واتا گوندەکەتان لەسەر چیای (ئاوەگرد)ەوە دیارە، وام زانی لە سەربان کەوتمە خوارەوە، پشیم تەنگ ببوو هێلینگم لەبەر بڕابوو خەریک بوو لە جێی خۆم ڕابم و لە بن دەستی ڕابکەم!، دوای ئەوەی لێ بۆوە کە هاتمە دەرەوە ئەوەندەم ئارەقە دەردا بوو کە بای لێ دەدام، بەو هاوینە هەستم بەسەرما و دانەچۆقە دەکرد.

جارێکی تریش کە هێشتا بەماڵەوە نەچووبووینە گوندی (سکتان)، لەگەڵ بەڕێز کاک (جەمشید حەیدەری) چووینە گوندە جوانەکەی (نازەنین)ێ، (وەستا ڕەئوفی سەراج) لەوێ بوو کە پیاوێکی کۆیی بوو، لەسەر تاتەبەردێکی لووس و لە ژێر دار چنارێکی سایە سووکی کۆنەساڵدا پینەدۆزی دەکرد، دەوری کڵاشەکەمی لە چەرم گرت و نیوەڕۆشی بەسەر داهات ئێمەی بردە ماڵە ناسیاوێکی خۆی، لە ناو باغەکەیاندا لەسەر بەڕ و بزگوڕانیان دانایین و یەک جامە دۆی زۆر گەورەشیان لە ناوەڕاستی سفرەکە دانا و چەند نانێکی ڕەشیش بەدەورەیەوە، دەبووایە نانەکە بخەینە دەممانەوە ئەوجا دۆی بەسەرداکەین، تومەزانە جامی دۆیەکە ئاسنجاو بوو زۆریش سەرەوڕێژ بوو، لە نۆرەی خۆمدا کە هەڵم گرت و بۆ دەمم برد نەمزانی ئەوەندە قورسە، بۆیە لەباتی دۆیەکە بەدەمم داکەم بەشێکی زۆری لە یاخەی کراسەکەمەوە بۆ خوارەوە شۆڕ بۆوە و لە دەلینگی ڕانکەکەمەوە هاتە دەرێ، جگە لە خورشتێکی زۆر مێشە کزەشم تێ ئاڵابوون!. شنەشنی شیبای چەم و، شۆڕابەی هەناری گوڵبەدەم و، چیمەنی سەوزی گیا بەگوڵینگە و، بۆنی پوونگ و ترنجۆکی پلیشاوەی بەر پێیان و، شەلەگە ئاوی بن کۆزە سپینداری کڵاو قوچ و زیکەزیکی زەردە زیڕەی ناو

پەلکان و، بازەبازی سمۆرەی چاوگەشی سەر بنەگوێزان و، فیتەفیتی (زەردە شامی) سەر گاتووان، دەرسی جوان ویستی و خواپەرستیان دادەدا!. لە دەوروبەرماندا هەنجیرەکان زەرد دەچوونەوە، هەندێکیان ملیان لار ببۆوە و ڕاویان لە چاوگێ زابوو، ئەوانەی تریش زەق و ماتە ببوون، لە لای خۆمەوە گوتم: (ڕەنگبێ ئێستا لە دوای ئەو نان و دۆیە ترشەدا، سەوە هەنجیرێکی ڕحانی شیرین و بەلەزەتمان لەبەر دابنێن)، بەڵام نەک هەر خولقیان نەکردین بەڵکو ڕوویێکی خۆشیشیان نەداینێ.

نیوەڕۆیەک لە - سماقولّی گەلی - بو تەقەیەکی زۆر و چڕە دوکەڵ، زانیمان دوژمن خۆی گەیاندۆتە ناوچەکە، تا تەگبیرکرا و چەکدارەکانی ئەوێ کەوتنە خۆیان ماوەیەک تێپەڕی، پێشمەرگەکانی (پارتی)ش لە گوندی (سێنان) و (کرۆژ)ی بون کە زۆر لە شوێنی ڕووداوەکە نزیکتر بوون، هەر بەتەواوی خۆیان لە گێلی دا.

عەلی مەولود - کە جوتیارێکی خەڵکی دەشتی کۆیێ بوو. بەهێزێکی (٣٠) کەسییەوە بۆیان دابەزی.

عەلی مەولود - دەستە پیاوێکی خەت ڕەشی هێمن و لەبەر دڵان و مەرد و بەڕەوشت بوو.

بە بیر کۆمۆنست و بەئاکار کوردێکی بێ (غەل و غەش) بوو. بەڵام تا گەیشتبوونە ئەوێ هێزەکەی دوژمن دەستی خۆی وەشاندبوو کشابوونەوە کە بەچاوساغی هەندێ کەسی نەفام و پێشڕەوی (تەها شاکرچی) ڕەفتار دڕندە بەسەر (سماقولّی گەلی) یان دادابوو. دوای ئەوەی هەواڵیان پێ گەیشتبوو کە هەندێ خەڵکی بێ دیفاع و بێ چەک لەوێ حەوابوونەوە، جگە لەوەی ناوچەکە بەتێکڕایی مەکۆی پێشمەرگە بوو، لە ئاوەگردیشەوە گەلێ جار بۆ ڕاوە ماسی و مەلەکردن بۆی دەچوین، دایاننابوو خەڵکێکی زۆر غافڵگیر بکەن. لەو هەڵمەتەدا تالآن و بڕۆیان کردبوو هەندێ خانووی جوتیارەکانیان سوتاندبوو و چەند بریندارێکیش هەبوون، خەڵکەکەی ئەوێش زوو خۆیان گەیاندبۆ گەلی جەلی کە شوێنێکی نزیک و قایمە، دوژمن لەوە زیاتر نەیوێرابوو پێشڕەوی بکا. کەسایەتی کۆیێ (عەبدولڕەحمان حاجی ئەسعەد) و یەکێک لە کوڕەکانی بەردەست کەوتبوون کە هیچ پەیوەندیەکیان بەپێشمەرگانەوە نەبوو، هەر لە ڕێگای گەڕانەوەدا دەستڕێژیان لێکردبوون و هەردووکیان شەهید کردبوون و لاشەکانیان لەو کەند و کلۆیانەدا جێ هێشتبوون.



دەیانگوت ئەو تەها شەکرچییە دەستی لە سەربازەکانی خۆشی نەدەپاراست، هەر سەربازێکی بەدڵ نەبوایە لە پەناییێکەوە دەیکوشت و لە چاڵێکی دەئاخنی و ناوەکەشی لە تۆماری (غائیب) و هەڵاتواندا دەنووسی، دواتر لە ڕێکەوتنێک لە نێوان میری و سەرکردایەتی شۆڕشدا بوو، کە چایخانەیەکی - چنارۆک - ێیان ئاوەدانکردبۆوە لەژێر دار و بەردوودا لاشەی کۆمەڵێک سەرباز دەرکەوتبوون کە تەها شەکرچی بەغەدر کوشتبوونی.

زۆری پێ نەچوو دایکم و مناڵەکانی تریشیان لە کۆیێ دەرکرد و لە گوندی (سکتان)ی خۆشناوەتییێ یەکمان گرتەوە، من ئەرکی سەرپەرشتی کردنیانم کەوتە ئەستۆ، ژوورێکمان لە ماڵی (فەقێ حاجی) کوڕی کوێخا حەسەنی سکتان بەکرێ گرت کە پیاوێکی خوێندەوار و وریا بوو، لە یەکێ لە دەلاقەکانی ژوورەکەدا چاپکراوێکی کوردی بێ بەرگم دۆزییەوە کە نەختێکم لێ خوێندەوە زانیم دیوانی (نالی) لەمەڕ کوردی و مەریوانییە کە پێشتر لە کتێبخانەی گشتی کۆیێ خوێندبوومەوە. بەدرێژایی نزیکەی ساڵێک تەنها ئەو کتێبەم لە بەردەستدا بوو، ئەوەندەم خوێندبۆوە زۆربەی شیعرەکانم ئەزبەر کردبوون. بەتایبەتی کە دەچوومە سەروچاوەی ئاوی سکتان، کە لە دۆڵێکی تەنگدا بوو پتر لە چارێگە سەعاتێک بەپێیان لە گوندی ڕا دوور بوو. دیوانەکەی (نالی)م لەگەڵ خۆمدا دەبرد، ڕۆژێکی پایز لەسەر ئەو کانی و ئاوەدا مەڵبەندێک (سووسن)ی پایزیم بینی کە زۆر ناسک و جوان بوون، تا ئێستا جارێکی تر لەم چەشنە گوڵانەم نەدیتنەوە هەرچەندە جۆرە بەهارییەکەی (پەلەزێ) زۆرە.

ڕۆژێکیان دوو فڕۆکە وەک هەورە تریشقە لە ئاسمانی (سکتان)دا بەدیارکەوتن، یەکسەر بەدڵمدا هات کە نیازیان بۆردوومانکردنی گوندەکەمانە، لەگەڵ (ئاوات)ی برامدا لە نزیک مزگەوت بووین، خۆمان کوتایە ئەو شوێنەوە کە قولەتێنەکەی لە ژێردابوو، پاڵمان دا بەدیوارێکەوە، فڕۆکەکان ڕاست و چەپ گوندیان دایە بەر شیلکی شەستیر و مەتڕەلۆز، ڕیزێک لەو فیشەکە زلانە بەر ئەو شوێنە کەوتن کە ئێمە خۆمان تیایدا حەشاردابوو، شەبەقەی گەورە گەورەی کردە بن سابیتەکەی، بەڵام ساغ و سەلامەت دەرچووین، تەنها ئافرەتێک لە سەراوی ژناندا بریندار بوو، چەند ئێسترێکیش سەقەت بوون.

لە هەموو ئیشێک بەلامەوە ناخۆشتر لە سکتان دارهێنان بوو لە چیای (تاتووک)ی، لەویش ناخۆشتر باراش لێکردن بوو لە ئاسیاوەکانی (جەلی) کە بەرامبەریان دڵم دەگوشرا، بۆیە هەندێ جار ڕووم دەکردە گوندی (داربەسەر) لە دەشتی کۆیێ کە ئاشی

ئاگری لێ بوو، هەرچەندە زۆر دوور بوو و ڕێگاکەشی خەتەرناک بوو بەڵام لە ئاشی ئاوێم پێ چاکتر بوو، لەوانەش ناخۆشتر زۆر جاران لە ناوچەی قەڵادزێ ڕا خەڵکی غەوارە و (عارەب)یان دەنارده سکتان و پێیان دەگوتن: ئازادی هاوڕێ (دڵزار) لە سکتانە بەئاسانی ئاوەگردتان پێ نیشان دەدا! ئاوەگردیش بەپیادە ڕێ سێ سەعات لە سکتانەوە دوور بوو، چەند جاران بەپێش ئەو عەبرە و غەوارانە کەوتووم بۆ بنکەی ئاوەگردی، هەندێکیان بەهەزار حاڵ بەو شاخە هەڵدەگەڕان. هەرچەند شەقاوێک دەڕۆیشتن و پاشان لەسەر گازەرای پشت لێی ڕادەکشان، کە دەگەیشتنە جێ منیان هەر لە بیریش نەدەما!.

جارێکیان (حەمید عوسمان) و (سابیری عەزیز ئاغای دزەیی) هاتن، لەگەڵیان چووم، هەرچەندە عەزیز ئاغا پێشتر لەوێ بوو بەڵام وێنەکەوتەوە، ئەو ڕووبارەی لە نازەنینێ ڕا دێ و لە ڕووباری جەلی دەکاتەوە، ئاوەکەی زۆر هاتبوو، هەندەی نەما بوو بخنکێن، هەرچەندە من تازە هەڵدەچووم بەڵام ئەوان شلۆقتربوون، خەریک بوو لە نێرینەی ئاوێدا ڕابقەنێن، لەو ئێوارە تەزیوەدا لەبەر گڵپە گڵپی سۆبا تژی لە دارەکەیماڵی کێخوا ئەحمەدی جەلی هەڵمەلوکەمان لێ هەڵدەستا!

لە دوای کۆدیتاکەی (عەبدولسەلام عارف) بەچەند مانگێک ڕێککەوتنێک لە نێوان کورد و میریدا مۆر کرا، لە سەرەتای بەهاری ١٩٦٤دا، دوای ئەوەی تاڵاوی گەمارۆی ئابووری و زستانێکی زۆر سەختمان چەشت و ساڵێکیش خوێندنم لە دەست چوو، گەڕاینەوە کۆیێ.

هەر لە ساڵی ١٩٦٤دا کۆمەڵێک برادەری ئەدەبدۆست و هونەرپەروەر وەک پەپوولە لە بانی کۆیێ و شیوی ڕەزانیدا دەسووڕاینەوە، زۆر گوڵ و گیای کێویمان ناسی بوون، تەنانەت بەردیشمان هەڵدەدانەوە و لە جانەوەران ڕادەماین.

هاوینان (گادەمە)مان لە ڕووباری کۆیێدا دەکوتا و ماسیمان دەگرتن، لە گۆمی (کەونە پردێ) و (لوولەی زایەران) و (ئاشی ئەلیاس)ی تا وەڕس دەبووین مەلەمان دەکرد، لەو ساڵەدا برادەرێکم (کاک شێردل حەوێزی) لە هەولێرەوە دیوانی نالی و کوردی و وەفایی بەدیاری بۆ هێنام کە هەرسێکیان لە چاپخانەی (کوردستان) لە چاپ درابوون، شیعرەکانی وەفاییم زۆر بەدڵدا چوون، گەلێک ئاوازدار و ڕەوان بوون، ئەشقێکی پاک و بێگەردیان دەردەبڕی، هەر لەو ڕۆژگارانەدا بوو بەدەنگە داود ئاساکەی هونەرمەندی گەورە (مەزهەری



خالقی) زۆر لەو شیعرە ناسکانەم گوێ لێ دەبوونەوە ئەوەندەی تر سەوداسەریان کردبووم!. لەو ساڵەوە بەرەو ژوور شیعری باشترم دەنووسی و بۆ برادەرەکانم دەخوێندنەوە.

هەر لە سەرەتای ساڵەکانی شەستەوە گوێم دەدا پەخشی ڕادیۆیی (کرماشان) بەڕاستی ئەو ڕادیۆیە و کارمەندانی ڕۆڵی بەرچاویان گێڕا و کەناڵێکی ڕۆشنبیری بەهێز بوو بۆ ئەوسای ئی وەک من، بەتایبەتی لە بواری گۆرانی و مۆسیقادا شۆڕشێکی گەورەی نایەوە کە دوایێ پڕیشکی کەوتە دیوی خۆمان و تا ئێستاکەش بەردەوامە. سێ گۆرانیبێژە گەورەکان (مەزهەری خالقی، حەسەن زیرەک و محەمەدی ماملێ)، جوانترین بەرهەمەکانیان لەو ڕادیۆیەوە پەخش دەکرد، جگە لە خەلیلی سەدیقی و بابا شەهابی و عەزیزی شارۆخی و ئیرەجی عەندەلیبی و، سابوورەکان و، برایانی زیزی و عەتاوللای سەید مەنسوور و، فەتانەی وەلیدی و قەمەری بەنی ئەردەڵان و، مەلا حوسێنی عەبدوڵڵازادە و، دەیان گۆیندەی تریش، کارەکانی (یوسفی زەمانی و شوکرڵڵای بابان و سەید تاهیری هاشمی و محەمەدی کەمانگەر و موجتەبای میرزادە و شەوکەت لهۆنی و مەلا جەمیل بەندی ڕۆژبەیانی شەهید) هەرگیز لە بیر ناچنەوە!.

هێشتا هەر بچووک بووم قەوانەکانی (سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی) چاوەکانیان پڕ دەکردم لە ڕۆندک، دواتر دەنگی بلاوێنی (خالقی) زۆری لە هی مامۆستاکەی تێپەڕاند و تەواو مەست و مەدهۆشی کردم!

زۆر سەرسام بووم بەعود ئەنگاوتنی (جەمیل بەشیر) و کەمانچە ژەنینی (ئەنوەر قەرەداغی)، ئێستاش (نەسیر شەممە و، دڵشاد محەمەد سەعید) حەیرانیان کردووم! گۆرانیبێژان سەلاح محەمەد و، ئیبراهیم سابیر هاوتەمەنی خۆم بوون جگە لە قوتابخانە لە شیوی ڕەزانی کۆیەشدا گەلێ جاران تووشی یەک دەبووین، کۆڕ و دانیشتنەکانمان پڕ خرۆش بوون، ئیبراهیم سابیر لە باغە ڕەنگینەکەی (ئۆمەر خوچان)ێ هەر گازەگازی بوو!.

هەرگیز ئەو شەوە ڕووناکەم لە بیر ناچێتەوە کە تیپی مۆسیقای (مەولەوی) لە ساڵی ١٩٦١دا بەسەرپەرشتی هونەرمەندی گەورە (قادر دیلان) لە سلێمانی ڕاهاتبوونە کۆیێ و لە یانەی فەرمانبەراندا ئاهەنگێکی بێ هاوتایان گێڕا، هونەرمەندی گەورە (تایەر تۆفیق) و مامە (سێوە)ی نەمریش بەشداریان تێدا کرد، لە بیرمە قادر دیلان بەدوو قۆڵی لەگەڵ یەکێکی تردا گۆرانییەکیان گوت (کڵپەی دەروون) وا دەزانم لە شیعری کامیل ژیر بوو،

ئێمەی مێردمنداڵیش لەبەر دەرگەی نادی کردمانە هەراوهۆریا دەمانەویست بێ بلیت بڕین خۆمان تێکەین و بەلاش ئاهەنگەکە ببینین، بەڵام دیار بوو نەیانهێشت و هەیدێیان لێ کردین، لە گردی کە کۆنی ڕاو لە بن دیواری ئیچقەڵاوە زۆر باشتر ئاهەنگەکەمان بینی لەوانەی کە لە ناو یانەکەدا لە ڕیزی پێشەوە دانیشتبوون و لێیان گیڕدرا بۆوە!.

گەلێ جاران بەڕێز مامۆستا باکووری بەخۆیی و عود یان جومبوشەکەیەوە بەهاران بەماڵەوە بۆ سەیرانێ دەهاتنە (ئۆمەر خۆچان)ێ کە یەکێکە لە باغەکانی ئێمە و سەیرانگەیەکی بەناوبانگی کۆیێ بوو، زۆرم بەلاوە خۆش بوو کە چۆن ئەو ئاوازە ناسکانە بەبزواندنی ئەو تەل و تلانەوە دەردەچن؟!، ئاواتەخواز بووم ڕۆژێک دابێ منیش بتوانم ئامێرێکی وا بژەنم.

لە یادمە جارێکیان مامۆستا باکووری لەگەڵ مامە سێوەدا لە باغی (شەمە)ی هاتنە لای باوکم و تا درەنگانی هەیوە شەوێکی هاوینی مامە سێوە بەهاوکاری مۆسیقای مامۆستا باکووری گۆرانی چڕی.

بەم دواییانە مامە سێوەم دەدیت پیاوێکی نەخۆش و نەدار و کەنەفت بوو، لە بن سواندە و پەسیوی گەڕەکی دیانیاندا خۆی دەدا بەڕۆژێ، کەس ئاوڕی لێ نەدەدایەوە. جگە لەوەی منداڵە وردکەش هەندێ جار کە تووشی دەبوون تێکڕا هاواریان دەکرد ئەوەل سەحەرە پڕی مارێ مامە سێوەی گورگ و چەقەرە!.

بابێینەوە سەر کۆدیتا خوێناوییەکەی ساڵی ١٩٦٣ی بەعسییەکان، کە نەختێ خۆیان قایم کرد ئاگربەستیان لەگەڵ کورداندا شکاند و ئەوجا (گەزی چی و جاوی چی) لە ڕۆژی (١٠) دەی حوزەیرانێ شاڵاوێکی سەربازی چەموشانەیان کردە سەر کوردستان، بۆیە شەو لە ناوێک پێشمەرگە لە بڵندگۆی مزگەوتی گەورەوە ڕایانگەیاند کە سبەینێ کۆیێ بۆمباباران دەکرێ، کۆگای تووتنی میریان سووتاند و خەڵکەکەش بەو شەوە شاریان چۆڵ کرد و پەرتەوازە بوون. ئەوانەی هەبووی بوون بەترومبێلان خۆیان دەرباز کرد و هەندێکیان گەیشتنە پشدەرێ، خەڵکەکەی تریش کە زۆرینە بوون هەر لە دەوروبەری کۆیێدا لە ناو کەندڕ و زیندۆڵان خۆیان حەشار دا، ماڵی ئێمەش چووینە لوولەی (زایەران) لە ڕووباری کۆیێ، (دایکی فێنک) هاوسەرەکەی تێکۆشەری ناسراو بەڕێز کاک (عەزیز محەمەد)یشمان لەگەڵدا بوو کە بەرێکەوت لە ماڵی ئێمە بوو، لە کونە شاخێکی وەک ئەشکەوتدا خۆمان بوارد.

لە ڕێگادا لە نزیک شاخی (کۆتکە ماستاوان) بۆ دوا جار مامە سێوەم بینی بەتۆی دەرپێیکی سپی ئاودامان کە مراد خانییەکی کەچەی بەسەردا هێنا بوو، بەنەخوێنەکەی پێدا شۆڕ ببۆوە و جاجمێکی شڕی بەسەرشانی دادابوو، دارعەساییێکی بەدەستەوە بوو، بەلارە لار ئەو ڕێگایەی دابووە بەر دیاربوو نەخۆش بوو، بەو شەوە لە ناو ئاپۆرایەکی زۆری خەڵکدا ورد ورد دەڕۆیشت و دەیناڵاند!.

سەربازەکانی سوپای عیراق لە ٢٣ بیست و سێی حوزەیرانێ گەیشتنە ناو شاری کۆیێ تەها شەکرچییان لەگەڵدا بوو کە ئەفسەرێکی دڕندە و بێ ویژدان و دژ بەکورد بوو. کۆیێ بۆمباران نەکرا و خەڵکەکە وردە وردە دزەیان کردەوە بۆ ناوشار، سەربازەکان دوژمنانە بۆ خەڵکیان دەڕوانی، ڕۆژێکیان دوای کوژرانی سەربازێک لە یەکێک لە چایخانەکانی شاردا لە کاتی دەمەقاڵێیەکی سەر دۆمینەکردندا بوو بەتەقەیەکی زۆر و چەند سەعاتێکی خایاند، لە ئاکامدا چەند کەسێک لەسەر شەقام و ناو بازاڕدا شەهید و بریندار بوون بەسەدانیش قۆڵ بەست کران بەجۆرێکی ڕەشبگیری، وا دەزانم ڕۆژی حەوتی تەمموزێ بوو بۆ چاوشکاندنی خەڵکی، شەش کەسی بێ تاوانی کۆییان لە دینگەکانی شەقامە سەرەکییەکەی کۆیێ پێچا و گوللەبارانیان کردن، دواتر مامۆستای تێکۆشەر (کەمال ڕەشید حەوێزی)یان گرت و لە سەربازگەی کۆیێدا ئەویشیان تیرەباران کرد و ئێستاش گۆڕەکەی ونە، هەر لەو ڕۆژانەدا بوو چەند جووتیارێکیشیان لە کاتی دروێنە و خەرمان هەڵگرتندا گرت و لە دینگەکانی شەقامەکەی کۆیەیان پێچان و ئەوانیشیان ئاگرباران کرد، بەناوی (حەرەس قەومی)یەوە کەسانی سەر بەهۆزە عەرەبەکان بەدشداشە و عەگالەوە لە قەللابە و لۆریاندا سوار ببون و بەشەقامەکاندا دەسووڕانەوە و تفەنگەکانیان بەرز دەکردنەوە، هۆسەیان دەکرد و جگە لە جوێنی زۆر سارد و سوک هاواریان دەکرد و دەیانگوت: (جای عرب وین اکراد) یان (إحنا البدو وین العدو) بەچاوی خۆم بینیم کولەکەیان لەبەر دوکانان دەڕفاند و وەک ئار و دایان دەپاچین، باقۆ هەنجیریان دەجوی و دەیان تفاندنەوە، لەسەر جادەی گشتی و ناو بازاڕدا دادەنیشتن نەک هەر (میز) ئەوی تریشیان دەکرد و لە ژێریاندا بەجێ دەما، ئەو کاتە بەبیرم دادەهات کە بۆ هەندێ ڕۆژهەڵاتناس ئەوەندە غەدریان لە کورد کردووە و بەوەحشیان لە قەڵەم داوین؟. ئەدی بۆ نایەن سەیری ئەو دەعابایانە بکەن؟ لە دوای تالان و بڕۆی بازاڕەکان ئەوجا بۆ مەڕ و

مالّات دزین ڕوویان له گوندەکانی دەوروبەری شار کرد، (فەیزوڵڵا ئاغای حەوێزی) له نزیک (یارەمیش)ی گوندەکەی خۆیەوە لەبن کەپکە شاخێکدا بەتەنها بۆیان دانیشتبوو و سێ چوارێکی لا بەردابوونەوە، ئەوجا نەعلەکانیان خستبوونە باغەڵیانەوە و لچکی دشداشەکانیان لەبەر پشتێندێ نابوون و تەقڵە کوت بەرەو شار قوچاندبوویان.

سەرباز و چاوساغەکانیان بەکوچە و کۆڵانەکانی کۆیێدا دەسووڕانەوە و خەڵکیان هەراسان کردبوو، لە کونی دەرگاوە تەقەیان لە ژنی (سابری مەلا ڕەئوفی) کرد و دەستبەجێ کوشتیان، بەدەیان خانووی ماڵە پێشمەرگەکانیان سوتاندن، ئێمەش کە زانیمان تیپی ماڵ سوتاندن لێمان نزیک کەوتنەوە و بەرەو ماڵی ئێمە هاتن بەپەلە لە ماڵ وەدەر کەوتین و تەنها نەنکم لە خانووەکە بەجێ ما ئەویش پیر و نەخۆش بوو لە جێگادا کەوتبوو، چەند سەربازێک بەقەریۆلەکەیەوە بڵندیان کردبوو لە کۆڵانێیان دانابوو، ئەوجا خانووە کەونینەکەمان کە شێوازی بیناسازییەکەی کوردەوارییانە بوو، بەهەموو کەلوپەل و بەکتێب و گۆوارانەوە ئاگریاندا و سوتاندیان، لە دوای ڕوخانی یەکەم جاری بەعسییەکان ئەوانەی ماڵەکانیان سوتابوون هەریەکە و بە (٣٠٠) سێ سەد دیناری ئەوسا قەرەبوو کرانەوە، بەڵام چونکە دەبوایە لە سکالانامەکەدا شۆڕش و سەرکردایەتییەکەی ڕیسوا بکەین ئێمە ئەو قەرەبووەمان قەبوڵ نەکرد و بۆی نەچوینە پێش، تا ئێستاشی لەگەڵدا بێ چۆن سوتا هەروا سوتا. بەتەواوی شار بۆنی خوێنی لێ دەهات، دەنگۆی ئەوەش هەبوو ئەوانەی کەسوکاریان پێشمەرگەن تۆڵەیان لێ دەکرێتەوە، بۆیە لە ماڵەوە ڕایان وابوو لە شار نەمێنم، هەرچەندە خۆم مەبەستی چوونە دەرەوەم نەبوو، بۆیە لەگەڵ یەکێکی تردا کە لە شوێنێکی تری ئەم نووسینەدا باسم کردووە چوومە گوندی (سماقولی گەلی) ئەوسا تەمەنم شانزە سالان بوو، شەوێک لە ماڵی (عەلی هەمزاغای حەوێزی) بووم و بۆ ڕۆژی دوایی چوومە ناو پێشمەرگان.

ساڵی خوێندنی ١٩٦٦ - ١٩٦٧ لە خانەی مامۆستایانی هەولێرێ وەرگیرام، لەو قوتابخانەیەدا لە ماوەیەکی کورتدا لەسەر دەستی مامۆستای لەخۆبوردو بەڕێز (ضیاءالدین قصاب) فێری لێدانی ئامێری عود بووم و فێرە خوێندنەوەیەکی چڕتر بووم، دوای ئەوەی کەمە عارەبییەک فێر بووم شەوانە لە بەشی ناوخۆیی قوتابییاندا لەجیاتی خوێندنی وانەکانم ڕۆمانم دەخوێندنەوە، بەڵام بەشێوەیەکی هەڕەمەیی، لە ساڵانی دواتردا مەیلم دا ئەدەبیاتی ڕووس کە بەزمانی عەرەبی زۆر لە بەرهەمی ئەدیبە ناسراوەکانیان



دەست دەکەوتن وەک گۆرکی و تۆلستۆی و دۆستۆیەڤسکی و، چیخەف و گۆگۆل و هی تریش، تاکوتەرا شیعری پۆشکین و، بلۆک و، مایۆکۆفسکی و یەفتەشنیکۆم بەرچاو دەکەوتن، لە هەموو شاعیرانی ڕووس زیاتر (سیرگی یەسنین) کاری تێ کردم، ئێستاش جارجارە دەگەڕێمەوە سەر شیعرە بەهادارەکانی.

حەزم لە شیعری کلاسیکی عارەبی نەبوو، ڕەنگبێ لەبەر خراپی عارەبییەکەم بووبێ، بۆیە شتێکی ئەوتۆم لە بارەیەوە نەخوێندۆتەوە، بەڵام شیعری سەیاب و، بەیاتی و، ئەدۆنیس و، مەحموود دەروێش و، تێکڕای شاعیرانی بەرەنگاریکاری فەلەستینم خوێندنەوە، جگە لە نزار قەبانی، بەڕاستی عەبدولوەهاب ئەلبەیاتی بەگەورەترین شاعیری عارەب زمان دەزانم. من ناتوانم ناوی بەرهەمی ئەو هەموو ئەدیبانە ڕیز بکەم کە خوێندوومنەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا دانی پیا دەنێم کە زۆر کەمم خوێندۆتەوە ئەوەی سەرنجی ئەو شیعرانە بدا کە ئێستاکە لە بەردەستدان بۆی دەردەکەوێ کە هەر هەموو تابلۆکانیان کوردستانین.

ساڵی ١٩٦٩ یەکەم شیعرم لە گۆڤاری تیشکدا بڵاو کرایەوە کە لە خانەی مامۆستایانی هەولێرێ دەردەچوو، بزووتنەوەی ڕوانگە و ڕاگەیاندنی بەیاننامەی یانزدەی ئادارێ تێزێکی تریان بەئەدەبیاتی کوردی دا، ساڵی ١٩٧٠ بەقۆناغێکی بەرچاو دادەندرێ لە مێژووی تازەی ئەدەبی کوردیدا، ئیتر لە هەموو لایەکەوە دەنگ بەرزبوونەوە، چ هاوار هاواری کوردایەتییەکی ساکار و چ وڕێنەکردن و خۆ بزرکردن لە ناو ڕوانگەدا، منیش لەو ساڵەوە بەشێوەییێکی بەربڵاو دەستم کرد بەنووسین و بواری بڵاوکردنەوەم لە بەردەمدا کرایەوە.

شیعر و ئەدەبیاتی کوردی مامۆستا ڕەفیق حیلمی و، مێژووی ئەدەبی کوردی مامۆستا سەجادی و، کۆیە و شاعیرانی مامۆستا کەریم شارەزا چەند پەنجەرەیەک بوون کە بەسەر ماڵی شیعری کلاسیکی کوردییان دادەڕوانی، لە ڕێگای ئەو کتێبانەوە لە بەرهەمی شاعیرانی پێشوو ئاگادار بووم، بۆ هەندێکیان بەدواداچوونی زیاترم هەبوو، پتر (حاجی و، پیرەمێرد و، بێ کەس و، گۆران و، زیوەر و، صافی هیرانی و، عەونی حەبیب و، دیلان و، دڵدار و، دڵزار و، کامەران و، هەردی)م دەخوێندنەوە جگە لە نالی و، کوردی و، وەفایی و، میصباح و، مەولەوی و، شێخ ڕەزا و، کاکە حەمەی ناری و گەلێکی تریش، جەمال شارباژێڕیش بۆ ئەوسا دەنگێکی تازە بوو، لە تریفەی هەڵبەستەوە ئاشنای شیعری (شێرکۆ بێکەس) بووم، کە ڕۆژنامەی (هاوکاری) و چاپەمەنییە کوردییەکانی تر هاتنە

کایەوە بەتایبەتی گۆڤاری بەپێزی کاروان کەم تا زۆر هەستم بەهەناسەی شاعیرانی سەردەم کرد. دوور لە هەموو جۆرە هەڵسەنگاندنێک من پێم وایە یەکەم ڕچەشکێنی سەردەمێکی تازەی شیعری نوێ لە هەولێرێ پیربال مەحموود بوو، ئەو ڕێگە خۆشکەر بوو بۆ دەرکەوتنی (عەبدوڵڵا پەشێو)!.

لە سەردەمی ئێمەدا لە هەولێرێ مەدحەت بێخەو و، بورهان جاهید و، کەریم شارەزا و، سەعدوڵڵا پەرۆش و، جەوهەر کرمانج و، موحسن ئاوارە و، نەوزاد ڕەفعەت و هی تریش خەریکی شیعر نووسین و بڵاوکردنەوە بوون.

ساڵی خوێندنی ١٩٦٨ - ١٩٦٩ دوا ساڵی خوێندنم بوو لە خانەی مامۆستایانی هەولێرێ ئەو کاتە حیزبێک نەبوو بەناوی (یەکێتی نیشتمانی کوردستان)ەوە، تەنها جەماعەتی مەکتەب سیاسی نەبێ کە لە ناو خەڵکیدا بە(جەلالی) ناسرابوون، ئەوانە هەر لە ساڵی (١٩٦٤)ەوە لە کۆنفرانسی (ماوەتان)ڕا جیابوونەوەی خۆیان لە سەرۆک بارزانیی نەمر ڕاگەیاندبوو.

هەموو ساڵێک لە مانگی نیسانێ لە شاری (مووسڵێ) ئاهەنگی گەورە دەگێڕدرا بەناوی (میهرجان الربیع)ەوە، هێزەکانی ژێر ڕکێفی سەرۆک بارزانی کە پێیان دەگوتن (مەلایی) بۆ ئەوەی ئاستەنگ بخەنە بەر ئەو میهرەجانەوە لە دەرەوەی شاردا تەلەکانی گەیاندنی تەزووی کارەبایان پچڕاندبوو، خەڵکی لە هەولێر و دەوروبەریدا کەوتبوونە سەغڵەتییەوە، لە ڕاستیدا ئەمە کارێکی هەڵە و دوور لە یاسا و شارستانییەت بوو، بەڵام وا دیار بوو ئەوان ئەو کاتە ئەو ئیشەیان بەلاوە ڕاست بوو، ئێمەی قوتابیان لەبەر تروسکایی مۆمدا دەمانخوێند، جەماعەتی بەڕێز (مام جەلال) ئەو هەلەیان قۆستەوە و لە هەموو قوتابخانەکانی هەولێرێ جاڕی خۆنیشاندانیان دا و ڕێپێوان بەڕێوە چوو، لە خانەی مامۆستایاندا لەگەڵ چەند کەسێکی تردا لە ڕیزی خۆپیشاندانەکەدا هاتینە دەرێ، ئەوساکە بەڕێز (مامۆستا مەجید ئاسنگەر) بەڕێوەبەری خانەی مامۆستایانی هەولێرێ بوو. بەشداری نەکردنەکەمان تەنها لەبەر ئەوە بوو کە بەلامانەوە ئەستەم بوو لە ژێر سایە و سێبەری دوژمناندا خۆنیشاندان دژ بەپێشمەرگەی کوردستان ئەنجام بدەین.

چەند ڕۆژێک دوای ئەم ڕووداوە لەگەڵ دوو برادەری تردا لە جادەکەی تەنیشت مزگەوتی (مەحموود عەلاف) بەپیاسە دەڕۆیشتین کە ئێستاش بەگومانم ئەو دوو برادەرە بۆ منیان بەو جادە چۆڵ و چەپەکەدا برد؟!. لەنکاو چەند سیکارد بەدەستێک بۆم هاتن و کەوتنە



وێزەمەوە، یەکێک لەوانە قونکە دەمانچەیەکی لە ناوچەوانم دا، خوێنم پێدا چۆڕا و سەرم سووڕا، خەریک بوو ببووریمەوە، لەو دەنگەدەنگ و غەڵبەغەڵبەدا بوو دوو چەکداری شاڵ و شەپک لەبەری عەشیرەتی، کە لەو چایخانەیەی ژێر هوتێل (سەفین)ی ئەوسا دانیشتبوون، وریابوونەوە و بەپەلە بۆ لای ئێمە هاتن، فیشەکیان لێخوڕییە بەر تفەنگەکانیان و پەرتەیان پێکردن و نەدیتی و نەناسی داکۆکییان لێ کردم و لە ژێر چنگ و چڕنووکی ئەو خزم و برادەرانەیان دەرهێنام!...

ئەو کەسەی کە لە دواوە منی بۆ چەقوکێشەکان دەستنیشان کردبوو یەکێک بوو لە خزمە (حەوێزی)یەکانی خۆمان!. جگە لە چەند قوتابییەکی تریش کە دەستیان لەو کارەدا هەبوو لە بەشی ناوخۆی قوتابییاندا بەیەکەوە بووین و خەڵکی شارەکەی خۆم بوون!.

یەکێک لەوانەی دەوری بەرپرسیارییەتی هەبوو قوتابی کۆیێ (کەیفی فەتاح) بوو، ساڵی ١٩٧٠ یەکەم دەستەی دەرچووان بووین کراینە سەرباز و ڕەوانەی شاری (عیمارە) کراین. (کەیفی) لە سەربازگەکەی ئەوێدا لە هەمان سریەکەی ئێمەدا بوو، بۆیە هەر جارێک کە دەمدیت دەکەوتمە سەر خەیاڵ و کەڵکەڵەی تۆڵەسەندنەوە، ڕەنگبێ گەر ئێستا بووایە هەرگیز ئەم کارەم بەخەیاڵدا نەهاتبا، بەڵام ئەوسا بریندارتر بووم و بەرێورەسمی کوردەواریش نەدەبووایە لەسەر ئەو فرسەتە باز بدەم، بۆیە ڕۆژێکیان لە شوێنی دەستشۆرییەکەدا پارێزم بۆ برد و، دەنگم دا و هەندێک دەم و چەنەیم کوتایەوە، چەند کەسێک کە ئاگاداری ئەو ڕووداوەنە تا نووسینی ئەم دێڕانەش شوکر لە ژیاندان.

دوای ئەوەی بووینە (معلم) وەک زانیم ئەو کوڕە بەدبەختە لە ناوچەی (بارزان) دامەزرا و، لەوێش لەسەر کردەوەیەکی لەم بابەتە و نەختێک نزمتریش بۆ یەکجاری سەری تیا چوو!. هەر چەندە من هەرگیز ئەوەم بۆ نەدەخواست.

لە دوای ئەو ڕووداوە، نە قوتابیانی سەر بەپارتی و، نە ئەوانی سەر بەحیزبی شیوعی لێیان نەپرسیمەوە و نیگەرانی خۆیان نیشان نەدا، چونکە لە ژێر چەتری هیچ کامێکیاندا نەبووم. تاکە کەسێک جگە لە کەسوکاری خۆم کە بەم کارە تێکچوو (عەبدوڵڵا پەشێو)ی شاعیر بوو، کە ئەوسا سەر بەجەماعەتی بەڕێز (مام جەلال) بوو، ڕۆژی دوای ئەم ڕووداوە لە ناو چیمەنەکەی قوتابخانەدا زیاتر لە سەعاتێک پیاسەی لەگەڵدا کردم و ئەو کردەوەیەی ڕیسوا کرد و هاوسۆزی خۆی نیشان دام، گوتیشی کە دەستبەردارییان بووە یان دەبێ، لەو هەڵوێستەدا (پەشێو) سەلماندی کە وەک شیعرەکانی ناسکە!.

هەرچەندە من دەرچووی ساڵی خوێندنی ١٩٦٨ - ١٩٦٩ بووم بەڵام لە شوباتی ساڵی ١٩٧١دا لە گوندی (وەرتێ) بەموعەلیم دامەزرام.

گەلێ جاران لە کاتی بێ ئیشیدا ساچمەزەنێکم بەپیلمەوە دەکرد و بەبەژنی هەڵکشاوی چیا زۆر جوانەکەی (کارۆخ)دا هەڵدەزنام، بەڕاستی هەوارگەی (مەکێ) و (گۆجاڕ) و (گەلی سوولێ) بۆ منی جوانی ویست بەهەشتێکی نزیک و بەردەست بوون. هەر لەوێدا گوڵە (شلێر)م بینی، جارێکیان مەلۆیەک گوڵە مێلاقی باشقەی وەک ڕەنگی خوێنم بەسینگی خۆمەوە گرتبوو لە شاخ دەهاتمەوە، کابراییێکی وەرتی بەزەردەخەنەیەکەوە گوتی: (ئەوجا مامۆستا، ئەو کروکانەت لۆچ هینایینە خۆ ناخورێن؟!).

ڕۆژێکیان فەڕاشی قوتابخانەکەمان هەر لە ناو دێدا شووشەیەکی بچووکی بەقەد دەنکە هەنارێکی لە زەوی هەڵگرتەوە کە شێوەی درێژۆلکە بوو، لە هەردوو سەریدا شەش سووچی هەبوو جەمسەرەکانی تیژبوون، بەشێوەیەکی ئەندازەیی کە هیچ نارێکییەکی تێدا بەدی نەدەکرا، ڕەنگی وەک ڕەنگی دڵۆپە ئاوێکی زۆر ڕۆشن وابوو، خستیە ناو لەپی دەستمەوە و گوتی: ئەمە (مۆرییە تەرزە)یە، من یەکەم جار وام زانی ئەم مۆرووە لە خەناوکەی کیژاندا کەوتووە، بەڵام دوایێ زۆریان لەو مۆرووانە بۆ هێنام و خۆشم زۆرم دۆزینەوە، کە هەندێکیان بەقەد بەرووێک دەبوون، بەڵام گەورەکانیان جۆرە خڵتێکی ڕەشیان لە ناودا دەبیندران، هەرچەند ورد بوونایە ئەوەندە ڕۆشنتر بوون، وەک ئەڵماس جام و مینایان شەق دەکردن!.

خەڵکی (وەرتێ) تا ئەو کاتەی منیش لەوێ بووم پێیان وابوو تەزرە کە دەبارێ هەندێکیان دەتوێنەوە ئەوانە کە ناشتوێنەوە ئەو مۆرووانەن!.

لە ڕاستیدا ئەمە (کوارتزە Quartz) کە پێی دەگوترێ دوڕی کێوی، بەردێکە لە بلوور دەکا، لە شووشە سەختترە، وەک ئەڵماس شووشە و پۆڵا خەت دەکا.

وەک بیستم سەرۆک بارزانیی نەمر، جوابی بۆ وەرتییەکان ناردبوو کە هەندێ لەو شتانەی بۆ بنێرن کە لەگەڵ تەرزەدا دەبارن!. دوایی کە نیشانی پسپۆڕان درابوون گووتبویان ئەمانە (کریستال)ن، واتا بلوورن لە چینەکانی بنەوەی ئەو شوێنەی کە ئەو بلوورانەی لێ دۆزراونەتەوە، کە تەوژم و پاڵەپەستۆی زۆریان لەسەرە، بۆی هەیە (ئەڵماس)یش هەبێ. بەگوێرەی قسەی خەڵکی وەرتێ، بارزانی ماوەیەک لە گوندەکەیان جێنشین دەبێ، خۆی سەرپەرشتی هەڵکەندن و لێدانی چەند کانێک دەکا بەمەبەستی



گەڕان بەدوای ئەڵماسدا، بەڵام دوایی دەردەکەوێ کە ئەم کارە بەئامرازی سەرەتایی وەک پاچ و قازمە ناکرێ و ماڵ و داراییەکی زۆریشی گەرەکە، جگە لە ڕێگاوبانێکی باش کە لە وزەی ئەو کاتی شۆڕشدا نەبووە، بۆیە دەستیان لەم ئیشە هەڵگرتبوو.

من گەرەنتی ڕاستی ئەو قسانەی سەرەوە نادەم، بەڵام ئەوەی بەلامەوە جەختە و زۆر لێی دڵنیام خۆم ئەو بیرانەم دیتن کە لە بەردی ماهی و شاخدا هەڵکەندرابوون و زۆریش لە گوندییەوە نزیک بوون، گەلێ جاران بەسەریانمدا دەڕوانین، یەکێک لەو بیرانە تەواوێک قووڵ بوو ببوو بەکونە کۆتر!

کاتێ لەو ملانە دەگەڕام و جارجار ئاشگێڕە ئاوێک بەکەف هەڵدان و هەڕەشەوە ڕێیان پێ دەگرتم و ئەو بەردە بلوورانەم دەدۆزینەوە، ئەو سروودانەی سەردەمی منداڵیم دەکەوتنەوە یاد، (خاکی گەوهەرە، ئاوی کەوسەرە...) یان (دار و بەردت چەشنی گەوهەر خاک و خۆڵت وەک بلوور). بەڵام نەک خاک و خۆڵی وەک بلوورە بەڵکو بەڕاستی و بێ خۆ هەڵنان لە (وەرتێ) بلوور لە چینەکانی سەرەوەی زەویدا لە گۆڕێ کەوتووە!.

ئەو ماوەیەی کە لە (وەرتێ) و (دەرگەلە) و (دار السلام)ێ موعەلیم بووم زۆر شت لەو خەڵکەی ئەوێ فێر بووم، لە دەمی ئەوانەوە گوێم لە بەند و لە سەربردەی ئاشق و جوامێرەکان بوو، تێر لەگەڵ قسە خۆشەکانیاندا خەنیمەوە و زەینم لە شێوە زمانە شیرینەکەیان دا و سەرم بەماڵە ساکارەکانیاندا کرد و نمەکم کردن.

لە ساڵی ١٩٧٤دا کۆمەڵە شیعرێکم خستە ژێر چاپ و لە ساڵی ١٩٧٥دا لە ژێر ناوی (خونچەی سەهۆڵ)دا لە چاپ درا، لەوساوە تا ئێستا نەمتوانیوە هیچی تر لە شێوەی کۆمەڵە شیعردا بەچاپ بگەیەنم، هەرچەندە هەوڵیشم بۆ داوە و زۆر دەرگاشم لەقاندووە!.

ساڵی ١٩٨٥ (سانسۆرێک) لە بەغدایێ لەسەر یەکێک لە کۆمەڵە شیعرەکانمدا ئاوای نووسیبوو، کە ئەمە دەقەکەیەتی: (قصائد رمزية يكتنفها الغموض والضبابية، الشاعر متشائم يتحدث عن القتل وعن العبودية والأنتقام وهكذا حال معظم القصائد لا تتماشى والخط الإعلامي).

لەگەڵ ئەوەشدا بەبەردەوامی ئەگەر زۆریش نەبووبێ شیعرم لە گۆوار و ڕۆژنامەکانی ئەوسادا بڵاو کردۆتەوە، بەتایبەتی لە هاوکاری و، بیری نوێ و، گۆڤاری کاروان و، بەیاندا.

لە ناوەڕاستی ساڵەکانی حەفتاکاندا بوو ئێوارەیەک خۆم بەیانەی فەرمانبەرانی هەولێریدا کرد هەر لە دالآنەکەی پێشەوە بەلای چەپدا کە ئاوڕم دایەوە لەگەڵ (عەبدوڵڵا پەشێو) چاوەکانمان تێک هەڵەنگوتن، زەردەخەنەکەی بەلای خۆیدا پەلکێشی کردم، لەگەڵ پیاوێکی باڵا دامەزراوی برۆ ئاڵۆزی نیگا قووڵ دانیشتبوو کە ئەوسا هەڕەتی بوو. بەر لەوەی دانیشم (پەشێو) گوتی: ئەمە کاک (شێرکۆ بێکەس)ە. ئەوەی لەو دیدارەدا لە یادم مابێ کاک (شێرکۆ) پێی گوتم: «لەوە ناچێ کۆمەڵە شیعری (خونچەی سەهۆڵ) یەکەم بەرهەمت بێ!» لە ڕاستیدا هەر وابوو، کۆمەڵە شیعری ناوبراو هەڵبژاردە بوون، هەر لە سەرەتای ساڵانی شەستەکانەوە شیعرم دەنووسی، بەڵام زۆر لەو شیعرانەم نەخستنە ناو یەکەم کۆمەڵە شیعرمەوە و خۆم لێ بەخودان نەکردن، ئێستاش چەند دێری هەندێ لەو شتانەم لە یاد ماون، ئەمەی خوارەوە نموونەیەکی ساڵی (١٩٦٢)ە:

ئەی کوردستان جوانیت نەما
کەوتییە ژێر بارانی بۆمبا
لەبەر ئەوەی میللەتەکەت
داوای مافی ژینی دەکا
جا باڵافڕ، جارجار لەپڕ
خۆی دەکا بەناو دێیەکا
دەکوژێ گەنج و پیر و ساوا
لە ئاوایی بەتێکڕایی
ئاگری مردن هەڵدەکا.... هتد

یان ئەم نموونەیەی ساڵی ١٩٦٥ (دەمەتەقەیەک لەگەڵ کێوی هەیبەت سوڵتان) کە لە ژێر کاریگەری شیعرێکی (شێخ سەلام)دا نووسراوە بەناوی (دەمەتەقەیەک لەگەڵ شاخی ملەکەوە):

ئەی هەیبەت سوڵتان کێوی خۆڕاگر
بەرامبەر تۆپ و شاڵاوی ئاگر
قەڵا سەختەکەی ڕۆژانی شۆڕش
هەوارگەی جوانی کاتی ئاسایش
دەتبینم ئێستا ڕەنگت گۆڕاوە
قەدپاڵەکانت ڕەش و سووتاوە



پێم بڵێ بۆ وا ڕەش هەڵگەڕاوی
کز و بێ مەیل و پەست و داماوی؟
... هتد

لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٨دا بوو مام (هێمن)ی مەهابادی هاتە هەولێرێ، دیار بوو زووتر شیعری منی دیبوو، زۆر بەگەرمییەوە لاچاوی ڕاموسیم و لە هەمێزی گرتم، زۆریشی لەو قسانە بۆ کردم کە مامۆستا بۆ شاگردیان دەکەن، پێشی گوتم: (بەڵام مەغروور نەبی!).

ئێوارە بوو تاوێک بەماشێنێ لە ناوشاریدا گەڕاین، دیار بوو ئەو دووری (مەهاباد)ێ تەواو پەرێشانی کردبوو، ئاگری شۆڕشی ئیسلامی ئێرانێش ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پتر کلێپەی دەسەند و دەتەنییەوە، هەموو جیهانی بەخۆیەوە خەریک کردبوو.

مام هێمنیش تروسکاییەک کەوتبۆ دڵیەوە بەهیوای پیرۆزی شۆڕش و گەڕانەوە بوو بۆ زێدی خۆی، لە دووکانەکەی شەهید (عەبدولخالق مەعروف) لە بن قەڵاتی دێریندا بەئومێدی دیدار خوداحافیزیم لێ کرد.

دیار بوو ئەو بە(مەهاباد)ەکەی خۆی شادبۆوە و، دواتریش هەر ئاو و گڵی ئەو خاکە پاکەی بەنسیب بوو یادی بەخێر.

لە ساڵی ١٩٨١دا (من و، دایکم و شیرین)ی خوشکم لە هەولێرێ گیراین و چوار ڕۆژان لە بنکەیەکی ئەمندا ماینەوە، پاشان ڕەوانەی بەغدایێ کراین، دوای چەند ڕۆژێک (ئاوات)ی برامیشیان هێنایە لای ئێمە و یانزدە مانگان لە گرتووخانەی (فضیلیە)دا لە ژێر ڕەحمەتی قوفڵ و کلیلدا بووین، ژنەکان لە قاوشێکی تەنیشت خۆمانەوە بوون بەڵام جاروبار نەبێ نەمان دەدیتن.

(ئامانج)ی برام لە (دۆڕە)ی نزیک بەغدایێ سەرباز بوو، هەندێک لەو خێزانانەی کە گیرابوون گەر ئەندامێکیان سەرباز بووایە بەریان دەدان، هەر وەک لە هەولێرێ خێزانی کاک (جەبار حەسەن)یان بەردا، کاتێ ئامانج لە بەندیخانەی (فضیلیە)دا توانی بۆ ماوەی چەند دەقیقەیەک چاوی پێم بکەوێ، پێم گوت: (تا تۆشیان نەگرتووە بێ دامان و دوودڵی یەکسەر بڕۆ و پەیوەندی بەپێشمەرگانەوە بکە). گوتی: (دەترسم بۆ ئێوە باش نەبێ و کارێکی خراپترتان دەرهەق بکەن).

گوتم: (گەر تەنها تۆش دەربازت بێ هەر بەقازانج بۆ ئێمە و خێزانەکەمان دەگەڕێتەوە!). هەر ئەوەبوو ئیتر (ئامانج)مان نەدیتەوە، دوایی خەبەرمان بۆ هات کە لە (ناوەزەنگ)ێ چەک بەشانە و پێشمەرگەیە! (ئاواز)ی خوشکیشم لە بەغدایێ قوتابی کۆلیج بوو، بەردەوام سەردانی دەکردین. هەر لەو بەندیخانەیەدا دایکم تووشی نۆرەی دڵ هات، بەڵام نەیکوشت، دوای چوارده ساڵان پارێزی و داوودەرمان لە بەرەبەیانی (١١)ی تەمموزی ١٩٩٦دا لە نۆرەیەکی تری دڵدا ئەمجارەیان مەرگ ئەمانی نەدا و دڵسۆزترین کەسم لە دەست دا کە ئافرەتێکی لەخۆبووردوو و خێرنەدیو بوو، تەواو بەئەرکی خۆی هەستا و باشی بار هێنناین، گەر ئەو نەبووایە باوکیشم بۆی نەدەکرا درێژە بەخەباتی خۆی بدا و دەیان ساڵ ڕوو لەماڵی خۆی نەکاتەوە و منداڵەکانیشی سەربڵند و زمان درێژ بن!، کە مرد چەند دێرێکم بۆ نووسیبوو کە لە بەرامبەر میهرەبانی ئەودا شتێک نین:

دڵی تۆش نووست وەک سەعاتێکی گرانبەها
وەک سەعاتی کلیساییێکی کۆن ئارا
برینەکانم کە چەند ساڵ بوو لەسەر باسکی تۆ دەخەوتن،
ئێستا هەموویان بەئاگان
شەلاڵن لە فرمێسک و ژان.

ڕۆژانی بەندیخانەمان گران لێ بەسەر دەچوو بەڵام کەسانی باش و بەڕێزمان لەگەڵدابوون کە فەرامۆشیمان بەیەکتری دەهات وەک بەڕێزان: بایزاغای دزەیی و برایمی کوڕی، کاک محەممەد بەرواری و یەکتای کوڕی، سەید برایمی سەید سەعیدی کۆیی، حاجی مصلح گەرەوەیی کە شیعری خۆشی لەبەربوون (حەمۆ) کوڕێکی سافیلکەی خەڵکی دەوروبەری زاخۆیێ بوو خۆشەویستی هەمووان بوو، کاک سەباح و کاک نەجمەدین شێرە و کاک زاهیر کەریم و ئازاد قەڵادزەیی و، ئاواتی برام و، (مام سەعدۆ) کە خەڵکی (داکار عەجەم) بوو پیاوێکی میهرەبان و بەڕێز بوو، هەرگیز لە یادم ناچێتەوە. جگە لە دەیان پیاو و لاوی وریای خەڵکی دهۆک و سلێمانی و کەرکووک و چوارتا و ماوەتان و خانەقین و تەواوی گەرمیان و، شیعەی خواروو و ناوەڕاستی عیراق کە هەموویان مرۆی چاک و ڕەوشت بەرز و لێوەشاوە بوون.

تا ڕۆژێکیان ئەوانەی بەخێزانەوە گیرابوون ڕاپێچیان کردین لە ڕێوڕەسمێکی سامناکدا و لەگەڵ کاروانێکی گەورەی ئەمن و موخابەرات و یاساوڵی تایبەتی کڵاو سووردا بەرەو



شوێنێکی نادیاریان بردین، بەمەزەندە نزیکەی (٣٠ - ٤٠) کیلۆمەترێک لە خوار ناسریەوە بەدەستە ڕاستدا لایانداین بەرەو سەحرای ڕۆژئاوا، درەنگی ئێوارە بوو لە دەوروبەری ڕێگادا تاکوتەرا ڕەشماڵمان دەدیتن، کە لە بەردەمیاندا چەند سەربزنێک پاڵ کەوتبوون و کاوێژیان دەکرد و یەک دوو حوشتریش بەچۆکدا هاتبوون، لە ناو هەریەکێکیشیاندا چراوگێک لەبەر بادا هەر لەرەلەری بوو، هەندێک تارمایی بێ جوولەیان تیادا دەبیندران، ئێمەش غەمگین غەمگین لە ناو ئۆتۆبیسەکاندا دەهەژاین و بەرەو نادیار و تاریکی نغرۆ دەبووین!.

وا دیار بوو شەو ون ببووین ئەمنەکان شپرزە ببوون و بەبەردەوامی لە ناو ئۆتۆمبیلە لاندکرۆزەرەکانیانەوە خەریکی موخابەرەکردن بوون، تا کاتی سێی نیوە شەو لە شوێنێکا وەستاین، چەند خانوویێکی بەبەرد و چیمەنتۆ دروستکراومان لە دەور بوون، لەسەر یەکێکیاندا ئالاییێکی عیراق وەک داوەلی ناو بێستان هەناسەی بایەک نەیدەبزواند، چەند پۆلیسێکی جەمەدانە سوور و عەگال لەسەر چاوی خۆیان هەڵدەگلۆفت، بەڵام تا بەیانی ڕۆژ هەڵ نەهات نەیانهێشت لە ئۆتۆبیسەکانمان دابەزین، کە لەبەر زۆری ڕشانەوە لە ڕێڕەوەکانیاندا خلیسکمان دەبرد!.

بەدرێژایی ئەو هەموو ڕێگایە ڕانەوەستاین، تەنها لە ناو دائیرەی ئەمنی ناسریە نەبێ کە نەیانهێشت کەس لە ئۆتۆبیسەکان دابەزێ، بەڵام لە ناو سەحرادا بۆ ماوەی یەک چارەگە سەعات بۆ قەزای حاجەت وەستاندنیانین و بواری دابەزینیان داین، بەڵام وا دیار بوو وەک کاردانەوەیەکی دەروونی نەمتوانی سوود لەو ماوەیە وەرگرم، بۆیە هەستم بەناڕەحەتییەکی زۆر دەکرد، بەیانی کە دەرگەی ئۆتۆبیسەکانیان لەسەر کردینەوە، دابەزیم و شەرمم لێ هەڵگیرا و نەشارەزایانە لەبەر هەیوانی یەکێک لە خانووەکاندا دەستم کرد بەمیزتن! هەرچوار دەورمان ئۆتۆمبیلی ئەمنەکان بوو کە لە بەغدا و، ناسریە و، سەماوە دوامان کەوتبوون، ئەوانیش هەر لە ناو ئۆتۆمبیلەکانیاندا خەوتبوون، لە ناو یەکێک لەو لاندکرۆزەرانەوە دەستیان بۆ هەڵتەکاندم، کە نزیک بوومەوە دوو کەس لە پێشەوە سوار ببوون، یەکێکیان وا دیار بوو بەرپرسیاریان بوو، ڕەزاگرانێکی ڕەنگ تووتنی چاو وردیلە، سمێڵێکی وەک کلکە مشکی پێوە بوو، گوتی: (رات چییە بەرامبەر ئەو خانووانەی کە دەسەلاتی نیشتمانی بۆ ئێوەی دروست کردوون؟)، لە ڕاستیدا شپرزە بووم و زانیم کەتنێکم کردووە، گوتم: (من ئەو خانووانەم نەدیتوون و نازانم چۆنن!)، گوتی: (روح إفتر

شویه) لەگەڵ ئەم قسەیەدا سەیرێکی حیمایە کڵاو سوورەکانی کرد و ئەوانیش لێم هاتنە پێشتر، نەختێک دامام و چاوەڕوانی کاردانەوەیەکی خراپ بووم. لەنکاو ئەوەی تەنشتی گوتی: (یمعود خلیە یبین خۆش ولد!) ئەویش بەغەزەبەوە لێی ڕوانیم و گوتی: (روح هسە، بعدین بعدین!).

دوایی هەموو خێزانەکانیان ڕیزکردن و خانووەکانیان بۆ دەستنیشان کردن، خانووێکیان بۆ ئێمە دیاری کرد و گوتیشیان نابێ بیگۆڕن، کە خەڵکەکەی تر بەئارەزووی خۆیان دەیانگۆڕین و کامەی پاکتر بووایە دەچوونە ئەوێ، (مام عوسمان و، باجی رابیعە) دایک و باوکی ملازم (عومەر عوسمان) ناسراو بە (زەعیم عەلی)شیان لەگەڵ ئێمە دانا و بەیەکەوە چووینە ناو خانووەکەوە، کە پێکهاتبوو لە دوو ژووری بەرامبەر بەیەک و داڵانێکی بچووک و مەتبەخێکی ١,٥× ٢م لە دەرەوەش ئاودەست و سەرشۆرکێک هەبوو، بەبێ دیواری حەوشە، کە چووین دەرگە و پەنجەرەکانی کرابوونەوە باهۆزیش تا پشتێندی زەلامێک خۆڵێکی سوور و نەرمی وەک بۆدرەی تێ کردبوو، لەبەر هیلاکی لەسەر ئەو خۆڵەدا لێی پاڵکەوتین و چەند سەعاتێک خەوێکی زۆر شیرینمان کرد، کە خەبەرمان بۆوە بەئەشکەلک و سەرە تەنەکە و سەرە بەرمیلان دەستمان کرد بەدەردانی خانووەکە و پاککردنەوەی، کە دەرگای مەتبەخەکەم کردەوە بینیم کەرێکی تیا تۆپیوە و تەنها ئێسقانەکانی ماون و پێستەکەشی بەکۆنکرێتەکەوە چرمساوە، لەو ناوە کەری بەرەڵڵا زۆر هەبوون تومەزانە لەو شوێنە چۆڵەوانییەدا ئەو بەستەزمانە چۆتە ژوورەوە و باهۆزیش دەرگاکەی لەسەر داخستووە، لە برسان و لە تینووەتیان بۆ خۆی لەوێدا تۆپیوە، دوای پاککردنەوەی، پێستەکەی لە چیمەنتۆکە نەدەبۆوە، ئاگرێکم لە شوێنەکەدا کردەوە کەچی لەجیاتی پاک بێتەوە کەف و دۆنێکی زەردی دەردەدا!. ئەوجا زانیم کە بۆچی تەنها نەیانهێشت ئێمە خانووەکە بگۆڕین، هاتەوە بیرم کە ئەمە لە تۆڵەی میزکردنەکەیە!، بەڵام من بەوەندە زۆر شوکر بووم.

بەکورتی ئێمە نزیکەی (٧٠) حەفتا خێزان دەبووین دوای چەند ڕۆژان ئەوجا زانیمان ئەو شوێنە ناوی (شیحیات)ە و سەر بەناحیەی (البصیە)یە لە پارێزگای سەماوەدا و نزیکەی بەهەشتا کیلۆمەتران لە مەرزی عەرەبستانی سعودیەوە دوورە!.

کاتی خۆی ئەو خانووانەیان بۆ نیشتەجێکردنی ڕەوەندەکانی (سەحرا) دروست کردوون، بەڵام وا دیارە بەجێیان هێشتوون و ڕێوڕەسمی باوانیان بەرنەداوە!.



دوو بیری تاڵاوی لێ هەڵکەندرابوون، جگە لە پۆلیسخانە بنکەیەکی ئەمنیشیان بۆ دانابن و هەموو ڕۆژێک دووجاران بەیانیان و ئێواران هەموومانیان ڕیز دەکردن بەژن و منداڵ و گەنج و پیرەوە سەرژمێریان دەکردین، لەو بەندیخانەیەدا بەئازادی دەگەڕاین واتا دەرگەمان لەسەر گارە نەدرا بوو، بەڵام هەر کاتێک یەکێک نەختێک دوورکەوتبایەوە ئەمنەکان بەئۆتۆمبیل دوای دەکەوتن و دەیانخستە ژێر چاودێرییەوە بەبێ ئەوەی دەنگی بدەن، هەندێک لە پۆلیسەکان کە خەڵکی سەحرا بوون بەحەسرەتەوە سەیریان دەکردین و هاوسۆزیم لە چاوەکانیاندا بەدی دەکرد، مانگانە ئازووقەیان پێ دەداین و بۆ خۆمان خواردنمان ئامادە دەکرد.

هەندێ لەو گوڵانەی کە بەهاران لە لای خۆمان دەڕوێن لە سەحرایەش هەبوون، دیارترین گیانلەبەری ئەوێ بزنمژ بوو گەلێ جار ڕاوم دەنان و خۆیان دەکوتایەوە کونەکانیانەوە، ژۆژک و هەوێردەشم لەوێ دیتن، هەندێ گیام لە ناو لەپی خۆمدا هەڵدەگلۆفتن بۆنی زۆر خۆشیان لێ دەهات، کە یەکەم جار مەڵبەندێک حاجیلەم بینی وام زانی پارچەیەک لە کوردستان هاتۆتە سەردانمان، هەرچوار دەوری شوێنەکەی ئێمە ڕووەکی کەبەر بوو، بەیانیان گوڵی زۆر جوانیان دەردەکردنەوە، بەڵام دوای وەرزی باران سەحرا بەتەواوی وشک و غەمناک خۆی نیشان دەدا، بەڕۆژ داغ دەبێ و شەوانیش لە فێنک فێنکترە!.

نەورۆزیساڵی ١٩٨٢مان لە ناو مێرگ و سەوزاییەکی بیاباندا کرد، ئەو خێزانانەی بەشدارییان کرد ئاگاداری ئەو ڕاستییەن، ئێوارەی (٢٠) بیستی ئادارێ هەندێ کۆنە تایەی پۆلیسەکانمان سووتاند، بەیانیش لە شوێنێکی بەگوڵ و گیادا کردمانە سەیران، بەڵام بۆ بەدبەختی لەوێش دوو ئاهەنگ گێڕدرا!، ئێمە بەیانی ڕۆژی نەورۆزێ بێ ئەوەی ئاگامان لە پانایێ بێ لەگەڵ چەند دەروجیرانێکدا ڕوومان کردە مێرگێک و دوایی وردە وردە زیاد بووین و بووینە کۆمەڵێک، پاش ماوەیەک سەیرم کرد لە شوێنێکی تری نزیک ئێمەوە تاقمێکی تر شاییان دابەست و سفرەیان ڕاخست!، بێ ئەوەی بەخۆم زانیبێ کەوتمە لایەنێکەوە!، بەڵام سەردانی ئەوانیشم کرد، بەهەرحاڵ لەوێش بەکوێرایی چاوی دوژمنانی کورد نەورۆزی خۆمان کرد و دۆڵمەکەشمان خوارد!.

(باجی رابیعە)ی خێزانی (مام عوسمان) یادیان بەخێر هەندێ تۆوی ڕەشە ڕەیحان و نازنازی دابوومێ کە لە هەولێرەوە پێی گەیشتبوون، نازنازەکەم لە ناو بنە بەرمیلێکدا چاندبوو، کە ڕۆژ هەڵدەهات بەسەدان گوڵی زەرد و سوور و هەمەجۆری تریان دەکردەوە،

ناخیان پڕ دەکرد (لە خۆزگەی بەربوون).

(پێشەوا تۆفیق) کە منالێکی تەمەن سێ ساڵانی خەڵکی (هەڵەبجە) بوو، بەردەوام دەهاتە لامان و زۆرمان خۆشدەویست، گەلێ جاران (پێشەوا) کە ئێواران دەهات و دەیدیت گوڵەکان پووکاونەتەوە دەیپرسی (گوڵەکان چییان لێ هات؟) منیش دەمگوت: (چوونەتەوە لای دایکیان و ئێستا خەوتوون، تۆش بچۆرەوە ماڵەوە و بۆ خۆت بخەوە). بەیانیان کە دەهات بەتریقانەوەیەکی پڕ لە بەرائەتەوە خۆی دەکرد بەباوەشمان و دەیگوت:

(من و گوڵەکان خەبەرمان بۆتەوە!). دوای بەربوونمان بیستم لە لای سلێمانێ لە بۆسەیەکی خۆمانەدا باوکەکەیان خەڵتانی خوێن کرد!.

جگە لە پێشەوا، (ئەشرەف) و، (ئەحمەد) و، (سەنگەر) و، هی تریش وەک پەیژە بەشان و پیلمان هەڵدەگەڕان و بەپشتماندا خۆیان دەخزاندە خوارێ، ئەوانەش هەموویان منداڵە پێشمەرگە بوون.

ئەو بەندییە پیر و پەککەوتانەی کە لە بەندیخانەی (فضیلیە)ی بەغدایێ کۆم ببوونەوە و ورەیان ڕوو لە کزی بوو، کەچی لە سەحرایێ ماڵ و خێزانیان لەگەڵدا بوون دیار بوو هەر قیتەقیتیان بوو!. دوایی بۆم دەرکەوت ئەوانە تەنها لە ئاوی بیرە شۆرەکاتەکانیان دەخواردەوە و هەرگیز ئاوی تانکەریان بەکار نەدەهێنا کە ڕۆژانە یەک دوو تانکەر ئاویان لە (بصیە)وە بۆ دەهێنایین کە ئەویش هەر گران و سوێراو بوو. ئەو مەعکەڕۆنی و قوتوبەندانەی دەیانداینێ ئەوان لەبەر کەر و کسۆکانیان دادەنان!.

تازە تەنها ڕۆژێک بوو گەیشتبووینە سەحرایێ ژنی جیرانێکمان گوتی دەبینم یەکێک لە دوامەوە هەر دەڵێ: (براژنێ براژنێ) کە ئاوڕ دەدەمەوە دەبینم (حاجی مصلیح)ە، پێی گوتم براژنێ پەقرەجێم وێدە لەگەر منداران خۆ ئەشۆبن، دیار بوو ژنە هەر سەر و ڕووی خۆی دەڕنییەوە و دەیگوت ئەوجا ئەمن پەقرەجێ لە کوێ بێنم!

حاجی کەریم کە پیرەمێردێکی سافیلکە و بێ تەبیاتی خەڵکی (نەوجول)ی ئەو گەرمیانە بوو، هەر زوو زوو مەلابانگدانان لە ماڵیاندا دەبووە تەقوهۆڕی مەنجەڵ و جام و تەنەکان، هەموویان پێکدادەدان جگە لە شیرەشیرێ حاجی کەریم کە بەهەر چوار لادا تفی دەهاویشت و جوێنبارانی منداڵەکانی دەکرد و بەو سەحەریە دەیکردە حەشروحەڵا. هەموومانی بەخەبەر دەهێنا و دەمانزانی دیسان حاجی کەریم حەمامییە!



مام عوسمانیش نەخۆشی شەکرەی هەبوو، دەیگوت هەی لە قوڕ و خمێیان نێم درۆیێ دەکەن ئەو پیرە خەڵفاو و واوا لێکراوانە دەیانەوێ باغریمان بەسەردا بکەن!.

چوار مانگ و شەش ڕۆژیشمان لە سەحرایێ گوزەراند، بەڕاستی ئێمە بەخت یارمان بوو کە سەرنگوون و بێ سەروشوێن نەکراین، وا دەزانم ئەوانەی لە دوای ئێمە گیران و بۆ ئەو شوێنانە ڕەوانە کران زۆربەیان نەگەڕانەوە، لە فضیلیە و سەحراشدا کەم کەمە نووسینم هەبوو ئەزموونی شیعر و ژیانم پتریان هاتە سەر.

سەرلەبەیانییەک ئەمنەکانی ئەوێ هاتن و ناوی ئەندامانی چەند خێزانێکیان خوێندەوە، بەچەند لاندکرۆزەرێک دوای نیوەڕۆیێ گەیشتینەوە سەماوە شەویش بەئۆتۆمبیلی گەورە بەرەو بەغدایێ بەڕێخراین و لەگەڵ سپێدەدا گەیشتین، چێشتەنگاو بوو لە هۆڵێکی گەورەی ئەمنی عامەدا مێزێکیان بەگوڵان ڕازاندەوە و دواتر (فاضل بەڕاک)ی بەڕێوەبەری گشتی بەژوور کەوت و هەندێ قسەی بۆ کردین کاکڵەی قسەکانیشی ئەوە بوو «ئێوە کاریگەری زۆرتان بەسەر کەسوکارتانەوە هەیە دەبێ بچن بیانهێننەوە و ئەم هەڵوێستەی ئێمەش بەلاوازی تێنەگەن هەر کاتێکیش بمانەوێ دەتانگرینەوە» لە ڕاستیشدا هەر وابوو (ئازاد و نەوزاد و سالار) کوڕانی مەلا شوکر کە خێزانێکی ڕۆژبەیانی خەڵکی گوندی (فەرقان)ی لای کەرکووکێ بوون لە بەندیخانەی (فضیلیە و سەحرادا) لەگەڵ ئێمەدا گیرابوون، دوایی کە بەربوون لەگەڵ (جەمیل)ی برایاندا کە پێشتر نەگیرا بوو لەبەر ئەوەی سەرباز بوو، هەر چواریان گرتنەوە و ئێستاش بیستوومە لە دوای پرۆسەی ئازادکردنی عیراقدا ناوەکانیان لە دەزگا ئەمنییەکاندا دۆزراونەتەوە بەپێی ئەو بەڵگەنامانە لە ساڵی **١٩٨٥**دا هەر چوار برا بەیەکەوە ئیعدام کراون!.

نەقیب (شاکر) ناوێک کە لە هەولێرەوە بەپاسێک و چەند خەفیەیەکەوە بەتایبەتی بۆ ئەو کارە هاتبوون، کە لە ئۆتۆمبێلەکەدا سوار بووین و بەر لەوەی بەرەو هەولێرێ بەڕێکەوین لێم هاتە پێش و بەزەردەخەنەیەکی دروستکراوەوە گوتی: «هەر دەبێ بچی بۆ لای باوکت و وا بکەی بگەڕێتەوە، حەیفە گەنجێکی وەک تۆ ئاوها بەمەحرومی و بەنەداری ژیان بەسەربەرێ». ماڵەکەمان لە هەولێرێ مۆر کرابوو نەماندەتوانی بچینەوە ناویەوە، دۆستی بەڕێزمان د. عزەدین مستەفا ڕەسوڵ سەرۆکی یەکێتی نووسەرانی کورد شەوێکیان لە ماڵی مامم پەرۆشی خۆی نیشان دا و گوتی: (بەیانی دەچینە لای ئەمینداری گشتی ڕۆشنبیری و لاوان، بۆی هەیە بتوانێ یارمەتیتان بدا بەڵکو ماڵەکەتان

وەردەگرنەوە، بەیانی چووینە شوێنی مەبەست، بەڵام ئەمینداری گشتی لەو کاتەدا بەمادونی لە سەردانی دهۆکێ بوو، بۆیە بەڕێز د. عزەدین بردمیە لای جێگرەکەی کە بەڕێز (محەمەد محیەدین) بوو، ئەویش بەگەرمییەوە پێشوازی کردین و چەند یادەوەرییەکی خۆی لەگەڵ باوکمدا گێڕایەوە کە لە کاتی (جبهە) شوورەییەکەدا بەیەکەوە وەک نوێنەری حیزبەکان هەندێ شوێنی کوردستان گەڕابوون، بەهەرحاڵ تەلەفۆنێکی بۆ بەڕێوەبەری یەکێک لە دەستگا ئەمنییەکان کرد کە بارەگاکەیان لە تەنیشت بانکی عەقاری هەولێرێ بوو، کە چووم بۆ لای بەپێوە وەستابوو ئەمنێکی خوێن تاڵیشی لە دواوە بوو، چووە شوێنەکەی خۆی دانیشت و چەکمەجەیەکی ڕاکێشا و دەستی لە ناو چەکمەجەکە هێشتەوە و هێمای بۆکردم کە دانیشم، نەیهێشت من قسە بکەم دیار بوو باش حاڵی عەرزم ببوو، گوتی: «یەکسەر بڕۆوە ماڵەکەت و مۆرەکە بشکێنە و لەم بارەیەوە هیچ گرفتێکت لە بەردەمدا نییە، دوا قسەشی ئەوە بوو (براحتک)».

یەکسەر بەرزە پێ بووم و چوومەوە ماڵ و مۆرەکەم شکاند، کرێچی (سواراغا) ناوێک بووم دیار بوو ئارامی لێ هەڵگیرا بوو گفتی لێ وەرگرتم کە لە ماوەی مانگێکدا خانووەکەی بۆ چۆڵ بکەم و وادەکەی خۆم هێنایە دی.

هەمووی دوو حەوتوی نەکەوتە نێوان کاک (محەمەد محیەدین) ناردی بەشوێنما و لە بارەگای حیزبەکەیاندا بینیم، داوای لێ کردم بچمە لای باوکم و برادەرەکانی و هەوڵیان بۆ بدەم کە ئەندامێکی حیزبەکەیان لە لای ئەوان گیراوە بەڵکو بەری بدەن، نامەی نووسەرێکی ناسراوی کوردیشی نیشاندام کە ئاراستەی منی کردبوو و دنەی دابووم کە بەم کارە هەڵبستم، هەرچەندە خۆم بەقەرزداری کاک (محەمەد محیەدین) دەزانی و حەزیشم دەکرد ئەو ئیشەی بۆ بەئەنجام بگەیەنم، بەڵام لە ڕاستیدا هیچ پەیوەندییەکم بەهاوڕێکانی باوکمەوە نەبوو، بۆیە داوای لێبووردنم کرد و نەچووم.

باوکیشم لە ساڵی ١٩٧٩وە ماڵی بەجێ هێشت و تا ڕاپەڕینەکە هیچ پەیوەندییەکی پێوە نەکردین تەنها جارێک نەبێ لە نامەیەکی ئامانجی برامدا کە لە ٨ - ٢ - ١٩٨٥ لە (سۆفیا)ی پایتەختی بولگارستانەوە بۆ منی ناردووە و ئێستا لە بەردەستدایە باوکم بەخەتی خۆی ئەم دێرە شیعرەی بۆ نووسیوین:

«ئەوەی مایەی گوشادیمە بە(بیر) تێر و تەژین ئێوە
لە ناو ناخی دڵی مندا هەتا ماوم دەژین ئێوە!»



هەر لە سەرەتای لاویەتیمەوە لە بەرامبەر ئەشق و جوانیدا زەبوون بووم!

لە ڕووی ئافرەتی شۆخدا هەستم بەشپرزەیی دەکرد و بەلامەوە جۆرە پیرۆزییەکی هەبوو، پێم وابوو ژن هێنان ئەو قودسییەتە ناهێڵێ و جوانی لەو ئاستە بەرزەوە دادەگرێ و دەیخاتە بەرپێیانەوە، بۆیە درەنگ بیرم لەو کارە کردەوە!.

سەرەتای هاوین (١٩٨٤) بوو بەڕێکەوت کچێکم ناسی، دوایی گفتی پێ دام کە لە من بەولاوە بەکەسی تر قایل نابێ، دکتۆرەیەکی ناسراو لە بواری نەخۆشییەکانی ئافرەتانەدا کە ئێستا جێواری شاری (لەندەن)ە، هەرکە زانیبووی ئەم کارە لە گۆڕێدایە خزمەکانی کۆ دەکاتەوە و دەیانهێنێتە سەر ئەو ڕایەی کە نابێ خوشکی (براژنەکەیان) بەکوڕێکی شیوعی ببرێ!، هەرچەندە ڕۆژێک لە ڕۆژان پەیوەندی حیزبایەتیم بەهیچ تاقم و گرووپێکەوە نەبووە و ناشبێ، بەڵام بەلامەوە نەنگی بوو پاکانەیان بۆ بکەم، جگە لەوەی شیوعییەکان کەسانی پەڕێز پاک و ڕەوشت بەرزبوون.

کە زانیم ئامانجێکی ڕاست و ڕوونم هەڵنەبژاردووە و پاشەڕۆژێکی گەشی لێ چاوەڕوان ناکرێ، بێ دوودڵی کشامەوە و دەستم لەو ئیشە هەڵگرت، هەرچەندە ماوەیەک لە بەرامبەر ئەو کارە نامۆ و ناکوردانەیەدا نیگەران بووم، بەڵام ڕۆژگار بۆی سەلماندم کە ئەوانە بەبێ ویستی خۆم خزمەتیان بەمن کردووە و هەڵەیەکی چارەنووسسازی ژیانیان بۆ ڕاست کردوومەتەوە...

دڵم ئاسەواری چەند برینێکی لەم بابەتانەی پێوەیە نازانم تا چەندی تر لێدانی بۆ ئەشق و هونەر و جوانی بەردەوام دەبێ؟!.

با ئەوەش بخەمەوە یاد لەو ساڵانەی دواییدا کە چالاکی پێشمەرگایەتی زۆر کز و خەفە کرابوو تا ڕاپەڕینەکەی ساڵی ١٩٩١ نووسەرانی کورد مەیدانی ململانێ و دەستوەکەرییان چۆڵ نەکردبوو، هونەرمەندان بەگشتی و ئەدیبان بەتایبەتی بەردەوام زەمینە خۆشکەربوون بۆ شۆڕش و فتیلی ڕاپەڕینەکەش هەر ئەوان ئاگریان دا!.

ئازاد دڵزار

هەولێر - نیسانی ١٩٩٤

لە ئەیلوولی ٢٠٠٣دا پێداچوومەتەوە و هەندێ شتی تری پێویستم خستۆتە سەر

# پێزانین

بەشەوق و نەشئەیەکی زۆرەوە هەوڵی جوامێرانەی بەڕێز کاک (بەدران ئەحمەد حەبیب) بەرز دەنرخێنم، کە لە دڵسۆزی خۆیانەوە بۆ قۆناغێکی تایبەتی شیعر و ئەدەبیاتی کوردی سەردەم منیان بیر کەوتبۆوە، لە دەسگا پێشکەوتووەکەی چاپ و بڵاوکردنەوەی (ئاراس)ەوە، ئاگادار کرام کە هەرچیم هەیە ئامادەن بۆمی چاپ بکەن، وادەکەی خۆیان هێنایە دی و ئەمە یەکەم جارە بەم جۆرە لام لێ بکرێتەوە، بۆیە بەگەورەترین ڕێزلێنانی دەزانم. منیش ڕێز و پێزانینی خۆمیان پێ ڕادەگەیەنم.

ئازاد دڵزار

٢٠٠٤/٦/٦ تەلاری پەرلەمانی کوردستان

# خونچەی سەهۆڵ

# گەڕانەوە

(یادداشتی پێشمەرگەیەک)

گەڕامەوە،
لە شەڕی دە ساڵەی ژیان
بەپیرۆزی گەڕامەوە.
بەکۆمەڵێ نیشانەی جەنگ
بەسنگ و دەست و شانەوە!!

***

لەو کۆڕانە ئامادە بووم،
کە مردنیان لێ هەرزان بوو.
لەگەڵ ئەو هاوڕێیانە بووم،
خەباتیان بۆ نیشتمان بوو.

***

بەزۆر شاخی سەر بەتەما
هەڵگەڕام و حەسامەوە.
بەچەخماخەی تفەنگەکەم
شەوی تارم گەشانەوە!.

***

ئەفسانە و باوەڕی کۆنم
هەڵدێران لە بەرزایی کێو.
لە ئەشکەوتی تەنگ و تارا
جێگام لەق کرد بەدێو و خێو!!.

***

چەند جار چەتاڵی تفەنگم
گیر کرد لە بەردی رەقەنا.



خۆم حەشار دا لە سەنگەر و،
ژێر سایەی دار و دەوەنا.

***

چەند جار لە شەڕا پێکرام و،
لەناو خوێنا تلامەوە.
بەڵام چاوم بڕیە هەتاو
نەمردم و ژیامەوە!!.

***

گەڕامەوە دێیەکەمان
لە شەوێکی مانگە شەوا.
ئەو دێیەی کە بەر لە دە ساڵ
جێم هێشت لەژێر باڵی شەوا.

***

گەڕامەوە،
بێ وەی کەس بێ بەرەوپیلم
یا نە یەکێ بەسڵاوێ
بشڵەقێنێ گۆمی بیرم!.

***

وەک نەناسێ لە دێی ماتا
تفەنگ و هەگبەیێ بەکۆڵ.
زۆر هاتم و چووم لە گیان وەڕس،
وەک یاساوڵی شەقامی چۆڵ!!.

***

بەزۆر یادگای منالّیما
تێپەڕیم و هەڵوێستم کرد.
بۆ هاوڕێیانی شەهیدم،
کڕنووشی پڕ دڵسۆزیم برد!.

***

وەستام لە لای ماڵەکەمان
لەگەڵ تاسە و لێدانی دڵ.
وەک گەڕۆکێکی حەپەساو
لە کەلاوەکانی بابل!!.

***

ئەو ماڵەی کە ڕووخێنرا
بەسەر دایک و (کاڵێ)ی خوشکم
ئەو خوێنەی کە ڕژێنرا
مەییوە لە لێوی وشکم!!.

***

گەڕامەوە،
لە بەردەم گۆڕی دایکما
بەڕێزەوە نووشتامەوە.
هەندێ لە دڵسۆزی و وەفام
لە فرمێسکا توانەوە.

***

گەڕامەوە،
بەکۆمەڵێ نیشانەی جەنگ
بەسنگ و دەست و شانەوە.
گەڕامەوە،
بۆ ئەوەی گۆرانی تازە
بخەمە دەم ژیانەوە!!.

١٩٧٠ – هەولێر



## شانۆی بەهار

وا ئەم ساڵیش، بەهار نەورۆزی کردە پێشەنگ
تا بەئاگر، دەست پێ بکا ، سەرەتای ئاهەنگ!
لەسەر شانۆی ساڵی تازە گڵۆکی جوان جوان
هەڵیان داوە پەردەی ڕەشی وەیشوومەی زستان.
دەرکەوت دنیای مەییوی ناو ڕەنگ و ڕووناکی
پێچرایەوە شەوی تاری پڕ لە سامناکی!

***

ئاسمانی خەواڵوو و ماتی سەرلەبەیانی
وێنەی مانگی گرتۆتە ناو چوارچێوەی کانی
بولبول تەریوی هێلانە وا بەتەنیایی
ئاوازی تازە ڕێک دەخا بۆ کۆڕی شایی!!
نێرگز بەڕیز هەڵدەپەڕن تەک لە تەک یەکا
لەسەر ماچی ناو دەمی هەنگ دێن بەگژ یەکا
ڕۆژ هاتە دەر سڕایەوە خوێنی دەم ئاسۆ
بۆ سروودی ئاشتی وا پەپوولە هاتە گۆ!
وردە زیخی ڕەنگاوڕەنگی قەراخ گۆمی شین
چاوی کزی دەترووکێنێ بۆ تیشکی زێڕین
شەپۆلی دڵتەڕی ناو جۆگە ئاوی خاوێن
لەسەر بەردی خلیسکاوی دەکا باز بازێن
کارگ لەژێر کۆلکی پیرا بەقاچێ وەستاو
وەک مراوی ماندووی مەلە لە کەناری ئاو!
ئای! وەنەوشەی ژاکاوی ژێر قژی شۆڕەبی
کەللە کاسی خەوی ناو جێی ژێر توتڕک و زی
شۆخی مەلوول بەس تیلەی چاو بگرە ناو ئاهەنگ
وەرە نزیک سەر هەڵبڕە ببە بەپێشەنگ

چەند شیرینە جوانی تێکەڵ مات و غەمگینی
چاو لە شەرما دابنەوێ کاتی ڕوانینی!
نەورۆزی جوان چەپکە گوڵی باوەشی هەتاو
دیاری (مەزدا)، هاتی و خۆشی بخەرەوە ناو
دەی گڕی پیرۆز و گەشی سەر لووتکەی سەربەست
ڕۆشن کەوە، کوردەواری، بەتیشکی (زەردەشت)

١٩٧٠ - هەولێر



## ئەوینی تازە

شۆخی شیرین،
دڵداری تازەی نازەنین.
چاو تێبڕینی ئەو ڕۆژەت
ئاوا بەتین،
تێی گەیاندم
شعووری لاوی تاساندم.

**

هەر ئەو کاتە زانیم دڵت،
دڵی ناسکی وەک گوڵت.
گیرۆدەی داوی ئەوینە.
بۆیە چاوت لە نواڕینا
وا بەتینە!!.

**

منیش هەر ئەو کاتە گیانە،
دڵم کەوتە بەر نیشانەی
ئەو چاوانە.
کەوتمە گڵپە،
خوێنم هاتە جۆش و قوڵپە.
سەودای جوانیت کەوتە سەرم.
پشکووت خونچەی دڵی تەڕم!!.

**

شۆخی شیرین،
دڵداری تازەی نازەنین.
با خۆشویستن ئاشکرا کەین!.
بۆ هەموو کەس،

دەرگای دڵداری واڵا کەین.
با لە باوەشی سروشتا
شکۆدار بین.
لە سایەی خۆشەویستیا
بەختیار بین.
دەبا بچنین لالە و چنوور.
گوێ بگرینە دەنگی شالوور
با شێوەمان هەڵبزرکێ
لە ئاسۆی دوور.
با لەسەرخۆ،
گیا و شینکەی بەهار بشێلین.
با یادگار بەجێ بێڵین.
نەک هەر لێرە،
با لای گشت گەلانی زەمین
ئاشکرا بین.
وەک کاکە مەم و خاتو زین!!.

١٩٦٧ - هەولێر



## بمکە ئامێز

خۆشەویستم،
قۆڵەکانت لەناو قەدم
بئاڵێنە.
بمکە ئامێز،
هەناسەی ناو سییەکانم
بتاسێنە.
پەراسوو و ئێسقانەکانم
تێک شکێنە.
هەموو جومگەکانی لەشم،
لە یەکتری بترازێنە.

**

خۆشەویستم،
لێوەکانم بقرتێنە.
ئاگراوی تێم بنوارە
بەنزینی ناو چاوەکانم
داگیرسێنە!.
کوڵمەکانم داڕووشێنە،
ڕستە مرواریيەکەی ملم
بپچڕێنە.
بۆ هەر شوێنێ دڵت گرتی
بم ڕفێنە.
لەسەر بەفری کوێستانەکان
بەبێ ترس
بم گلێنە!!.

**

خۆشەویستم بمکە ئامێز،
وەک شەستە بارانی زستان.
وەک پەڵە هەوری باوەشی
لوتکەی کوێستان!،
وەک زنجیرەی گردۆڵکەکان.
وەک شەونمی لا لێوی
گڵووکی بەیان.
وەکو قەفەزی وردچنی
بولبولەکان!!

**

بمکە ئامێز،[١]
قۆڵەکانت گەرم کەوە.
لەسەر سنگی شیرەخۆرەم
بێ بەزەیی
هانیشکەکانت بدەوە!.
خۆشەویستم،
بادەی ناو گلێنەکانم
بخۆرەوە!.
لەسەر چەپکی هەردوو کەزیم
تێر بخەوە!!.
نەکەی رووم لێ وەربگێڕی
یا نەخۆ بمخەیتە لاوە،
چونکە عومری خۆشەویستی
وەک مۆمێکی داگیرساوە!!.

(١) شیعرێکی (نزار قەببانی) لە دیوانی (أنت لي) بۆتە سەرچاوەی سرۆشی ئەم کۆپلەیە.

١٩٧٢ - هەولێر



# دڵدارەکەم ساویلکەیە

دڵدارەکەم ساویلکەیە،
مەیلم لێ بێ دەیشێوێنم.
بەخەندەیەکی سەر لێوم
لە ناخەوە دەیبزوێنم.
چۆنم بوێ دەیچەرخێنم.
بەدوو وشەی تاڵ و شیرین،
لە گشت خزم و کەسوکاری
دەڕەنجێنم.
مەیلم لێ بێ دەیتۆقێنم.
بەتۆران و لێو قورتانێ،
لە شوێنی خۆی دەیتاسێنم!.

**

ئەو کاتە چەندم خۆش دەوێ
لەبەر دەما دادەمێنێ،
بەدوو چاوی پڕ لە نیزا
دەیەوێ نیگام بدوێنێ!.
ئەو کاتە چەندم خۆش دەوێ
دووبارە دەگەڕێمەوە،
دەمەوێ لە بەینی هەردوو
قۆڵەکانیا بتوێمەوە!!.

١٩٧١ - هەولێر

## هەولێر

شارۆچکەکەم خەوی قورسە،
لە کاروانی پێشکەوتنا
خاو و خرسە!.
ئەگەرچی کۆنترین شاری
سەر دنیایە،
جێ نەزەرگە و یادگاری
چوار خودایە!
ئەگەرچی دە هەزار سواری،
(گەزنەفۆن)ی پیا ڕۆییوە.
دارا و سکەندەر لێرەدا
شیریان لە یەک هەڵبڕیوە!.
ئەگەرچی مێژووی تەمەنی
پتر لە چوار هەزار ساڵە.
بەڵام هێشتا شارۆچکەکەم
هەر مناڵە!!.
تازە خەریکی گاگۆڵە و،
گڕوگاڵە!!.

**

شارۆچکەکەم،
شێت و گێلی بێ ژمارە.
سواڵکەر و بێ ئیشوکاری
بەهەزارە!.
زۆر لاوی مەچەک ئەستووری
بۆیەچییە یا کۆڵکێشە،
قژی ئاڵۆزی سەرشانە و،



زەرگی بەدەستە و دەروێشە.
زۆربەی خەڵکی شارۆچکەکەم
هەژار و برسی و بێ نانە
ئەگەرچی گەنمی (قەراج)ی
ناسراوی هەموو جیهانە!!.

**

شارۆچکەکەم
دز و جەردەی ئاشکرایە.
لەناو بازاڕ و قەیسەری و،
لە کۆگایە!.
لەژێر مێزەری نێرگزی و،
پێچراوی پەچە و عەبایە.
لەو شوێنانەی کاکی برا
ناوبردنیان ناڕەوایە!
شارۆچکەکەم،
لە کلۆڵی بێ وێنەیە.
وەک سەرخۆشێکی پاڵکەوتوو
وا خەریکی وڕێنەیە!!.

**

شارۆچکەکەم،
شەقامەکانی زۆر تەنگە.
بێ پەیکەر و مەیدانی پڕ
لە گڵۆکی ڕەنگاوڕەنگە.
بێ هۆڵی ساز و هەڵپەڕکێ و،
شەوانی پڕ لە ئاهەنگە
بێ خەندە و تریقانەوەی،
کیژ و لاوی شۆخ و شەنگە.
قەڵا و قوڵلەی شارۆچکەکەم

دیارە کە ئێجگار مەلوولە
لەناو ڕیزی منارەدا
وەک کۆمەڵێ مقەبیای دەم
گەردەلوولە!!

١٩٧١ - هەولێر

## وەنەوشـەی کانوون

دەبێ لە بۆتەی نیگارت،
داڕێژم هەڵبەستی جوان جوان.
بزەی تەریوی سەر لێوت
بخەمە سەر تەلی کەمان.
دەنگم لەگەڵ دەنگی بولبول
یەک خەم و تێ بچریکێنم.
بەکانوونی بەفر و سەهۆڵ
دڵی نەورۆز ڕاچەنێنم.
لە باخی گەڵا زەرد و چۆڵ،
وەنەوشەی شین وەدەست بێنم.
تەلێکی گەش لەسەر تەلی،
پایزی قژ بچەسپێنم.
تاکو توانای خۆشەویستی
بەخۆم و خۆت بسەلمێنم!!.

١٩٧٠ - هەولێر

## ئەستێرەکان

ئەستێرەکان،
بەشەوی بێ پشووی بەیان.
لەناو زۆنگاوی لیخنا
کەوتنە پەلەقاژەی خنکان!.

**

مانگی زامار
سەری خستۆتە سەرشانی
چیای بێزار.
وا خەریکە دوا هەناسەی
تێکەڵ هەنیسک
دەنێتە دەم دۆڵێ داپچڕاوی
باویشک.

**

دارستانی گەڵا وەریو
وەک لەشکری دیل و بەزیو،
قۆڵی ڕووتی بەرەو ئاسمان
هەڵبڕیوە.
لەژێر قامچی کاری زریان
ڕەنگ پەڕیوە!.
شۆڕەبی لار، ئەندام لەرزۆک
لە بەردەم مۆتەکەی شەوا
بەسەرشۆڕی دێتە سەرچۆک!.

**

ئەستێرەکان،
هانای ڕزگاری لە خنکان
دەبەنە بەر مراویەکان،
بەڵام مراوی لات و برسی
لەناو زەمەندی قامیشا،
خەو دەبینێ بەتیشکی خۆر،
بەگۆمێکی پڕ لە ماسی!!.

**

زۆر لەبارە تیشکی هەتاو
گەر ئێستاکە،
بەپێڵووی قورسی چیادا
هەڵێنێ چاو.
تینی تازە بخاتە ناو،
دووبارە دارستان لە نۆ،
هەڵداتەوە و دەرکا چرۆ،
پرشنگی ڕووناک و گەرم،
زۆنگی گەنیو بکاتە هەڵم.
ئەستێرەکان،
بدەنەوە لە شەققەی باڵ
بەرەو قەراخ دەریای ساماڵ!!.

١٩٧١ - هەولێر

# بەستەی کچێک

له باسی گەرمایی لێوم
خونچە خۆی دەپێچێتەوە.
گەرووی شمشاڵ وشک دەبێ،
تەلی کەمان دەتوێتەوە!!.
له کوێستانەکانی سینگم،
تیشک خۆی هەڵدەخلیسکێنێ.
لەبەر ئاوێنەی دوو چاوم
مانگەشەو قژی دادێنێ.
کەی بەهار وەک کراسەکەم،
هێندە گوڵی له ئامێزە؟!.
تاڤگە بەقەد هەیاسەکەم.
لای پرشنگی خۆر بەرێزە؟!،
هەر کاتێ من بەستە بڵێم
بولبولەکان کڕوماتن.
گوڵزار بەباخەوانەوە،
بۆ بەرۆکم بەئاواتن!!.
هەموو دڵێ دادەخورپێ
کاتی بیستنی ناوەکەم.
شیرینە گەلێ شیرینتر،
له بەستەکانی لاوەکەم!!.

١٩٧٢ - هەولێر



# لە ئامێزی سێدارەدا

بۆ شەهیدەکانی سودان

چۆمی نیلی شین و سپی
له پایتەختی سێ گۆشەدا
یەک گرنەوە.
دواجار کوڕی جوتیارەکان
له ئامێزی سێدارەدا
ببیننەوە!!.

**

فریا کەون
مناڵەکان لەسەر ڕێنە
جوتیارەکان
لەناو کێڵگەی گەنمە شاما
چاوەڕێنە!.
دەیانەوێ فرمێسکی گەش
بۆ ڕۆڵەکانیان بنێرن.
پەیمانی تۆڵەسەندیان
بەگەرووی ئێوه بسپێرن!!،

**

چۆمی نیلی شین و سپی:
ئەوانەی له هیندی چینا
مەرگیان ڕواند!.
له فەلەستینی عارەبا
هەزاران خێزانیان ڕەتاند.
بەتەقەیەک،

هیرۆشیمایان لە خوێنی خۆیا مەیاند.
لە بۆلیڤیا ،
گیڤارای ئاگریان سووتاند.
زمانی هەشت ملیۆن کوردیان
لە وڵاتی تورکیا قرتاند.
جا چۆن هاورێکانی ئێوە و ،
کوڕی جوتیار ناخنکێن.
قولەڕەشی کێڵگەی پەمۆ،
بەپەتەوە ڕاناژێن!!.

**

فریا کەون،
منداڵەکان لەسەر ڕێنە.
جوتیارەکان،
بەپاچەوە چاوەڕێنە.
لە ئاسمانی خاکی ڕەشا
خوێن بارینە!.
دڵی ئازادیخوازەکان،
پڕی قەوارەی برینە.
فریا کەون،
لە خەرتووما یەک گرنەوە.
دواجار کوڕی جوتیارەکان
لە ئامێزی سێدارەدا
ببیننەوە!!.

١٩٧١/٨/٢ - هەولێر



## نامەیێکی پایزی

خۆشەویستم:
یادی دوێنێ،
لە بۆتەی بیرەوەریما دەتوێنمەوە.
مرواری فرمێسکەکانم
لە بەستەییێکی تازەدا دەهۆنمەوە!!.

**

خۆشەویستم:
هەرچیم هەیە هۆش و هەستم،
بەدوای گەڕان بەشوێن تۆدا،
ماندوو و وێڵن.
ئەندێشەی پەرت و ئاڵۆزم
هەرگیز خەوی سەر باوەشت
جێ ناهێڵن!!،

**

خۆشەویستم:
بۆ سۆراغی تۆ، دەپرسم:
لە تیشکە بێ هێزەکانی خۆرئاوا بوون.
لە شەپۆڵە گرژەکانی ،
پێش نقووم بوون.
لە چرپەی قامیشەڵانی
چوار دەوری گۆم.
لە لێوی پەمەیی ژاڵەی،
بەرۆکی چۆم.
لە شۆڕەبی پێ خاوسی قەراغ کانی.
لە بولبولی چاوەنواڕی شەونمی خونچەی بەیانی.

له سروشتی شکۆداری
دوای نیوەشەو.
له دەنگە پڕ جۆشەکانی،
کۆتایی خەو.
له مانگی چاوترووکاوی
ناو کەژاوەی هەوری تشرین.
له پاییزی لێو مژراوی
ناچاری خەندە و پێکەنین.

**

خۆشەویستم:
بەبەردەوامی دەتپرسم
له هەر شتێ بێتە سەر ڕێی،
بیر و هەستم.
بەڵام هەیهات
کەسێ نەبوو
وەرامێ بداتە دەستم!.

١٩٧١/١١/١٥ - وەرتێ



# یەکەم فرمێسک

خۆشەویستم:
ئێستاش یەکەم تیری نیگات
له قوولایی دڵی پەستما ژانی ماوە.
زەردەخەنەی تێکەڵاوی
گازی لێوت،
له دەروونی گراویما
نەژاکاوە!.
ئێستاش چاوی زەریاچەییت
له یادما،
ئاسمانی ئێوارەی بەهار
دەخواتەوە.
گەردەلوولی کەزی زەردت،
بوخچەی دیاریەکانی پاییز
بۆ فرمێسکی یەکەم جارم
دەکاتەوە!!.
بەستەکانی بۆم نووسیبووی،
هێشتا هەواڵی سامناکی
کۆچی تۆیان نەبیستووە.
دڵی پاکی پڕ له هیوام،
قەت کۆستی وا جەرگبڕی
نەکەوتووە!.

**

خۆشەویستم،
کەی بڕیار بوو
دەنگی زلی وێنەی دەهۆڵ،

دڵی لاوێکی وەک سەهۆڵ.
بت جۆشێنێ؟!.
زنجیری ڕزیوی کۆمەڵ،
لە قاچی ئازادی تۆشا
ژەنگ هەڵێنێ؟!.
کەی بڕیار بوو،
بەهاری دڵ
بەدڕکی تیژی بێ باری
خۆت بکێڵی؟!.
کەی بڕیار بوو،
شیعرەکانم
چاو بەفرمێسک بەجێ بێڵی؟!.

١٩٧٢/٧/٢٠

## دڵگیر مەبە

خۆشەویستم دڵگیر مەبە
ئەوەی بیستت،
دەنگدانەوەی هاوارێک بوو،
لاوکی دوای نیوەشەوی
خەو ڕەوێنی ڕێبوارێک بوو،
گیانە خۆشویستنی دوێنێم
ئاگرۆکەی شوانکارەیێ بوو
هەڵگرا و دامرکایەوە.
پەڵەهەورێکی بەهار بوو
بۆ بیابانێکی تێنوو
درشت باری و بڕایەوە.
ڕاستە دوێنێ
بۆ گوڵی لاولاوی سپی
گۆرانیم گوت.
بەڵام هەر زوو،
لە نوێنی ڕووناکی ڕۆژا
لەناو باوەشی گڕەدا
چاوی داخست.
دڵگیر مەبە
گڵۆکی لاولاوی سپی
هەڵکرووزا و پووکایەوە.
کەشتی تێکشکاوی هەستم،
لە دوورگەی سەوزی چاوی تۆ گیرسایەوە.

١٩٧٢ - هەولێر

# بەفر

ئەم شەوە بەفرە،
کڕێوەیە،
ئاسمان بێ مانگ،
بێ جریوەی ئەستێرەیە!،
لەو دیو مینای پەنجەرەکان
کڵۆی بەفر دەمدوێنن.
هەستی سپی شاعیریەتیم
لە ناخەوە دەبزوێنن!!.
پشکۆیەکانی بەردەمم
دەروون سڕن.
لەژێر لێفەی خۆڵەمێشا،
کپ و وڕن!.
ڕادیۆی تەزیوی سەر دەستم
لەشم گەرم دەکاتەوە!.
ختوکەی گەرمی مۆسیقا،
سەرمام لە یاد دەباتەوە!!.
لەگەڵ دەنگی ئەفسووناوی
لەناو خەیاڵی شیرتێنا،
دەتوێمەوە.
بەدەم سۆزی تەلی گریاو،
وا خەریکە دەتلێمەوە!!.

**

ئەم شەو بەفرە
دنیا ماتە.
یادم تۆماری هەزاران،
بیرەوەری و کارەساتە.
ئەم شەو بەفرە،
درەختەکان خەواڵوونە.
پشکۆ، ئەستێرە، خەڵکی دێ،
تێکڕا هەموویان نووستوونە.
تەنها دوو چاوەکانی من
بێزارن لە ئاشنایی خەو،
ئەم شەو بوونەتە هۆگری
کۆرپەی سپی تاریکەشەو!!.

کانوونی یەکەمی ١٩٧١ - وەرتێ

# بەفری هەڵگورد

بەفری هەڵگورد:
تۆ بەرێژنە و شەستەباران
نەتوێییەوە.
تۆ بەتیشکی داغی خۆر و،
لوورەی زریان نەتوێییەوە.
ئەی چۆن منی(*) سەر ئاسنی
بازوو پۆڵا
دەتوێمەوە؟!،
ئەی چۆن منی
خاوەن هیوا و بیروبڕوا،
دەتوێمەوە؟!.

(*) من، لێرەدا مەبەست گەلی کوردە.

نیسانی ١٩٧٣



# خونچەی سەهۆڵ

چاوەڕێ نیم سەوزەی بەهار،
ژەنگی برسیەتی لە لێوم
بشواتەوە!
تیشکی بێ هێزی خۆرەتاو،
کۆتی سەهۆڵ
لە دەست و پێم بکاتەوە!!.

**

من نامەوێ لایە لایەی
سستی شەماڵ.
نزای بولبول،
سەرم مەست کا، وێنەی منالّ،
خەوم لێ خا
لە سێبەری ئارامی گوڵ!!.

**

چیتر من چاوەڕێ نابم
تا نیسان دەگەڕێتەوە.
خونچەی ئێمە،
دەبێ لە زەریاچەی سەهۆڵ
بکرێتەوە!
وەک چۆن نەورۆز
لە مەچەکی کرێکارێ
سەری هەڵدا.
هەروەک تەمووز
لە گلێنەی گەلاوێژا
گڕی هەڵسا!!.

**

دەبێ لەو شاخە سەرکەوم
زریانی سوور،
ڕێگاکەی کوێر کردۆتەوە.
بۆ ئەو چاوانە دەرکەوم
کە لە شەوانی مردنا
چاوەڕوانی
ڕۆژی تیا کردۆتەوە!!.

**

من حەز دەکەم
لە هاوار و لوورەی بۆران،
لافاو دڵی لێ پڕ دەبێ.
لە شەوانی سەهۆڵ بەندان،
پشکۆی تیا لە دایک دەبێ.

**

چاوەڕێ نیم
بەفری کانوون،
لە ئامێزی تیشکی بێ هێزی
خۆرەتاو بتوێتەوە.
چاوەڕێ نیم!!؛
خونچەی ئێمە،
دەبێ لە زەریاچەی سەهۆڵ
بکرێتەوە!!.

حوزەیرانی ١٩٧٢ - هەولێر



## چاوەڕێ بن

لە کۆتایی شەوێکی تەڕ،
کوتەک شکێنی[١] ڕێگامە.
بای وادە شوێن پێم هەڵەگرێ
کەژاوەی بەهار لە دوامە!.
بەسەر کەڵبەی تیژی گورگا
هەنگاو دەنێم.
لە چاوی سەوزی هیواما
لاشەی سستی مەرگی بەزیو،
بەرەو ڕووناکی ڕاو دەنێم!.

**

چاوەڕێ بن،
جەژن لە هەگبەکەمایە.
وردیلەکان:
جەژن و نێرگز و شیرینی.
هاوڕێکانم،
نان و ئاشتی و،
ژینی بێ ژان و غەمگینی!.

**

دڵنیا بن،
با شیری هەموو جەللادان
بۆ گەردنی من سوا بن!.
با دەرگای پۆڵا بەندی شار،
یەک یەک لە ڕووم داخرابن!.
بەڵام سبەی لەگەڵ زریان،
بەسەر شوورەی قەڵای شارا

سەردەکەوم!.
لەگەڵ زریان،
لە پەنجەرەی هەمووماڵێ
دەردەکەوم!!.

---

(١) کوتەک شکێن: ئەو کەسەیە ڕێگای بەفر گرتوو دەکاتەوە.

١٩٧٢ - دەرگەڵە



## زۆربا

بۆ مۆسیقازانی یۆنانی ئازادیخواز میکیس تیۆ دۆڕاکیس

پێ خوستی خوا ئەپۆلۆیە
زایەڵەی دەنگی ڤینۆسە.
قریوە و هەرای (تەڕوادەیە)،
سۆزی شیعری هۆمیرۆسە
نەخێر گرمە و جۆشی تەپلە،
باڵەفڕکەی مۆسیقایە.
ژان و پێچی زگی ژێیە،
تریقانەوەی زۆڕبایە.[١]

**

هونەرمەندێ:
بەتەلی ساز لەگەڵ دوژمنا دەجەنگێ،
هونەرمەندێ،
ڕێگای بەزین لە خوا دەگرێ[٢]!.
ئەی خوایەکان جێم مەهێڵن.
بەدیار تکەی تاریکیا جێم مەهێڵن.
من بەمەرگێ وەک هی - سوقرات -
ڕازی نابم!.
من لەجیاتی چەپڵە و خەڵات،
بەژەهری تاڵ ڕازی نابم.
گەر بشمرم، وا حەز دەکەم
لەبەر ڕووناکی نیوەڕۆی
(ئەثینا)دا سەرم بڕن!.
وا حەز دەکەم،

بەدەروازەی گەورەی شارا
هەڵمواسن!.

**

خەڵکی جیهان:
کاتێ ڤینۆس لە پێناو خۆشەویستەکەی
بەسەر دڕکا هەنگاوی نا ،
چقڵێکی تیژ لە پێی چەقی.
بەسەر گوڵی سپی ڕەنگا ،
دڵۆپی خوێن تک تک تکا.
ئا ئەو کاتە ، بۆ یەکەم جار لە جیهانا ،
لە هەوراز و نشێوەکانی یۆنانا ،
گڵوکی سوور کرایەوە.(٣)
لەگەڵ شەماڵی فێنکی دیمۆکراتا
شەکایەوە!.
بەڵام ئەوەی ئێستا لە لای ئێمە قاتە ،
گوڵی سوور و دیمۆکراتە!!.

**

ئەی خوایەکان جێم مەهێڵن ،
لەناو گۆمی تاریکیا جێم مەهێڵن ،
با پەیمان تازە کەینەوە.
با ئەم جارەش ،
گڕی کوژاوەی ئۆلۆمپیک
هەڵکەینەوە!!.

**

ئێمەی کوردیش خوامەزدامان.
زوو جێی هێشتین ،
گوێی نەدا تکا و نزامان.
زوو جێی هێشتین ،



دامرکاوە گڕی گەشی ئاتەشگامان!.
بەڵام چاوەڕێین بێتەوە.
دڵنیایین دەگەڕێتەوە!.
مادام لەژێر ڕێژنەی پشکۆ.
لەسەر ڕێیا ڕادەوەستین
مادام لەپێناو ئاشتیا ،
نوێژەکانمان دادەبەستین!.
مادام نەورۆز و ئاگرمان
زۆر خۆشدەوێ.
مادام هەردەم دەمانەوێ
هێزی ڕووناکی سەرکەوێ.
مادام وایە ،
هەر دێتەوە... هەر دێتەوە.

---

(١) زۆڕبا: مەبەست لە پارچە مۆسیقا بەناوبانگەکەی (تیۆدۆ ڕاکیس)ە.
(٢) مەبەست لە خوایە کۆنەکانی یۆنانە.
(٣) ئەفسانەیەکی کۆنی یۆنانییە دەڵێ: (کاتی خۆی گوڵ هەمووی ڕەنگیان سپی بووە، بەڵام کاتێ (مارس)ی خوای شەڕ خۆشەویستەکەی ڤینۆسی بەدیل گرتووە و خەریک بووە بیکوژێ، کە ئەم هەواڵە دەگاتە ڤینۆس بەهەڵەداوان بەپێ خاوسی ڕادەکا بۆ ڕزگارکردنی، لە ڕێگادا بەناو کۆمەڵێ گوڵی سپیدا دەڕوات، دڕکی ئەم گوڵانە لە پێی هەڵدەچەقێ و چەند دڵۆپێک خوێن دەڕژێتە سەریان و ڕەنگیان سوور دەکات... گوایا لەو کاتەوە تۆوی گوڵی سوور پەیدا بووە.

١٩٧٣

## بۆ مەزهەری خالیقی

لەرەی دەنگت،
قورینگێکی گەردن سەوزی
قەراغ گۆلاوی (ورمێ)یە.
دەنگوباسی (مەهاباد) و،
(سنە) و (سەقز) و (شنۆ)ی پێیە.
کسپەی جەرگی هەڵقرچاوی
(چوارچرا)یە.
زایەڵەی دەنگ دلێرانی،
(سەدر) و (سەیف) و (پێشەوا)یە.
ئاخی ژێر باری گرانی
چەوساوەکانی ئێرانە.
زرەی زنجیری دەست و پێی
ئازاد خواهانی زیندانە.
لەرەی دەنگت خەنجەرێکە،
دڵدارەکان.
زمانی (بەکرە شۆفار)ی
پێ لەت دەکەن!.
لەرەی دەنگت قەلاییێکە،
کۆتری سپی و،
چاوی گەشی منالەکان
پاسی دەکەن!!.

١٩٧٣ - هەولێر



## شەو و ئەندێشە

کە تاریکی خوێنی هیوای
ئاسۆی ڕووناک
دەرخواردی ماری شەو دەدا.
کە بێ دەنگی،
بەسەر سینگی سەدان کاری ناڕەوادا
چۆک دادەدا.
قەوانە زۆر سواوەکان
لە یادم دەزرینگێنەوە.
دیمەنە ڕەش پۆشەکانی
ڕووناکی ڕۆژ،
وەک ڕەوەی قەل
لە بەرچاوم دەخولێنەوە!.

**

لەو کاتەدا کلۆڵەکان
لە پاڵ دیواری مزگەوت و،
لەسەر شۆستەی شەقامەکان.
خەو دەبینن
بەکۆشکی بەهەشتی بەرین.
خەو دەبینن،
بەفریشتە و بەجۆگەلەی
شیر و هەنگوین.
بەڵێ گیانە لەو کاتەدا،
لەناو تارمایی ئەم تابلۆ
غەمناکەدا،
دەتدۆزمەوە!.

لەسەر پەردەی کاڵی یادما ،
لەناو شێوەی کەساسانا
دەتدۆزمەوە!.

**

پێڵووی قورسم
کە سرنجە تیژ ڕەوەکان
بۆ ئاسمانی پڕ نهێنی و ،
دوور هەڵدەدەن.
وا هەست دەکەم،
ڕێگای هەموو ئەستێرەکان
لە بیلبیلەی چاوەکانتا
بەیەک دەگەن.
وا هەست دەکەم،
فریشتە و جۆگەلەی شیر و ،
هەژارەکان
لە کاکەشانی خەباتی
هەردووکمانا
بەیەک دەگەن!!.

١٩٧٣ - هەولێر



## با نەوەستین

گەر بمانەوێ بەیانی
دڵی دەرگای شینی هیوا
داخورپێنین.
بۆ هەتاو گۆرانی بڵێین
گەردانەی میوەی ڕەنگاوڕەنگ
لە گەردنی باغەکانمان
بپچڕێنین.
با نەوەستین،
تا مانگەشەو تەزووی سەوز
دەخاتە چاوی ڕێگاوبان.
با نەوەستین،
تا ئەستێرەی کاروان کوژە
هەڵدەدێرێ
لە شەختەبەندی شاخەکان.
لێ نەگەڕێین،
تاریکایی لە وەنەوزی چاوەکانمان
خۆی سەرخۆش کا.
شەوی دڵڕەشی ساردوسڕ،
چەخماغەی هەنگاوەکانمان
فەرامۆش کا!.
با نەوەستین،
بانگەکانمان داگیرسێنین.
تارمایییەکانی سەر ڕێگا
بتۆقێنین.
گەر دەترسن لە تەنیایی

لەگەڵ دەنگی ئاگراوی هەژارەکان
بەڕێ کەون!.
گەر دەترسن لە کوێرە ڕێی
بێ کۆتایی
بەشەقامی ڕاستی ژیان
بەڕێ کەون!!.

١٩٧٣ - هەولێر



## بەرەو بەرلین

بەبۆنەی دەیەمین ڤیستڤاڵی لاوان و قوتابییانەوە

دوای کپبوونەوەی تۆفانی
خوێن و ئاگر.
لە کێوەکانی (جوود)ەوە،
نەک هەر کۆتر،
لاوانی کورد
هیوای زەیتوونی لە چاویان.
تینی جاحێڵی لە باڵیان.
دەفڕن، دەڕۆن بەرەو (بەرلین)
بەرەو شاری ئیشکردن و،
خەوی شیرین!!

***

ئەی لاوانی بڕوا بەتین.
لاوەکانمان،
دەیانەوێ پێتان بڵێن:
خەڵکی بناری (زاگرۆز) و،
(ئاگری داغ)ین.
دەیانەوێ پێتان بڵێن:
نەوەی (لۆلۆ) و (کاردۆ) و (ماد)ین.
بەڵام ئێمە،
لە نزیکتر دەتانناسین.
وەک ئەستێرە و بەفر و چیا،
زۆر لەمێژە دەتانناسین...

**

قولێک لە (تەکساس) سەر برێ
ئاگادارین.
مناڵێکی – ئەریتیری –
لە برسانا ڕەق هەڵگەڕێ
ئاگادارین.
فڕۆکەییێک لە ئاسمانی
ڤییەتناما
ئاگر بگرێ ئاگادارین!!.
فیداکارێکی فەلەستین
یەخسیر کرێ،
ئاگادارین!!.
ئایا ئێوەش ئاگادارن؟
دەیانەوێ
زمانمان لە پشتی سەرمان
دەربهێنن!.
لە ناوچەوانی بڵندی
شاخەکانمان،
ناوی خۆیان هەڵکەنێنن؟!.

١٩٧٣ – هەولێر



## گۆرانی منداڵێکی فەلەستین

بابە دەڵێ:
چاوەکانت
جووتێ هەڵووژەی مێلاقی
بناری کێوی (جەلیل)ە.
لەرەی دەنگی ماتەمینت،
ورتەی ژانی زامی کولی
گەلی دەربەدەر و دیلە!.
نیشتمانە دزراوەکەم
لە تاریکایی چاوتایە.
ناڵەی گەلە پێکراوەکەم،
لەناو شەپۆڵی ئارامی
گەرووی بچکۆلانەتایە.
خۆشی دەوێم،
بەقەد خۆشی هەموو دنیا
خۆشی دەوێم.
بەقەد زەیتوون و ڕەباب و،
کەپرەکەمان.
بەقەد دایکم،
بەقەد تەلان و هەڵدێری
(بەیارە) شیرینەکەمان!!.

١٩٧٣ – کۆیێ

## چاوی نێرگز

زستان لە کێوەکانمانا
باڵەخانەی بەفر و سەهۆڵ
دروست دەکا.
شەختە دەست دەنێتە بینی
گەرووی سەوزی ڕووبارەکان.
بەهێمنی،
گۆرانی بەر مانگەشەوی،
شەپۆڵەکان دەمەیێنێ.
بەهێمنی!،
گەرای خەم و گەرای سەرما و،
گەرای مردن دادەچێنێ!.
کەچی گیانە
لە کونجێکی باغە بچکۆلانەکەمان،
چاوی نێرگز،
لەناو ژانی ڕەشەبادا
دەپشکوێ.
خۆشەویستم نزیک کەوە،
دەستی تۆکمەت بخە دەستم.
زریان لە جەنگەڵی چرا،
زوو ون دەبێ!!.
**
گوتیان گریای کاتێ بیستت
دڵدارەکان،
بەتاوانی خۆشەویستی
دەدرێن لە دار.



کاتێ بیستت،
(یەهوودا)یە پێغەمبەر و،
دادوەر و کارگێڕی شار!.
ئازیزەکەم دڵگیر مەبە،
هەزار عیسایان دا لە خاچ،
تەنها یەکیان گەڕایەوە
بۆ ئاسمان!.
سەد مەم و زین
لێک دابڕا و، مەرگەوەڕێ
بوو بەبێژە و پەندی زەمان.
دڵگیر مەبە،
عومری کورتە وەرزی گریان.
بتریقێوە خۆشەویستم
وەک نێرگزی
بەر ڕەشەبای حەوشەکەمان!!.

١٩٧٤/٢/٢ - هەولێر

# چۆن گوڵی سـوور دەپشـکوێ

١

بەڕێگای مردن و ژینا
بەرەو ئامانجێکی پیرۆز
ڕای کرد بەگوڕ.
لە گەرمەی خەباتی سەختی گەلەکەیا
گوڵاڵەی سووری تەمەنی
دا لە قژی زەردی ئاگر!.
کاتێ بەهار
لە پەراسووی نێزەکەیا
چرۆی دەرکرد.
کاتێ گڵۆوک،
لە فرمێسکی زامەکانیا
لێوی تەڕ کرد.
پشکۆیان نا بەپەنجەیا
هەرکە ویستی،
تەلی وەنەوشەی بچکۆلە،
بکا بەدیاری بۆ قژی
خۆشەویستی!.

١٩٧٣ - دار السلام - باڵەکان

٢

گەر دەتانەوێ بزانن
چۆن گوڵی سوور دەپشکوێ.
کێ شەونمی ڕەنجی ئەوین
دەخواتەوە؟!.



بولبول چۆن لە جێی ژوانی
چاوەڕوانیا دەخەوێ.
لەو پاسەوانە بپرسن
تا بەیانی،
دەستی لەسەر پەلاپیتکانەی تفەنگە.
لەو پێشمەرگەیە بپرسن،
تا خۆر دەگرێ،
خەریکی گڕ تێبەردانی
تاریکایی شەوەزەنگە!!.

١٩٧٤ - کۆیێ

٣

هاوڕێکانم!.
گەر شوێن پێی ئەستێرە کەوتم
بەرەو قۆناغی ئاسۆی سوور.
گەر کەوتمە ناو تەلیسمی دێو،
گەر گومڕا بووم
بەدوای کیشوەرێکی نوێدا
لەناو هەڕەشەی گێژاوی
ئۆقیانووسێکی بێ سنوور.
هەستم قیبلەنومایێکە،
میلی بەرەو بەندەری چاوەڕوانیتان
باڵ لێک دەدات!.
گەر مردیشم
دڵم تۆی گوڵێکی سوورە و،
لە درزی تاشەبەردێکا
سەر هەڵدەدات!!.

١٩٧٤ - کۆیێ

## داخوازی

شیعری شاعیری بەڕازیلی – ئینۆ تیۆدۆرانک –ە

بەدەستکارییەوە هەڵگێڕدراوەتەوە بۆ شیعر

من ڕێبواری
ڕێگای سەختی ساڵەکانم.
بۆ دواڕۆژی نزیک و دوور
گەش دەڕوانم!.
کلاڧەی دووکەڵێکی ڕەش،
ئاسۆی سرنجم لێڵ دەکا.
دێوی ترسی
هەڵگیرسانەوەی ئاگری،
شەڕێکی تر
گوڵی گەشی خەندەی لێوم،
پێشێل دەکا!.
بۆیە ئێستا بەڕووتانا
دەقیژێنم.
بۆیە ئێستا یەک یەک دەرگای
ماڵەکانتان دەلەقێنم.
پرسیار دەکەم:
ئاخۆ کرداری ناڕەوا،
بۆ مرۆڤی دەست و دڵپاک
شایستەیە؟!.
ئاخۆ سەرکەشی و دڵڕەقی،
بۆ مرۆڤی خێرخواز و چاک
شایستەیە؟!.



تۆ بڵێی گوێ
لە بانگەوازەکەم کەڕ کەن؟.
تۆ بڵێی دەرگا و دەروازەی
ماڵەکانیان لە ڕووم داخەن؟!.

***

دەبینم دیسان خەریکن
شەڕێکی تر داگیرسێنن.
لە پێناو ئامانجی پووچا
مرۆڤایەتی لەناویا
بسووتێنن!.
بۆیە ئەو کاتە گەییوە،
ئەو تفەنگە بەد فەساڵە
تێک شکێنن.
لوولەی بکەن بەبلوێرێ،
بۆ گۆرانی و لایە لایەی
مناڵەکان.
بۆ سەیرانی پەنا گرد و،
بنار شاخی کارژۆڵەکان!!.

***

براکانم:
گەر خەرمانمان سوورەگوڵ بێ
دەبێ تۆومان خۆشەویستی و،
سۆزی دڵ بێ!.
بۆیە ئێستا هەڕەتی ئەو وەرزانەیە
سۆز بڕوێنن.
واز لەو سەرکەشی و دڵڕەقی و،
هاری و شێتییە بهێنن.
کە ساڵەهای ساڵە ئێمە

کۆیلەی ئەوین.
ساڵەهایە،
شەرمەزار و ڕیسوای ئەوین!.

***

با ئەو قەڵەی
خولیای شەڕی لەسەردایە،
لە خوێن سوور بێ.
ئەو تەلارەی
بەسامانی جەنگ هەڵدەنرێ،
با خاپوور بێ!.
با وێران بێ و ببێ بەخۆڵ
خۆی لێکدا لەگەڵ ئارەقە و،
هێزی ئەژنۆ و مەچەک و قۆڵ.
تا دەست چێن و تۆومان زیاتر
بڕشت ببڕێ
نەمامی ڕەنج بێتەبەر و،
هیوای گەش و شیرین بگرێ!!.

١٩٧٤ - هەولێر



## وەرزی ئەوین

پەڕەسێلکە بچکۆلەکە:
گەر لە وەرزی خۆشەویستی
گەڕایەوە شارەکەمان.
گەر دیت پردەکان وێرانن،
داتەپیوە بنمیچی داڵانەکەمان!.
ئەم جارەیان،
لەسەر سونگی تفەنگەکەم،
هێلانەکەت دامەزرێنە!.
لەگەڵ مارشی سەرکەوتنی
ئاشتی و ئەوین،
بەستە بلێ و بێچووەکانت
هەڵفڕێنە!!.

١٩٧٤/٧/١٣ - هەولێر

# هاواری شین

لەناو ڕیزی برژانگەوە
هاواری شین،
بانگم دەکا بۆ سەودایێ،
سەودای ئەوین.
دەڵێ: بۆ تۆ،
پرچی زەردباوی ئارموشین.
دەڵێ: بۆ تۆ،
هەرچی هەیە لە دەمی لێوڕێژی هەنگوین.
هەرچی هەیە،
لە نەرمان و چەوت و چاڵی
ژێر سوخمەی ئاڵی گوڵ گوڵین.
هەرچی هەیە،
لە خاڵی تەختایی کوڵم و،
کێلی گەردنی بلوورین.
لێوی تینووی سرِم بۆ تۆ.
ئامێزی گەیشتووی برسی گەرموگوڕم
بۆ تۆ بۆ تۆ...
بەڵام هاواری نیگای شین
چەند بەگوێچکەی سووکی دڵما
دەنگ هەڵبڕی،
ناگاتە چرپەی ئەو چاوەی،
تاریکایی،
شەوانی پڕ کارەساتی
کوردستانی تیا دەگری!.

١٩٧٤/٨/٢ - هەولێر



# بۆ چاوی مەرەزەیی

١

گیانە گوڵم زۆر خۆشدەوێ،
بەڵام حەز ناکەم تۆ گوڵ بی!.
وا حەز دەکەم،
لە ڕێگای دژواری شەوا
هاوڕێ بی، چرا بی، گڕ بی!!.

***

من نامەوێ
وەک شۆڕەبی شەرمن و لار،
بۆ بەردەمم کڕنوش بەری.
دەمەوێ وەک سەوڵی چنار،
پەل بهاوێژی بۆ هەتاو،
بەرامبەر گەرداوی ژیان
خۆت ڕاگری!!.

***

٢

ڕاستە دەمت
شانەی هەنگوینی شیرینە.
بەڵام من ئارەقەی سوێری
ناوچەوانی تۆم خۆشدەوێ.
ڕاستە سنگت
نەرمونۆڵترین سەرینە.
بەڵام زیاتر،

من زبری ناولەپی دەست و،
سەر پەنجەکانتم خۆشدەوێ!.

**٣**

من ڕەنگ زەرد و ڕاژیلە نیم،
ڕەنگی تەڵخی برسییەتییە!.
من ئیفلیج و پەککەوتە نیم،
کەلەپچە و کۆتی گرانی
دیلییەتییە!!.
بەڵام گیانە،
بەیەک گەیشتنی چاوی
هەڵووژەییم،
لەگەڵ چاوی مەرەزەییت.
مژدەی ڕۆژانی داهاتووی
پڕ لە هاتی و سەربەستییە!!.

٣١/١٠/١٩٧٤ - هەولێر



## هۆرەی منداڵە جووتیارێک

کرۆسکە کێویلکەم خۆشدەوێ.
کوکوی تفتیلکم[١] خۆشدەوێ.
بازە بازی سمۆرەی چاوزیت،
بەفر و گڵۆکم خۆشدەوێ.

***

خۆشە گۆبەند و داوەت و،
سۆزی بلوێر.
بەهاران شکار و کەوشی[٢]
لە کۆسار و ملە و زەنوێر.
خۆشە هاوین مەلەی چۆمی و،
خەوی ژێر ڕەشماڵ و کەپران.
دەنگی گۆرانی دروێنە و،
سواری جەنجەڕی سەر خەرمان.
خۆشە میوە و ڕەز ڕنینی
کاتی پایز.
قوتابخانە و گۆڵ گۆڵێن و،
سروودی ڕیز.
خۆشە ئاسمانی هەورین و،
شەڕە تۆپە بەفری زستان.
شەوان چۆڕاوکەی پلووسک و،
تێک خزانی گوێ ئاگردان.
بەڵێ خۆشە،
بەساکاری و بەهێمنی
خۆشە ژیان.
بەڵام باروت (بۆمبا) ئاگر،

گەورەکانم،
ئامان... ئامان!!.

---

(١) تفتیلک: کۆترە باریکە.
(٢) کەوشی: ڕاوە کارگ و کەنگر و ڕێواس و... هتد.

١٩٧٤ - هەولێر

# پایز و باغەکەمان

# پایز

پایزە و ورد ورد دەبارێ
زەوی کزر،
بۆنی پەڵە و، خۆشەویستی و نانی لێ دێ
ترپەی باران،
خشەی گەڵا و، بۆنی قەسەری ناو پاوان
قووڵ ڕۆ دەچن،
تا پەڕەی دڵ، تا ناخی گیان
سوورە چنار،
لەژێر تکەی ئاسمانی کەوە ڕۆژەوە
گەڵا خەناوییەکانی خۆی بەرێ دەکا
سپیندار هەروەک زەرد و دار
بەسەر گۆمێدا دەڕوانێ،
شۆڕەبی لەرز دەیگرێ
کە جار جار لە کێوانەوە
کزەییێکی سارد هەڵدەکا
تەنکە بەفرێک
لە قۆپی و سەران کەوتووە
تشرین بەکراسی زەردەوە
لەژێر هەموو درەختێکا
پاڵکەوتووە
قەتاری قورینگ و سییان
هەرایانە،
"شەم" لە کوێستانێ دێننەوە
باسی ئەشقی "وان" و "ورمێ"
دەگێڕنەوە...

"پایزە و گەڵاڕێزانە"
نازداران وەک گەڵای داران
هەڵدەوەرێن،
مناڵان نۆرە تایانە،
شەوان ئەستێرە وەک پۆلوی بەر ڕەشەبا
ئاورینگ دێنن
مانگ بەڕووتی خۆی داوێتە بناوانێ
گورگان چاوانیان دەتریسکێ
ڕووەو ئاسمان دەلوورێنن
هەروەک بۆی خوێنیان کردبێ
ئەی جلەوکێشی کۆچی سوور؟
گەڵا و پەرچی دار دێنەوە
قورینگ و سی لەسەر دێنەوە
بەڵام تۆ وەختێ دێیتەوە
ئێمە دەبینە بەردەباز
بەسەر ڕووبارێ خوێنەوە!

١٩٧٨/١٠/١٥ - هەولێر

## نەخشی دڵ

نیشتمانم، جوانکیلۆکە و هەرزەکارە
دەیانەوێ،
بەخورتی گوڵی کچێنی بژاکێنن
لە پاشکۆی بۆرە سوارێکی شەتەک دەن و،
بەرەو هەواری بێگانە ڕایڕفێنن
دەیانەوێ
ئادگارە مەینەتبارەکەی،
لەسەر پەردەی کاڵی یادم بسڕمەوە
هێدی هێدی
ترووسکەی چاوی قەوزەیی
لەبیر خۆم و، تەلی ساز و،
شیعری تۆراوم بەرمەوە!
دەیانەوێ چیتر شیعر
نەکەم بەزەردووی مەچەکی
سپی سپی هەروەک بلوور
قژی کاڵی فەرامۆش کەم،
چیتر بەرەو "باغی پاشا"
ڕێ دانەگرم بۆ گوڵی سوور!
کەژاڵەکەم:
هەتا مابین، تا ئەشق و خوای ئەوین مابێ
کێ دەتوانێ ڕاترفێنێ؟
کێ دەتوانێ
گوڵی لێوی ڕەنگ پەمەییت،
لە گوڵدانی بیرەوەریم
هەڵوەرێنێ؟



هەرچەند گیانم بارمتەی ئەم شیعرانەیە،
خۆشەویستیت
دەستەچیلەی ئەو ئاگر و سووتانەیە،
بەڵام گیانە ئەوینی تۆ نەخشی دڵە
ناچێتەوە
نەخشی دڵیش.
بەڕەنگی خوێن ناچێتەوە

١٩٧٥ - هەولێر

## گەڵای پایز

١

شۆڕەبی ئەوەندە سرکە،
لە چپەی با ڕادەچەنێ،
نەوەک گەردەلوولی پایز
کەمەندی زەردی مردنی
لەپڕ باوێتە گەردنێ

٢

ئەوەندەیان ئەشقیا و شۆفار و،
شەیتان
ناردۆتە بەرایی و سەر ڕێم
ئەوەندە زمانی هەنگوینی
لێم بۆتە سفرەماری دێم
گومان، گومان،
گومانمە لە مانگی چواردەی
جۆخێن بەستووی ئەو ئاسمانە!
گومان لە بەفری یەک شەوەی
سپی سپی ئەو کوێستانە!

٣

زامەکانم سارد بوونەوە
تازە ژانی دڵتەزێنیان
تێ دەگەڕێ
تازە خەریکە هەست دەکەم
وەک گەڵای ئیشکەڕۆی پایز
پەنجەکانم،
بەسەریەکا هەڵدەوەرێ

٤

کاتێ چاوی سەوزی هیوام
بەخوڕ فرمێسک دەبارێنێ
وەک ئەو قازمانە فەریکەی
دوای ڕەهێڵە،
بەسەر کەزی زەردەپەڕا
دادەچۆڕێ و
گەش و گۆڵتر خۆی دەنوێنێ
ئای چاوی سەوزی هیواکەم!،
چەند غەم هەڵکاتە فرمێسک و
خوێن بارانێ
هەرگیز ڕەنگی کەژاڵی تۆ
ناچێتەوە
هەرچەند "شەم" ئێلاخ جێ بێڵێ
لە وەرزی گەڵاڕێزانێ،
هەرگیز دڵە "دێوانە"کەم
هەواری ناگوێزێتەوە

١٩٧٥ - هەولێر

## سپێدە

کە سپێدە بەئەسپایی
دەرزی و دوگمەی
سینگی بەیان دەترازێنێ
کاتێ شنە،
چناری سەر بناوانێ
لە ئامێزێ ڕادەژێنێ
جووتیار لەسەر تاتەنوێژێ
بۆ کوڕێژگە و مانگایەکەی
ڕووەو ئاسمان
دوعاکانی دەڵێتەوە
کاتێ درنجی تاریکی
بەرەو بارەگای خودای شەڕ
سەرەوژوور کێل دەبێتەوە
ئەو شەوگارە چی ڕووی دابێ
ئەو شەوگارە
چەند "سەر بێ کڵاو"
چەند کڵاو بێ سەر کرا بێ
لەگەڵ بەیان
چۆلەکەکان دەیگێڕنەوە
لەگەڵ بەیان
ورد ورد لە بۆم دەگێڕنەوە.

١٩٧٧



## حەیران

-١-

ئەی هەوری سەرەڕۆی ئاسمان!
دێیەکەمان،
ها لەو بازگە و، ڕۆخ چەمەیە
گۆڕستانی پشتاوپشتم،
لەو ناو کەڵەک و ژێر سایەی
دار کەوەت و، قەزوانەیە
وەرە، وەرە.
ڕێژنەی فرمێسکەکەم بەرە،
لە ئاقار و، تخووبەکانی ئێمەدا،
هەڵکە بروسک و بارانێ
با قورینگان کۆچێ بخەن،
ڕاپەڕێ پڵێنگی لانێ
با کانیلەی بن گەوەڕان
بزێنەوە
گوڵە گاگرۆی پەنا کێلان
بڕوێنەوە
وەرە، وەرە
دڵی من بکە بروسکە
ئەوجا دەزانی لە کوێندەر
هەڵدەستێ کڵپە و تروسکە!

- ٢ -

ئەی هەوری سەرەڕۆی ئاسمان!
ئەگەر چوویتەوە زۆزانان
ڕێت کەوتەوە دێیەکەمان
لەجیاتی من
ماچ کە هەڵدێر و بەندەنێ
ماچ کە کەوییە بەفری سەران،
خاڵ خاڵی ملە و گەردەنێ
بڵێ کوڕێژگە لاوەکەی ئەو بنارە
دەیگوت ئەمن لێم حەرام بێ
شیری مەمکی کانیلەی بەر سپیندارێ
پرخەی خەوی ناو لەیلوکی
ژێر سێبەری دارەبەنێ،
ئەگەر منی خانە وێران،
دەستبەردار بم
لە ئەشقی کاولە مەفتەنێ.

١٩٧٦



## کەمانچەژەن

کەمانچەژەن
ئەو کاتەی تەلە وردەکان
بەزمانی چیاییەکان
دێنە دوان
پوورەی دڵم شەرغە دەدا
هێندە دەگریم
تا چاوەکانم دێنە ژان
گریان... گریان...
نەک گریانی سەر مەزاران
گریان... گریان...
وەک گریانی ئەو جووتیارەی
لە بەرامبەر
خەرمانی گڕ تێبەربوویا
ئەو ڕۆژانەی بێنەوە یاد
دەنگی هۆ هۆی
ڕەوە ڕیشۆڵەی هەڵدەفڕان
بەفرمێسکی ژنیژگە زەردباوەکەیا
ئەو ڕۆژانەی بێنەوە یاد
چۆن ئاسمانی پایزی ساڵ
پەڵە دەخات
بەدرزی سینگی کچۆڵە ڕووتەکەیا
ئەو ڕۆژانەی بێنەوە یاد
دەمەو بەهار
چۆن قەرسیل کەروێشکە دەکات
چۆن کوڕێژگە پێخواسەکەی

بەدەست و لەتێ نانەوە
بەدوای کاریلان ڕا دەکات
کەمانچەژەن!
من لە چوار ژێی کەمانەوە
گوێم لە هاژەی چەمێ خوێنە
گوێم لە هاواری هەزاران
"سیاوەیشە"
بانگ ڕادەهێڵنە کۆیلەکان
یاغی بن
ئەو کۆیلانەی بەدەیان جار
یاغی بوون و کەلەپچە و سندمیان شکان
بەڵام کوانێ "سپارتاکۆس"!؟
دەی خێراکە
سپارتاکۆسی کۆیلەکان.

١٩٧٧ - هەولێر



## فلۆرا[١]

فەیرۆز،[٢]
ئەی فلۆرا!
بەستەکانت دەچنە ژوانی
مانگەشەوێ
دەبنە خاڵ و، ڕەش دەچنەوە
لە گەردەنی بارەکەوێ
دەبنە "پەلەزێ"ی[٣] ناسکی
سەر تاوێر و لێڕەواران
دەبن بە"بوکۆکە"ی[٤] دەستی
مناڵانی بەرپەساران
دەبنە قەوزەی سەر گۆلی خوێن
دەبنە چراوگ،
لە چادرگەی دەربەدەران
دادەگیرسێن
ئەی فلۆرا!
تۆ گوێ بگرە
لە هۆرەی جووتیارەکانمان
لە بالۆرەی مازووچنی
قەدپاڵی کۆسارەکانمان
لە سۆزی بلوێر ئەنگێوی
بەیار و بنارەکانمان
لە زامی کولی لاوک و
حەیرانی دڵدارەکانمان...
ڕەنگاوی ئەم تابلۆیانە،
داچۆڕانی ئەو ژێیانە،

دەدەن بەیەکا و دەبنە چەم
چەمێکی بێ بواری غەم
منیش گۆیندەی ئەو چەمەم
منیش دڵداری ئەو غەمەم
تۆ بڵێی گۆرانیەکانم
لەو خاکە بەردەڵانەدا
گوڵ دەرنەکەن!؟

---

(١) فلۆرا: خواوەندی گوڵان و دایکی بەهار بووە، لای ڕۆمانە کۆنەکان.
(٢) فەیرۆز: گۆرانیبێژی ناوداری عەرەب.
(٣) پەلەزێ: جۆرە سوسنێکە.
(٤) بوکۆکە: خونچەی گوڵاڵەسوورە.

ئەیلوولی ١٩٧٧



## لەژێر جەزرەبەدا

- چەند جارم گوت: بێ تاوانم
چەند جارم گوت:
هەرگیز بنکە و، مەکۆی ئەوان
پێ نازانم،
چەند جارم گوت:
من هەژارم، من بێ کارم
بەس بپرسن،
بەس بەسەرما بقیرێنن
بەس ڕەهێڵەی تف و جنێو
بەسەر لەشما ببارێنن

- نا... درۆیە،
ئەفسەری چی؟
من بەدرێژایی تەمەنم
گیاندارێکم نەکوشتووە
من هەرگیز خوێنی مرۆڤم
نەڕشتووە
کێ پێی گوتن
من لە ڕیزی پێشمەرگەکانی ناو شارم؟
کێ پێی گوتن
من لە هەموو جموجووڵێ
ئاگادارم؟
نا... درۆیە، من هەژارم،
من بێ کارم
بەس بمکوتن،

بەس جومگە و ئێسقانەکانم
تێک شکێنن
بەس نینۆک و دانەکانم
لە بێخەوە دەربهێنن

– ئەو ناوانەم نەبیستووە،
قەت خاوەنی ئەو وێنانەم
نەدیتووە.
بنکە؟ برنۆ؟ کلاشینکۆف؟
هیچ نازانم
بەسە، ئاخ، ئۆف
بەس ئوتووم کەن
بەس بەپۆستاڵ ناو شانەکانم بکێڵن
بەس شوێنی گازی قامچییەکان
لەسەر پشتم بەجێ بێڵن
من هەژارم، من بێ کارم
من... من...
نا... نا



## نەورۆز

لە ئاسمانی شاری خەوتووی
نیمچە وێران
پەڵەهەورێک بروسکانی
دڵی بولبولێک ڕاچەنی
لە دارستان
نەورۆز!
نەورۆز وا لەبەر دەرگایە
چاوی هەزاران سیخوڕ و،
سەگی ڕاو و،
ساچمەی شازادەی
لە دوایە
دەیانەوێ
وەک کەروێشکی نەرمونیان
بیخنکێنن
گوڵ و هەگبەی دیارییەکانی
لێ بستێنن
بەڵام کاتێ کە بۆی دەچن،
دەبێتە گڕ
لەسەر تاوێر و لوتکەکان
کاتێ کە دەیکوژێننەوە،
دەبێتە تارای گوڵگوڵێن
لە گۆڤەندی چەم و چیا و،
گردۆڵکەکان
دەبێتە خۆشەویستی و،
ماچ و، شیری گوان

نەورۆز گەلێ بەهێزترە
لە ساچمەزەنی شازادە و
لە چاوی کزی سیخوڕان!.

١٩٨٠/٢/١٤ کۆیە



# گەشتێک بەڕۆمانیادا

## ١

## جوانترین یاد

لەودیوی جامخانەکەوە
ورد دەمڕوانی
سەرنجم دەدا لە قوپکەی
کلێساکان
لە پەیکەر و، لە هینجانەی
پڕ لە گوڵ و،
لە کۆتری بەردەست و پێی
منداڵەکان
جار ناجاریش،
لەگەڵ هاوڕێی بەرامبەرم
ورد ورد یەکتریمان دەدوان
لەو کاتەدا
لاوێکی ڕۆح سووکی ڕۆمان
هاتە نزیک،
گوتی: "کوردن؟ بەخێرهاتن،
بەخێربێن سەر هەر دوو چاوان!"
بڕوا بکەن لەو کاتەدا
بروسکەیەک دای لە ناخم،
ئێسقانەکانم داگیرسان
منەتبار بووم
هێند حەپەساو، منەتبار بووم،

نەختێک بەڕووی خەنیمەوە،
لە ناوەوەش
کەوتمە سووتان و داچۆڕان!

١٥/٨/ ١٩٨٠ بوخارست

٢

## شمشاڵ

شمشاڵ لە ڕیستورانێکا،
خەڵکی خستبۆ سەما و سووڕان
هەر ئەو شمشاڵ،
کاتێ شوانێکی کوردستان
لە شاخانا فووی پیا کرد
هاتە ناڵە و،
چیاییەکان لە دەورەیا
گەلێ گریان!...

١٥/٨/ ١٩٨٠ بوخارست

٣

## شۆڕەبی

شەپۆڵەکان
بەتاو یەکتریان ڕاو دەنا
شنەی با درەختەکانی
خستبۆ زۆران...!
دەریا بێ باک سەمای دەکرد
کراسی شینکاری هەڵدەکشا



تا سەرچۆکان...!
منیش بۆ جوانێ دەگەڕام
تیا بەدی کەم،
جوانی چیا و غەمی خەستی
چیاییەکان
لە دوورەوە،
شۆڕەبییەک ناسیمیەوە
بەغەمباری نووشتایەوە و،
دەستەکانی خستمە سەرشان!

١٩/٨/ ١٩٨٠ کونیستاندا

## ئێوارەکانی سۆفیا

لە باوەشی خاچی والآی کلێسا
زەردەی ئێوارەی "سۆفیا" ئاوزینگ دەدا
شەقامی پڕ لە پەیکەر و گوڵستان،
وا جمەی دێ لە حەساوەی دوای فرمان
کچی تۆکمەی چاو گەرازی مناڵکار،
گورج ڕێ دەکا و شت دەڕوانێ بۆ ڕێبوار
کوڕی باڵا دامەزراوی ناوشان پان
سەری گەرمە بەپەلەیە بۆ جێی ژوان
ساوای جێماو بەدوای دایکیا وەک جوانوو
قژوبژی خۆی داوێتە سەر پاشوو
پیرەکانی دەوری حەوز و فوارە
ڕادەمێنن تا درەنگی ئێوارە
ڕیز لە دوای ڕیز ملیان ناوە ڕێچکەی مرۆڤ
بەرەو گۆڕی شکۆداری دیمیترۆڤ
تاریکان کەوت ئیتر بچی بۆ هەر کوێ
گۆرانییە و مۆسیقایە و هەڵپەڕکێ
کاتێ شلک دەسوورێ کۆڕسی "بالێ"
دەڵێی بەفرە و بەدەم باوە دەبارێ
لەپێش "باند"دا دەست بادەدا "مایسترۆ"
ڤیپیان لێدێ سەماکەرانی دیسکۆ
جار ناجاریش "تانگۆ" یا "ڤاڵسی غەمین"
دڵ دەنگێون خەستتر دەکەن نەشئەی "ڤین"*
لە لای ئێمەی بێ شەوگار و بێ چرا
لە یاد ناچن ئێوارەکانی سۆفیا.

١٩٨٠- هەولێر

* ڤین: شەڕاب



## زستان

بەجێیان هێشتین،
قەتێی پەرێز و، پاوانەکانیش
بەجێیان هێشتین
پۆری ناو شینکەی کەنارەکانیش
بەجێیان هێشتین
حاجی لەقلەقی سەر منارەکان
بەجێیان هێشتین
ئەو پەرەسێلکەی لەژێر یەک بنمیچ
پێکەوە دەژیاین،
ئەویش جێی هێشتین
بارانی ناکاو
نوێن و تفاقی پڕ کردین لە ئاو
وا پایز باغی کردینە چیلکە و،
گەڵای چرۆساو
مانگ پەنای گرت و،
ڕۆژ حەشارگەی خۆی بردە بن هەوران
لە شەوی تاری
بۆ کەرەسیسە و تۆف و تەمتومان
زستان هۆی زستان!
وا باڵەخانەی بەرز کردەوە
تاقی لە بەفر و، شووشە و پەنجەرەی
لە سەهۆڵبەندان
سەربان عاسێ بوون
ڕێ کلیل دران
ڕەشانگ لە نسێ و بەرۆژان بران

کەو ڕژانە دێ،
کێوی پەنایان بردە بەر ماڵان!
کەند و خاڵی بوون، هیزە داچۆڕان
دانیان تیا نەما پرێسکە و هەمبان
ئالیک لەبن هات لیژنەدار سووتان
زریان وا چزووی گەیشتە ئێسقان...
نامەوێ پیر بم،
لەبن پەسیوی کۆشکی زستانا
نامەوێ بمرم لەبەر بۆرانا
لەگەڵ چەخماخەی چاوی گورگەکان،
دوا دەستەچیلەی گۆرانییەکانم
دادەگیرسێنم
ڕچە دەشکێنم
تا بەهاری نوێ، گوڵی دەپشکوێ

١٩٨٣ - هەولێر



# نێرگز فرۆش

کێوی "قەشقە"،
دەڵێی گۆڕی فیرعەونێکی ڕووتکراوە
"کۆسرەت" هەروەک
بەردەنووسێکی کەونینە،
وەک بڵێی بەختەتی مێخی
داستانی تۆفانی خوێنی لێ نووسراوە
لە دوورەوە
لەناو دارستان و تەما،
دەیخوێنمەوە و نایخوێنمەوە
بەهاری وڵاتەکەمان
چەند هەوەسباز و بێ شەرمە
قەدری دڵی شکستی ئێمە ناگرێ
سەیری وا لە "دیوی دوڵێ"
بەهەزار گوڵ سەما دەکەن،
قاقا شەتاو پێدەکەنێ
لە عاستی دێی "شێخ مەنسووریان"
مێردمنداڵێک،
وەک مەلێکی باڵ هەڵپاچراو
هەروا پەلەکوتێیەتی
بۆ ڕێبواران
ئامێزێک نێرگزی پێیە
چەپک چەپک دەیفرۆشێ،
لەگەڵ غەمێکی پەنهانی
لە ڕەشکێنەی تۆخی چاوان
ئای نێرگزی ڕوو قایمی "شێخ مەنسووریان"

چۆن لەناو خۆڵەمێشەوە
هەڵسایتەوە،
ئاوا گەردن کێل و چاو جوان؟!
دیسانەوە،
لە زارکی گوندی "خەلەکان"
وا تارمایییەک دەست هەڵدەبڕێ
لە نزیک کوخێکی نزما
هێواش وەستاین
تا سەربازە ڕەشتاڵەکە
لە پێناسەکان وردبۆوە
تا جانتاکانی پشکنی،
من لە نێرگزجاری چاوی
کچی ناو جێبەکەی تەکمان،
چەپکێ نێرگزە کێویلەی
تێکەڵاوی غەمم چنی!
دووبارە کەوتینەوە ڕێ،
هەر کێوە و لە باوەشی کێو
هەر گردە و لە کۆڵی گردێ!
شاخی "کۆسرەت" لە دوامانا
وەک کلاڤەیەک دووکەڵی شین
قووچ بۆتەوە،
خەریکە پشتەوشکێن بێ
ڕووەو باکووری خۆرنشین
لەسەری لۆفەکانی ڕێ
گۆلی "دوکان"،
هەروەک ئاوێنەی دەستگێڕی
بەردەمی بووک چریسکەی دێ
وەک بلێیی پارچەیەک ئاسمان



داکەوتووە
دەستەودامێنی چیاکان!
چەپکە نێرگزی کوڕێژگەی
شێخ مەنسووریان وا لە دەستما
ئێستاکە بەدرێژایی ڕێ
پەست و زگار
هەرکە بۆنی پێوە دەکەم،
وەک بلێیی وردە شووشەیە و،
دڵم دەبڕێ!
کە گەیشتمە "سلێمانی"
نازانم دیاری بێ بۆ کێ؟
بیبەم بۆ گردەکەی سەیوان؟
یا لە گەڕەکی "جوولەکان"
بیبەشمەوە،
بەسەر هاوسێکانی جاران
کە سەردەمێک
لە سەرەتای پەنجاکانا
بەنهێنی
لە ژوورێکی نمناک دەژیاین
نا... ئێستا بیرم کەوتەوە
منی تەنیای بێ خانەخوێ
کە دابەزیم،
لە ئوتێلێکی نمرە سێ،
دەیدەمە دەست
ئەو خزمەتچییە بێکەسەی
نیوە شەوان،
خەوی دەزڕێنێ خەیاڵی
لانەوازی و تاڵی ژیان

چرکە چرکی سەعاتە گەورەکەی دیوار،
زەنگی ناکاوی ژوورەکان
مشتومڕی، سەرخۆشانی شەو درەنگان
تا گیانی ئارام کاتەوە،
بۆی نێرگزی
کوڕیژگە دڵ غەمینەکەی
شێخ مەنسووریان...

١٩٨٥ - هەولێر



## ئەو ڕۆژە دێ تۆش دێیتەوە

دەستم چوو بوون
قاچم بەفر بردبوونی
دەمویست لادەم،
گڕ و گڵپەی
ئاگردانیماڵەکەتان لە باوەش کەم
جاغەکەم پڕ تووتن کەم و،
تیکەی ئەو ئێوارەیەتان
لەگەڵ بەش کەم
دەمویست لادەم،
پێت بڵێم نزیکە دونیا تەشقی بشکێ
نزیکە پەنگر بکەوێ و زەوی بزێ
دەمویست لادەم،
باسی ئەو ڕۆژە گەشانەت
لە بۆ بکەم،
کاتێ ڕەزەکان دەکێڵێن
تووتن و مشتاغان هەڵدەخەین،
هەموو تێکڕا
خەرمانەکانمان هەڵدەگرین
دەمویست لادەم،
ئا لەو شەوە بۆرانەدا
باسی شەوانی بەهارت
لە بۆ بکەم
ئەو شەوانەی مانگ پەنجەرەی
سەر ڕووبارێ دەکاتەوە
ئەستێرەی چاوگەش لە ژوانی

کانیلەدا، هێند مەست دەبێ،
تا بەسەر شانی لوتکەوە
خەوێکی قووڵ دەیباتەوە
دەمویست لادەم،
بەڵام چرایماڵەکەتان
نەدەگیرسا
لوورە و نووسکەی
گەماڵە گوێ قوڵەکەتان،
نەدەبیسترا
زانیم دەبێ ئەم قۆناغەش
بەجێ بێڵم
بێ نان،
بێ ئاگردوو، بێ خۆشەویست،
هەڵزنێم بەبەردی ماهی و،
کێوی سەختا
ئەو ڕۆژە دێ تۆش دێیتەوە
بەکراسێکی سپی تەنک
وەک دار گەرازی پشکووتوو
لە ناوەختا.

١٩٧٨ - هەولێر



## مەگری

ئەو کاتەی بەپاڵەپەستۆ،
بەرەوخوار ڕاپێچم دەکەن،
ئاگام لێیە چاوەکانت بەدوامەوە،
زریانێکی شین هەڵدەکەن!
مەگری، مەگری
ئێمە نامرین
وەک دارەبەن،
لە تاتەبەردی ماهیدا
ڕەگ دادەکوتین
لە هەر کوێ بین
ئەستێرەکان لەگەڵمانن
ڕووبارەکان لە دوامانن
زەوی، هەتاو، ڕێژنەی باران
هەموو دڵە گریاوەکان،
هەموو زەرد هەڵگەڕاوەکان
لەگەڵمانن
بۆیە دەژین،
لە دمکی تیژی نێزەدا،
لە شیشی بەندیخانەدا
ڕەگ دادەکوتین
مەگری، مەگری
سبەی هەرمێ دەپشکوێ،
ڕەوە "خەزایی"[١] دێنەوە
کۆتری کێوی
چۆن هێلانەی لێ ون دەبێ؟

چاوەڕێم بە،
لە تاریکی ئەم شەوەدا
لە فارگۆنێکی نمرە سێدا
دەهەژێم
دڵم هەردەم بەپێوەیە،
هەتا لەگەڵ سپێدەدا
لەژێر لێزمەی
گریانی شادمانییا،
بەیەک دەگەین
مەگری، مەگری

---

(١) خەزایی: باڵندەییێکە لە ڕەشۆڵە تۆکمەترە، ڕەنگی ئەرخەوانێکی کاڵ و ڕەشێکی دێزە، بەهاران بەڕەوە دەدەن بەسەر دار تووەکانا و دەیکەن بەزاقوزروقێکی زۆر.

هەولێر - ١٩٧٦



## کۆچ

وا مەبینە نەژاکاوم
وا مەبینە نەقوپاوم
بڕوا بکە، لەتاوی کۆچی ئەم جارە
هەتا ئێستاش،
هەر وڕ و هێڕ و تاساوم
لەگەڵ هەر بیرەوەرییێکا
لەگەڵ هەر دێڕە شیعرێکا،
لە بارانی شەوێکی تەڕ،
پتر چکاو داچۆڕاوم
هەروەک ئەو کەڵەکێویەمە
کە لە شاخان ئەنگوابێ
گەرمە برین،
جەرگی دوای خۆی ڕادەکێشێ
هەرکە زامەکەی ساردبۆوە
لە ڕەوەزێکی نەدیوا بەلا دادێ.

١٩٨٠/٥/٤ - هەولێر

## چەم

کە کۆچت کرد،
چەمەکانم نارد بەدواتا
کاتێ زانییان
لەگەڵیانا نایەیتەوە
ئەوانیش نەگەڕانەوە و،
خۆیان فڕێدایە دەریا!

١٩٨٠/٩/١١ - هەولێر



## باغەکەمان

١

### سەوزایی

کە چاوەکانی تۆم بینی
هێندە شەیدای سەوزایی بووم،
لەماڵەوە
باغێکی بچکۆلەم داچاند
چنارم چاند،
قەزوان و سپیندارم چاند
بەڵام کاتێ کە سەوز بوون
هەموو تێکڕا،
لە بەراوردا تێشکان
بۆیە بەم پایزە وەختە
نیازم وایە،
شەتڵی سەوزی چاوەکانت
بگوێزمەوە باغەکەمان

٢

### زەیتوون

پایز لایدا باغەکەمان
باڵندەکانی کۆچیان کرد،
دارەکانی زەرد هەڵگەڕان،

کەچی زەیتوون،
هەروا بەسەوزی مایەوە
بۆیە چەقۆییێکی دڵدار
باسی ئەشقی باغەوانی
لێ هەڵکەنان.

٣

## ژوان

هەموو شتێ چاوەڕێتن
لە باغە ساکارەکەمان
گوڵە هێرۆ،
وا خۆی خستۆتە سەر پەنجە
چاوە چاویەتی بۆ کۆڵان
گوڵەبەڕۆژە پشت لە هەتاو،
ملی لارە ڕووەو دەرگە
لەگەڵ شنە،
جار جار سەرەتاتکێیەتی
تاو تاو دەکەوێتە ڕامان
باندی مۆسیقای چۆلەکە
بۆ پێشوازیت،
هەڵی ناگرێ بنکی هەنجیری گەڵا پان
بەعەزرەتە
لەنێوانی پەنجەکانتا
سیس هەڵگەڕێ ڕەشە ڕیحان
لەژێر کەوشەکانتا بگوێ
چیمەنی بەر سێبەری خەستی ئێواران



تێکڕای گوڵە "ڕازقیەکان"
چاوەڕێتن
هەر دەرکەوی،
تا بیکەنە ڕشێنە عەتر و گوڵباران
وەک بڵێی نەیانبیستووە
دەبێ چی بکەن گەر بزانن،
بەسەرهاتی خۆشەویستییە
کۆرپەکەمان
کە هەر دوێنێ پێش خۆرنشین،
کەوتە ژێر پێچکەی ماشێنی
ڕوو گرژێکی بۆرژواکان...

١٩٨٤/١٠/١٨

## یادێک

ئای لەو ئێوارەیەی هاوین!
ئای لەو ڕۆژەی
چاوە هەڵووژەییەکانتم
تیا ون کرد
وەک ئەو هەڵماتە کاڵانەی
کە مناڵ بووم،
لە ئێوارەییێکی ماتا
ونم کردن
گەلێ بەدوایانا گەڕام،
گەلێ دامام،
نەمدیتنەوە و، هەرگیز لە یادم نەکردن
ئێستاش ئاوا هەموو شەوێک
لە شەوانی سایەقەدا
لەناو پێروو و، حەوتەوانە و،
کاکەشانا،
بۆ چاوەکانت دەگەڕێم
ئەو چاوانەی
بۆ ماوەییێکی یەکجار کورت،
دڵە ئەویندارەکەمم
تیا چەڕان
نە لە بۆم دەدۆزرێنەوە
نە لە یادیشم دەچنەوە
وەک ماتەکان!

هەولێر ١٩٧٩/١٢/٢٧



## بێداری

ئازیزەکەم
میلی سەعات
بەرەو یەکی دوای نیوەشەو
باڵ لێک دەدات
دوا بەرنامەی شەوبێداران
گۆرانییەکە
لە ڕادیۆی بچکۆلانەما
دەنگێکی قووڵ سەر هەڵدەدات
دەڵێ: "گیانە
هەرچەند دڵیشم نەرم بێ
جارێکی تر من ناگەڕێمەوە بۆ لات!"
ئەی تۆ کەی دەگەڕێیتەوە؟
وەک ئەو نێرگزە پایزییەی
دوای گوڵ وەرین
تازە بەیداغی هەڵدەکات!

## گریان

هەر بەرووی گەش و،
خەندە لێوی دی بووم
هەروەک نێرگزی، بەر خۆرەتاوی،
دەمەو بەهاران
کەچی لە شینی ئازیزێکیانا،
سەری خستبۆ سەر هەر دوو لەپی
باڵای شینپۆشی لەگەڵ هەنسکا
دەشنایەوە
هەروەک وەنەوشەی
بەر تکەی باران!

۱۹۸۳/۱/۱۲ هەولێر



## دەستگوشین

کە دەستە پەڕ ئاوریشمەکەت،
لەناو دەستما نیشتەوە
وەک کۆترێکی دەستەمۆ
بۆنی گوڵاوێکی جێ هێشت
دوای شووشتنیش،
دەتگوت لەناو لەپی دەستما
گوڵ و گۆپکەی دەرکردووە
باغی لیمۆ
وشەکانی فەرهەنگی ناوەوەی ناخم
لەسەر لق و پۆپی گەشی چاوەکانتا
کەوتنە خوێندن و گفتوگۆ!
ئاخ بۆ قامکی کۆکلەی پەمۆ!
ئەگەر دەبوون
بەشووی قەفەزێکی نیان،
بۆ ئەو دڵە جوانپەرستەی،
پڕ لە ئەندۆ
منیش دەبووم بەکۆیلەت و،
بۆ یەکجاری
زنجیری دەست و باسکی تۆم
دەکردنە گەردن و ئەستۆ!

۱۹۹۲/۷/۲۹ هەولێر

## کە تۆم ناسی

کە تۆم ناسی منالّ بوومەوە
لەبەر هەتاوی جوانیتا ،
وردە وردە کالّ بوومەوە
کەوتمەوە سەودای خەوتنی
ناو باوەش و سەر شلکەی ڕان
کەوتمەوە بیری لایلایە و ،
بەبالّادا هەلّاوسکان
کەوتمەوە مەیلی مژینی
دەم و ، مەم و ، قژ ئالّۆسکان
کەوتمەوە منەی دەم سوین
لە لامل و گەردن و شان
کەوتمەوە یادی گەزینی
چیلچیلەی گوێ و ،
بەدەست و مەچەکدا نووسان
ئازیزەکەم،
پێی لێ دەنێم وەک منالّم
چەند کڕ و مەند و هێمن بم
لە ئاقار میهرەبانیتا
کرچ و کالّم.

١٩٨٤/٦/٢٢ هەولێر

## کە دەتبینم

نالّێم لە تۆ جوانتر نییە!
نالّێم بێ تۆ ژیان چییە ؟
زۆری وەک تۆ
خەیالّاتیان ورووژاندم
خەوی شەوانیان
زڕاندم
ئێستا وەک کەوێکی داودۆز،
بەئاسانی ناکەومە داو
ناکەومە دوای دلّی پێکراو
بەلّام وەک چۆن، سۆسەی بایەک
دارستان دێنێتە هەژان
لۆچ دەخاتە سەر ڕووی گۆلّاو
منیش هەر جار کە دەتبینم،
دلّم هۆن هۆن دەتوێتەوە
وەک سەهۆلّی بەر خۆرەتاو!

١٩٩٠/٢/٣ - هەولێر

## چەتە

ئای لە چاوە چەتەکانی!
نینۆکە خوێناویەکانی
ڕووتیان کردم
لە ناوەڕاستی ڕێگادا
هەر لە بەردەمی کۆگادا
بێ ئەوەی کەس پێ بزانێ
بۆ شایەدیێ ناونیشانێ
کە تیلەی چاوی تێ کردم
بەر لەوەی دڵم بەرکەوێ
جگەری کون بەدەر کردم
ناچار دەستم بەرز کردەوە
یەخسیر ئاسا
زوو دڵم دا بەدەستەوە
بەبێ دڵ و، بەبێ هەناو
کەوتوومە دوای،
شەقام شەقام
شەقاو شەقاو
وەک ڕاوکەرێ
کەرخی مامزێکی ڕەویو
بەسەر بەفرەوە هەڵگرێ!
کەوتوومە دوای
بەبێ چەک و، بەبێ دراو
بێ تۆڕ و داو
بەم ڕووتییە،
بەم بێ پشتی و پەڕپووتییە



چۆن شانی خۆم دەم لە شانی
ئای لە چاوە چەتەکانی!

١٩٨٧/٩/٢٣

## دڵگۆڕین

دڵێکم بوو وەک بلوور،
وەک گوڵە مەندیلانە[1]
بۆ مەرگی خۆشەویستان
ببووە گڵکۆ و گۆڕخانە
لە دوای دەردە دڵێکی
بێ مۆڵەت و گرانا
ئەو ناسکە دڵەم گۆڕی
دڵێکی پۆڵام دانا
پۆڵاییێکی ئاودراو
بەخوێنی ئەشقی کوژراو
بۆیە ئێستا بێ باکم
لە هەڕەشەی ئەو سینگە
عەجوول و مترووکانە[2]
بۆیە ئێستا نامکوژن
دەستەڕێژی ئەو موژە و
چاوە تیرئەندازانە.

---

(١) مەندیلان: گوڵێکی ناسک و جوانە لە جۆری (تیولب) لە سەرەتای بەهاراندا لە ڕۆخ چەمەکانی کوردستان، لە شوێنی نیمچە سێبەردا دەدیترێ.
(٢) متروک: بزێو.

١٩٨٧/٦/٢٧ هەولێر



## سەوداسەر

ئا ئەوەتەی،
کەژاڵێکی قژوبژ شێتی
وەک جوانوویێکی پشت نەگرتووی
ڕەنگ سەگڵاوی
هەروەک خەنجەرێکی دەبان،
تەزبیحی زەرد تێئاڵاوی
مشتوماهی
ئا ئەوەتەی،
لەژێر کەپری دار مێوێکی
سێبەر سووکا
بەدوو شیشکەی وردیلەوە،
بەدوو دەستی تۆکمەی سپی
چەند جوان ڕیسی
خەونەکانی هەرزەکاریم لە بۆ دەچنی!
ئا ئەوەتەی،
لەسەر پەیژەی هەڵکشاوی تەمەنما
بۆت دەڕوانم،
بەچاوی گەوهەرشوناسی
بەو شێوە هێدی و مەندەوە
بەو بەلەکی لە مەڕمەڕ و
بەو دەمە گوڵە قەندەوە
ستوونێکی لە کۆشکی سووری غەرناتە
بنەگوێزێکی شەقڵاوەی
کۆتەڵی جوانی "ڤیدیاس"ی
کچە شیعرە بیست و پێنج ساڵانەکەمت

بەبەژن و باڵادا دەگرم،
بەحاڵ دەگاتە کەمەرت
چاویش زات ناکا هەڵزنێ
بەزۆزانی سینگی سپی
بێ ڕێگا و خزوخەتەرت!
جوانپەرستانە دەڕوانم
بۆ نێوان زی ئەو کراسە
بۆ قژی سیسی قەسەریت،
کە هەر دەڵێی شکارتە گەنمی کامڵ بووە
لەبەر خۆری حوزەیرانا
چاوەڕوانی دەستی زبر و،
دەمی داسە!
ئاخ بۆ ئەو قردێلە کاڵەی
وا بەجۆخینی سەرتەوە
دەڵێی تەیری فەریکانە،*
خۆشی و غەمێکی نادیار
دەخاتە دڵی خەستەوە!
جوانپەرستانە دەڕوانم
بۆ ئەو باسک و زەندی سپیت
جوانپەرستانە گوێ دەگرم
بۆ جووت دەنگی بەلا هاتووی
هاوتەریبیت!
جوانپەرستانە بۆن دەکەم،
بۆنی نەرمی مێینەییت
کە هەر دەڵێی بۆنی کارگی زۆزانانە
گفتی شیرین،
لەو هەوکە قورینگ ئاسایە
دەڵێی شانەی



قەڵشتی زەرد و ماهیانە!
کوڕ و کاڵم،
بڕوا بکە
تازە وا من کوڕ و کاڵم
تۆ مەڕوانە
تاڵ تاڵە مووی سپی سەرم
جار جار لە بەهارانیشا
بەفرە بارێ!
لە ئاسمانی شەوانیشا
تاکوتووک ئەستێرە دەکشێ
وەرە بتبەم
بۆ ئەو لالەزارەی دڵم
ئەو گوڵانەت پێ نیشاندەم
دڵنیام هێشتا نەتدیون
بەو جوانیانەت بناسێنم
تا ئێستا کەس نەیناسیون
دڵم پایتەختی جوانییە چۆن پیر دەبێ؟
باسی پیری مەکەن تخوا
با نەشێوێ با زویر نەبێ
چەند جوانتری
هەر دوور بەدوور بۆت بڕوانم
دەستگیر نەبی
وەک سوێسکەی زورگ و تەپۆڵکان،
هەر کێوی بی و ماڵی نەبی
ڕاکە وەک کەحێلە کێوی
هەردە و چۆڵی مەنگۆلستان
منیش تا دوا پلەی تەمەن،
هەر بەدواتا سەردەکەوم

تا بەر دەرگا و قاپیی ئاسمان!
ترسم هەیە دەست بتگاتێ
جادووی ئەو جوانییە تونابێ
ببییە جەستەیەکی بێ گیان
ڕۆحت وەک دڵۆپێ ئاونگ
هەڵپرووکێ و ببتە هەڵم،
بچتەوە بارەگای یەزدان
لەسەر پەیژەی هەڵکشاوی تەمەنمدا
ئا ئەوەتەم،
لەبەر بەرۆچکەی جوانیتا
زامەکانم هەڵخستووە
بەگوللەی ئەشقی وێڵ پێکراو
بەتیرۆژی گەرمە نیگای
چاوی گەشتا ،
دڵی تۆپەڵە سەهۆڵم
هێدی هێدی
وادەحەلێ و،
دەبێ
بە
ئا
و
!

هەولێر ١٩٩٢/٩/٢٢

---

* تەیری فەریکان = زەردەوەلی، باڵدارێکی زەردی باڵ ڕەشە کاتی فەریک بوونی جۆ خۆش و غەمگین دەخوێنێ.

# ڕێچکەی خوێن

## هەتاوی ئێمە

لەودیوی چیا قووچەکانەوە
هەواڵەکانتان،
بەسەر کەمینی دوژمناندا دێن
لەگەڵ جریوەی چۆلەکەی بەیان
هەواڵی دایکان، کە لە شەوانی بەفر و باهۆزا،
بەپێوە دەمرن.
هی زارۆڵەکان
کە لەناو کێڵگەی مین و نێزەدا
دەبن و پێ دەگرن!.
هی ئەو بەهارەی
کە لەژێر ڕنووی بەفری زستانا
چاوشارکێ دەکا.
هی دونیای تازە،
کە لە پشت سەری چیا قووچەکانا
هەتاوی ئێمە سبەی شەبەق دەدا!.

١٩٨٣ - هەولێر



## کە مناڵ بووم

کە وردیلە و ڕاژیلە بووم
ئەو دەستەی بێشکەی دەهەژان
دەیگوت: "سبەی وەک پەپوولە
دەبییە پاسەوانی ماندووی باغەکەمان
لە پێچی ئەو تەلانەدا
کەپرێکی ڕەخت هەڵدەنێی
لەگەڵ کەنێکی چاو سەوزی
هەروەک گەڵای تووتنەکەمان"...
کە وردیلە و ڕاژیلە بووم
وام دەزانی،
گەر لە باوەشی دایکما بم
کەس ناتوانێ دەرم بێنێ
ئەگەر باوکم لێرا دیار بێ،
کەس ناتوانێ خانیچکۆلەم
برووخێنێ
وام دەزانی پەت تەنها بۆ جۆلانەیە
نەمدەزانی
لاوی بازوو ئاسنینیش
دەخنکێنێ
نەمدەزانی ڕۆژێک دادێ
زامی شیعر و نیشتمان و سەرەڕۆیی،
خەوی شەوانم دەزڕێنێ
ئای لەو ڕۆژانەی ڕابردن!
کە وردیلە و ڕاژیلە بووم
ئای کە چەندە مناڵکار و
بەبێ ئاگا و ساویلکە بووم!

١٩٧٦ هەولێر

## ئەوان

پێیان دەڵێم
ئەو یەک دوو بنە هەرمێیە و،
ڕیزە سپیندارە ئی منە
ئەو کەپر و، کۆز و، چوارداغ و،
ئەو بیستانجارە ئی منە.
ئەو خاوکەرە، ئەو قەتارە
ئەو هەوری لارە ئی منە
کەچی ئەوان
تفەنگەکانیان سوار دەکەن
سێدارەم بۆ دەچەقێنن
لە ماڵێ وەدەرم دەنێن
کوختەکەم دادەگیرسێنن!.

١٩٧٧



## هیوا

ئەی برا گیان
هاوار و، تەقەی تفەنگت
لوتکەی بەفرینی ژێر تەمی
لە خەو هەستان
دە وڵ بە زنجیری دیلی
دەسا بتوێوە ئەی چاخی
سەهۆڵبەندان.
وڵات دەمێکە ئاوسە
بەبەهار و، سەربەستی و، نان.
ئەی برا گیان
تەقەی تفەنگی سنووربڕ،
هێلانەی تازە دادەنێ
لەسەر داری هیوای ژیان!.

١٩٨٠/٢/١٦ هەولێر

## خوێن

لەژێر ئاڵای شکۆمەندی
چیاکانا
لەناو کڕێوە و سەهۆڵا
خوێن لە زامەکانمان دەتکێ و،
گۆرانی بۆ سبەی دەڵێین.
لە بۆ سبەینێی تازەمان،
کە برینەکان دەبنە باغچە و،
بەهاری ئێمەی تیا دەزێ،
بەهاری گەشی کوردستان.
ساڵەهایە
خوێن لە زامەکانمان دەتکێ و،
ماری دەروونی ژەهراوی
دەئاکەکان دەیلسنەوە.
بەڵام وەک چۆن،
بەفری سپی کوێستانەکان
لەبن نایێ
وەک چۆن، چاوی
کانیاوە ئەستێراوییەکان
وشک ناکەن
ئاواش خوێنی دڵی لاومان،
داناچۆڕێ و دوایی نایێ!.

١٩٨٠/٢/٧



## ناوەکەت

ئەی بەهادار،
چاوچنۆک و پیسۆیەکان
زۆر دەترسن
لە ناوە ئاسنکێشەکەت،
کە زرینگەی دێ وەکو پۆڵا،
وەک جفتبوونی چەکەکان!
ئەی بەهادار،
ئەگەر بێت و لە دەستیان بێ،
هەروەک پەمۆ
بەرد بەبەردی چیاکانمان
پەڕە دەکەن،
گەرووی ساواکان پڕ دەکەن
لە قەڵایی.
هەتا ناوە قورقوشمییەکەت
سوڕگوم بکەن لە جیهانا
ئەو ناوەی وەک
"قەزوێنی" تیژی بەجەوهەر
چریسکەی دێ
لەناو چاوی هەموومانا.

١٩٨٠/٢/٨ هەولێر

## چەوساندنەوە

ویستیان لە گۆمێک تیزابا
بمکەن بەمشتێ کێم و خوێن
کاتێ دیتیان،
بۆ ڕۆژێ دێمە سەر تەنیشت
وەک پانکەماسی دەراو و،
چەمی خوڕێن.
فڕێیان دامە تەلبەندێ،
کەلەپچە و زنجیریان هێنا
بۆ دەست و پێم
کاتێ دیتیان،
وەک کەڵەکێوی ناو گاوان،
باز داوێمە
هەڵەمووت و ملەی بژوێن!
ئەم جارەیان هەڵیان بریم
بەتانجی و توولە و، تفەنگ و،
نەفرەت و جوێن.
لەو کاتەوە ئەشقیا بووم
لەو کاتەوە،
ئەشقی بەفر و، پەنا بەرد و،
ناو چیا بووم!.



## سپیم

بۆ گیانی لانگستۆن هیوز

قولەڕەش نیم
هیندییە سوورە و، زەردباویش نیم
سپیم سپی،
وەک قۆزاخەی پەمۆ سپی
چۆن نامناسن؟
لە بازاڕی (شۆریجە)دا
کۆڵ هەڵگرم
لە گۆڕەپانی (تەحریر)ێ
وا بۆیەچیم
لە "ئەسفەهان" مجێورم
لە "ئەستەمبۆڵ"ێ
قاپشۆری لۆقنتەچیم
ساڵەهایە لە کێوەکان
ڕاوم دەکەن
سەردەمێکە من میوانی
بەندیخانە و، قەنارەچیم
چۆن نامناسن؟
لێرە هەموو
چاوە ڕەشە ئازیەتبارەکەم دەناسن
هەموو "کاکە"ی
سەر شۆستە و شەقامی بەغدا باش دەناسن
چۆن نامناسن؟
سپیم سپی
وەک قۆزاغەی پەمۆ سپی.

١٩٧٦

لانگستۆن هیوز: شاعیرێکی ڕەشپێستی ئەمریکا بوو بەزۆری لە شیعرەکانیا باسی چەوسانەوەی ڕەشپێستەکانی دەکرد.

## دمدم

نیوەشەو بوو،
زریانێکی تووش هەڵی کرد
یەکە یەکە،
دەرگا پۆڵابەندەکانی
"ئەسفەهان"ی
لە ڕێسمە برد
ئای "ئەسفەهان"!
ئەسفەهانی شانشین و،
گومەزی شین
دمدم ئێستاش هەر دەسووتێ
زایندەڕوود[1] ئێستاش دەگری
بۆ سوارەکانی "لەپ زێڕین"!

(١) زایندەڕوود: چەمێکە بەشاری ئەسفەهاندا ڕەت دەبێ.

١٩٧٩ - هەولێر



## یاخی

گوێم لە دەنگی شەیپوورێکە
گوتیان ڕاوەست،
ئاڵای نیشتمانەکەتە
وا هەڵدەدرێ
بەڵام کە سەرم هەڵبڕی
تێگەیم و ڕانەوەستام
چونکە ڕەنگی زۆر جیا بوو،
لەگەڵ ڕەنگی ئەو ئاڵایەی
کە لە دڵما هەڵکرابوو
گوێم لە دەنگی شەیپوورێکە
گوتیان ڕاوەست،
ئێستا گەورەی وڵاتەکەت
ڕادەبوورێ
هەرکە سەیری ناوچەوانی
مەزنەکەم کرد،
تێگەیم و ڕانەوەستام
سەرگەلی خۆم دەناسمەوە
ڕاستە "قەت خوێن نابێتە ئاو"!
گوێم لە دەنگی شەیپوورێکە و،
دەستەڕێژێک
چەند زەفتێکی چەک بەشان
گوتیان ڕاوەست،
بەچاوانی خۆت ببینە
چۆن یاخییەکان دەدرێن لە دار
تێگەیم و ڕانەوەستام،

نەیانزانی
من خوێنگری یاخییەکانم
گەر بزانن،
لە تەک ئەوان دەمدەن لە دار.

١٩٨٠/٥/٥ - هەولێر



## چراوگ

دەستەڕێژێک،
سەگوەڕی دوور بەدوایەوە
هەموو دەرگاکان داخران
دوا چراوگی شەو بێداران
کوژایەوە
هەتا سبەی یەکەم هەواڵ،
دەڵێ: لاوێک لەناو کەڵەکێک برینا
لە دڵی دایکیا نێژرا.

١٩٧٩/١/٢ - هەولێر

## ئەشکەوت

لەو تاتووک و زەنوێرەدا،
دوای کارە کێویێ کەوتم
لەپڕ خۆی کوتا ئەشکەوتێ
کاتێ بێ پارێز بەدوایا
بەژوور کەوتم
بوو بەدێوێکی چنگ بەخوێن
خڕ دەرگای لەسەر داخستم.

١٩٧٦ - هەولێر

## سوار

وا دیسان لە دەرگا دەدرێ
لە شارە غەمبارەکەمان،
سوارێکی ڕەش
توند دەمامکی خۆی کردووە،
کۆڵان بەکۆڵان دەگەڕێ
ئەوەی بێ چەک،
دەرگای لە ڕوو بکاتەوە
هەروەک بەرخ سەری دەبڕێ.

١٩٧٦ - هەولێر

## سمۆرە

کۆترێک لە لوبنانەوە هات
گێڕایەوە:
کە چۆن درەختی زەیتوون و،
دارستانی "ئەرز"یان سووتان
لەو کاتەدا،
سمۆرەیەک زریکانی:
- فریا کەون،
وا دار گوێزەکان
داگیرسان

١٩٧٩/١/٦



## گوێز

منالێک بۆ گوێز دەگریا
سمۆرەییێک،
فرمێسکەکانی لستەوە،
گوتی: مەگری،
هەزاران گوێزم ناشتووە
لەو خاکەدا.

١٩٧١/١/٦

## تەزرە

پێیان دەڵێم
بچینە بەرایی بروسکە،
تا گیشە و، خەرمانەکانمان
ئاگر نەگرن
لێڕەکانمان نەبنە سووتوو
چیتر تەزرە،
فەریکی باغەکان نەکوتن

١٩٧٨/٥/٢٦

## نیشانە

کارە مەرەزێکی شینک،
تخووبی پاوانی بەزان
بۆیە پیاوی ئاغای ئەوبەر
ناوچەوانی کردە نیشان

١٩٧٥ - هەولێر

## شلێر

کە مناڵێکی چیایی بەندان دەڵێ،
سپیندار گەز گەز باڵا دەکا
تومەز شلێر،
جگەر سووتانی زۆر دیوە
هۆن هۆن دەگری
لە هەژمەتا

١٩٧٩/١/٧ - هەولێر



## گوڵاڵە

لەو پێدەشت و قەدپاڵە
بەهار و خوێنی شەهید
تێکەڵ بوون
وەچەیەکیان خستەوە
دایکی کورد،
ناوی لێنا
گوڵاڵە.

١٩٨٤/٢/٢٨ - هەولێر

## چاو

ئەستێرەییێکی گەش کشا،
لە کازیوەی بەربەیانا
چاوەکانی ئەو نازدارەم
کەوتنەوە یاد،
ونم کردن
لە تاریکایی هەژاری و
خوێنبارانا
چاوی گەشی ئەو جوامێرەم
کەوتەوە یاد،
بەسەر تیژایی نێزەدا
هەڵخلیسکا
هەر وەک ئەو هێلکە تفتیلکەی،
لە هێلانەدا دەکەوێ
بەشوێنێکی بەردەلانا.

١٩٧٨/٥/٢٦ - هەولێر

# ڕووبار

ئەو ڕووبارەی وا پرخەی دێ
لەژێر پەردەی ڕەشی شەوا
تۆ وا مەزانە خەوتووە
ئەو کۆلکە مێوە کرمۆڵەی
ئەو تەلانە
وا مەزانە وشک بووە
هێندەت زانی
سەهۆڵبەندانی ئەو شاخە
کرایەوە
ڕووبار بەچاوی سوورەوە
کەوتە سەرپێ
کۆلکە مێو توولەی هاویشت و
ڕشایەوە.

١٩٧٨/٩/٢٨

# چیا

کوختەکانمان
هەروەکو مۆم دادەگیرسێن
لاوەکانمان
بەسێدارەوە ڕادەژێن
بەڵام هەرگیز لێناگەڕێین
سەری بەرزی چیاکانمان
دابنەوێن!

١٩٧٨ - هەولێر



# سایەد

بەو باسکانە هەڵدەگەڕێم،
پڕ بەدەمی ئەو دۆڵانە
لاوکان دەڵێم
بەڵام چاوێک،
لەسەر سێرەی تفەنگەوە
شوێن پێیەکانم هەڵدەگرێ
بست بەبستی وڵاتە بەردەڵانەکەم
شارەزامە
تۆ بڵێی ڕێم ون کردبێ؟

١٩٧٩ - هەولێر

# گرەو

لەو ڕۆژەوە گەورەکانمان
گرەویان دۆڕاندە شەیتان،
تاعون هات و،
هەزارانی وەک گەڵای داران،
هەڵوەران.
تەتەر لە ڕووبارەکانمان
پەڕینەوە
پردیان چێ کرد لە ئێسقان و،
سەری مێران.
کوللە دای بەسەر بەهارا،
وشک بوون گڵووک و گوان،
بەڵێ چونکە گەورەکانمان
گرەویان دۆڕاندە شەیتان.

١٩٨١/١/٢٣ - هەولێر

## پەرژین

گەورەکانم،
ئەرێ برا گەورەکانم!
باغەکانمان پەرژین دەکەین
"وا گەفێ لە تورگی دەکەین"
لێناگەڕێین چیتر ڕەزەکانمان برنن،
بۆ ڕووناکیی شەوی سوورتان،
ڕۆنی چراکانمان بدزن
کە وشەکانتان ناسڕینەوە
لەژێر باری گرانتانا،
هیچیتر کۆم نابینەوە
چیتر دەستی سواڵکردنتان
بۆ درێژ ناکەین،
چونکە دەشتە سەوزەکانمان،
نانی هەموو دنیا دەدەن،
چونکە کانی و ئاوەکانمان
هەموو سەحراکانی جیهان
پاراو دەکەن!.

١٩٨٠/١٢/٥ - هەولێر



## گومان

بارەکەوێکی ڕاپەڕان
چەند بانگی کرد
- من ئەشقی خاڵی گەردەنم
چەند بانگی کرد
- من شەیدای بەستەی ڕەسەنم،
کەچی ئەو لە خشپەی پێیا
کەوتە گومان،
فجوی کرد و،
لەسەر تاوێرە بەردێکا
بۆ دایکی بەر ساچمە کەوتووی
دایە پڕمە و کوڵی گریان.

١٩٧٦ - هەولێر

## زمان

ئەو دەستانەم دەبڕنەوە
چونکە زۆرجار
چەنەی چەوتی زۆردارانی
ورد کردووە
پێکانم هەڵدەوەرێنن
چونکە زۆرجار
لە زنجیرێ یاخی بووە
بەڵام ناشێ
ئەو زمانەم بقرتێنن
چونکە لەوەتی پژاوە،
هەردا و دۆز و کێوی بووە.

١٩٧٦ - هەولێر

# مەست

شەو ڕاشکا و، دوا پیاڵەم
بەرز کردەوە
مەست و بێ باک،
لەشی کەنەفت و شپرزەم
کاتێ بەرەو ماڵ بردەوە
وایان زانی بریندارم
وایان زانی لەژێر جەزرەبە و دارکاری
هاتوومەوە
بەڵام هەرکە تێگەیشتن
من دەمەوێ غەمی ئەوان
بەمەی لەبیر خۆم بەرمەوە،
بۆ سبەی شەو،
ئەو کاتەی کە لە دەرگەم دا
گوتیان: "برۆ، ئێمە چیتر
دەرگا لە مەست ناکەینەوە."

١٩٨٠/٢/٢ - هەولێر



# پەنجەرە

ئەگەر ڕێگای ئێلاخ بەسترا،
خێڵ نەیتوانی بگاتە هەوار
ئەگەر باران دواکەوت و،
زەرد هەڵگەڕا کێڵگە و بنار
گەر باڵی بولبولیان بڕی،
بۆی نەکرا بفڕێ دارە و دار
هەمووی دێنە بەر پەنجەرەی
شیعرەکانم،
چونکە بۆنی خاک و چیا و،
دارستانی تۆیان لێ دێ
ئەی بەهادار.

١٩٨٠/٢/١١ - هەولێر

## ئەو تاڵانە دەگێڕمەوە

"بەدەم مێردمنداڵێکەوە"

هەنگەکانمان شلّغە دا
دار چنار و گوێزەکانمان
ئاگری تەنووری دۆزەخیان
پێ هەڵکرا
کۆڵیت و خەرمانەکەمان
بوون بەشاپڵێتە و شەوچرا
"کاکە حەمە"م لە دار درا
"کاکە وەسمان"
لەژێر جەزرەبەدا کوژرا
بابە لە غەمان وەزگی دا
گوارە زێڕەکانی دایە
بەزۆر لە گوێی داماڵدرا
بزگوڕ و پاتاڵەکەمان
بۆ شوێنێکی دوور بار کرا
کردیان هەرچی پێیان کرا
***
گەورەتر بم،
ئەو تاڵانە دەگێڕمەوە
ئەو ناحەقییە دەسێنمەوە
دار گوێزەکان
یەکە یەکە دەچێنمەوە
ئەو جووتە گوارە زێڕانە،
بۆ دایە گیان هەر دێنمەوە

١٩٧٨ - هەولێر



## کەمەند

هۆ کوردستان
تەنها گوتم خۆشم دەوێی،
پەلیان بەستم و،
هەڵیاندامە بنی زیندان
ئەی چی بکەم بەو دڵە دینەم؟
کە دەیەوێ
یەکە یەکە،
کەمەند باوێتە گەردنی
ئەستێرەکان!

١٩٨٢/٤/١٩ - شیحیات

## چیا و ڕووبار[١]

له وڵاتەکەمدا شاخ هەیە
ڕووبار هەیە
شەو بەشاخا هەڵدەگەڕێ
برسیەتیش بەرەو ڕووبارێ
دادەگەڕێ
بێ لەگەڵما
– کێن ئەوانەی ئازار زەدەن؟
– من نازانم
– بەڵام ئەوان
پەیوەندیدارن بەمنەوە
بانگم دەکەن،
ڕووم لێدەنێن،
دەڵێن ئێمە،
واین لەناو کورەی ئازارا
دەڵێن ئێمە،
واین لەناو ڕووباری خەمی
بێ بوارا
بێ لەگەڵما
ئەوان دەڵێن:
وا میللەتە کلۆڵەکەت
له مابەینی شاخی ماهی و
نێرینەی ئاوی بێبڕی
ڕووباردایە
لەگەڵ برسیەتی و خورێنی و ئازاردایە
نایەوێ هەروا بەتەنیا تێبکۆشێ



چاوەڕێی تۆشە ئەی هاوڕێ
تۆ ئەی ئەوەی خۆشم دەوێی
بچکۆلانەی
هەروەک دەنکە گەنمێکی سوور
تێکۆشان زۆر دژوار دەبێ
ژیانیش پڕ له مەینەتی و ئازار دەبێ
بەڵام تۆ هەر دێی لەگەڵما!

---

(١) ئەم شیعرە ئی "بایلۆ نێرۆدایە، له ناوەڕاستی ساڵانی حەفتا له "بیری نوێ"دا بڵاوکرایەوە.

## بریندار

- ئاوڕ دەوە،
چۆن گڕ لە مۆڵگەی دوژمنا
وا هەڵدەستێ
تەقەی دەستڕێژ بەدوامانا،
دەگاتە گوێ و ناگاتە گوێ
نا، پەلە مەکە ئەی هاوڕێ
لە مەودای گوللە دەرچووین
کەرخی پێمان،
بەفری تازەی بەسەر دادێ
ئای کە ساردە!
نەک خووزی دەم
تەقەی تفەنگیش دەمەیێ
کەچی لەژێر پیلی چەپما
دەڵێی گەرمکێک دەربووە
وا تەنوورێک لە هەناوما
گڕی دەردێ
تێکەڵاوی تەزوویێکی سارد
وەک کارەبا،
بەناو مۆخی ئێسقانەکانما
ڕەت دەبێ
نا، پەلە مەکە ئەی هاوڕێ
خەریکە ئەژنۆم بڕستی لەبەر دەبڕێ
با لەو بستووەش ئاوا بین،
بەرووکاری ئەودیوەوە،
زامی پیلم ببەستەوە



لەبن کەوڕێ
پەلە مەکە،
تازە سێرە هەڵگیراوە
تاریکانی بەسەر دادێ
ڕێچکەی خوێنیش وردە وردە
ژێر بەفری تازە دەکەوێ
ئای کە ساردە!
نەکەی ئاگر داگیرسێنی
نەک مەکۆمان ئاشکرا بێ
با وەک زێروو
ژان دەمی لە زامم بنێ
با سەرما ببڕێ وەک گوێزان
دەبێ هەردەم لە یادمان بێ
ئێمە پێشمەرگەین ئەی هاوڕێ.

١٩٨٤/٢/١٩ - هەولێر

## شـەهـيد

ئێوارەیە و، زەردە جێ بەخۆی ناگرێ
سپیینداری بەژن زراڤ
وا پایز ئەنگاوتوویەتی
خەریکە ڕووت دەبێتەوە
وا پایز ئەنگاوتوویەتی
هەروەک شۆخێکی وەرەمدار
خەریکە خوێن دەڕشێتەوە
نا... نامرێ
مریەمی ئێمە نامرێ
ئەو ڕۆژە دێ
بەبای وادە ئاوس دەبێ
گەر مەزدامان گەڕایەوە
ئیتر هەرگیز عیسامان لە خاچ نادرێ.

***

ئێوارەیە و، زەردە جێ بەخۆی ناگرێ!
کێوەکانمان لە دوورەوە سپی دەکرێن
دەڵێی ئەمشەو
بەفرێکی تازە کەوتووە؟!
چۆن بەفر لە چیا دەبێ؟
ئای شیرینە زیندانییەکەم
گەردنی سپی لوتکەکانت
زەردەپەڕی ئێوارانیان
چەند جوان لێ دێ

***

ئێوارەیە و، زەردە جێ بەخۆی ناگرێ!



لە پێچی کۆڵانەکەمان
ئافرەتێکی بەرگ خمی
دەچریکێنێ و سەرتاپا یەخەی دادەڕی.
چەند چاوێکی بەقوولا چوو
چەند دەستێکی شەقار شەقار
وا دارەبەستێک دادەگرن
لە بانی جێبێکی شینکار...
من دەزانم
دایکە کلۆڵەکەی دەمرێ
من دەزانم
ژنە بێدەرەتانەکەی
تازە بەرگی ئازییەتباری
داناکەنێ
بەڵام ئەگەر کاتی خۆی هات
دار چوالە لەناو بەفریش
دەپشکوێ
گەر مەزدامان گەڕایەوە
ئیتر هەرگیز
عیسامان لە خاچ نادرێ.

١٩٧٧/١٢/٣٠ - هەولێر

## ڕێچکەی خوێن

ئەی بەهادارم،
منیش گەر ئێستا قەرەج بوومایە
خۆم هەڵدەدا سەر پشتی ئەسپێکی
ڕەختی دزیاری
بێ لاکردنەوە
شارە و شارمەکرد
بۆ هەر درهەمێک خورجێک گۆرانیم
دەکرد بەدیاری.
بەڵام بۆ هەر کوێ کە من مل بنێم
شوێن ڕێچکەی خوێنێک،
دەمبا هەردا و هەرد
تا دەمگەیەنتە ناو لێڕەوار و،
ئەشکەوت و نەبەرد.
چاوم لە چاوە ڕەشەکانیانە
بانگمەکەن لەژێر برۆی ئالۆزا
فیشەک لە ڕەختی سەر کەمەریانا
وەک خلیسکەی نێرگز،
دەڵێی خەریکە چرۆ دەردەکا
ئەی بەهادارم
بۆ هەر کوێ برۆم،
لە شەختەبەندی شاخەکانتا خۆم بەدی دەکەم.
لە سۆتووی ئەشق و سوێی زامەکەم
فێرە لاوک بووم
چۆن دەکرێ تازە لەبیری بکەم.
لەو گەرمەسێر و بیابانەدا



بمکەن بەهەڵمیش
دەبمەوە خوناو
بەسەر چیمەن و گوڵزارەکانتا
دەبمەوە بەفر
هەرگیز ناچمەوە
لە ملەی بەرز و نیزارەکانتا
ئەی بەهادارم.

١٩٨٢ - شیحیات

## حەمە

کوشتیان
کەس نازانێ لە کوێیان ناشت
بەڵام دایکە غەمبارەکەی
دڵی باوەڕی نەداوە،
ئێستاش هەر تەقەی دەرگا بێ
رادەپەڕێ[١]
دەڵێ: "حەمە!،
کوڕێژگە لانەوازەکەم
گەڕایەوە."
کوشتیان
لە سپێدەی کەوە ڕۆژێکی پایزی
دڵی گەرمی نایە مشتی سڕی سونگی
هەتا مناڵانی هەروەک،
قۆزاغە ئاوریشمی سپی
دەست و پەنجەیان نەگۆنێ
لە بۆیەدا
چیتر کەوشی ڕوو گرژەکان
نەسڕنەوە.
پیاوی کامڵی نوورانی
لەژێر باری ئاسنکێشا
کۆم نەبنەوە.
کوشتیان
وایانزانی ئەو چەند دڵۆپ
خوێنە کەمەی،
بزر دەبێ و بەزەویدا دەچتە خوارێ



نەیانزانی
دەبێتە کانێکی شیرین
بۆ ڕێبواران
نەیانزانی،
دەبێتە هەورێکی خوێنین،
چوار وەرزی ساڵ
دەگرمێنێ و،
بەسەر کێڵگە تێنووەکانماندا دەبارێ.

(١) بێ ئەوەی پێم زانیبێ کاریگەری شیعرێکی محەمەد مەهدی ئەلجەواهیری بەسەر نیوە دێری ناو کەوانەکەدا دیارە لە شیعری (قەیس) لە دیوانی (گۆران)دا.

## دایکی حەمە

دوا تیرێژی هەتاو ون بوو لەو هەردانە
دوا پاساری جووکەی بڕا،
خۆی کوتایەوە گوێسوانە
لەو ئێوارە ناوەختەدا
دایکی حەمە،
ڕووەو قیبلە ڕاوەستاوە
سرنج دەدا
بێ ڕەنگ و لار و مل بەکوێن
وەک درەختێکی پشتاوی
جێگای چەقێن
چاوەکانی
دەمێکە وشکیان کردووە
باڵای نابووت و ڕەشپۆشی
لەژێر باری غەمی حەمە
داکەوتووە
بەندیخانەیەک نەماوە
دە جار سەری لێ نەدابێ
چ زیندانییەک نەماوە
تەنها بۆ سووسەی هەواڵێک
توند دامانی بانەدا بێ
بەڵام دەڵێن: لە بیابانا
لەسەر سنوور
زیندانێکی گەورە ماوە
بۆی نەچووبێ،
هەر چوار دەوری



دێوە و، تەلیسمە و چاوی سوور،
دایکی حەمە،
لەو ئێوارە ناوەختەدا
هەوری هیوایێک لە دڵیا
دەبرووسکێنێ
وەک ئاسۆ سوور
وەک ئاسۆ دوور.

١٢/١٠/١٩٨٦ - هەولێر

## بۆ قەڵادزێ

قەڵادزێ،
بووکی ناو کەژاوەی ئاگر
چاوی کل ڕێژی باروتە
دوای دەیان ساڵ خۆشەویستی
لە شەوێکی شەبەیخونا
لەگەڵ "هیرۆشیما" جووتە!

١٩٧٤ - هەولێر



## نوێژ

"بۆ کۆیەی خۆشەویستی و خوێن"

شارەکەم غەمگینە وەک خۆم
بەدەستێکی،
دڵدارەکانی دەنێژێ
بەدەستێ، گوڵستان و چۆم.
خەڵکە سادە و ساکارەکەی
گاڵتەیان دێ
بەو نەزۆک و خەساوانەی
کە لەسەر مێزی پەپازێن
لە شەوی سڕە و، سەهۆڵا
دەست لەسەر سینگ،
لە بەردەمی گەورەکانیان
بۆ سەدەمین جار دەدۆڕێن
ئەی شاری خۆشەویستی و خوێن
نوێژێک لە دواوەی پەیکەری
پێغەمبەرە ئاوارەکەتدا دەبەستین
لە پێناوی دایکە سیاپۆشەکانمان
لەپێناوی ئەو گوڵانەی
کە لە دوارۆژدا دەپشکوون
لەپێناوی ئەو مۆمانەی،
کە لە جەژنی لەدایکبوونی منداڵان
دادەگیرسێن.
ئەی شاری خۆشەویستی و خوێن.

١٢/٢/١٩٨٠ - کۆیە

## تیزاب

ویستیان پیاڵەی بلوورین
لە شیعرەکانم لێوڕێژ کەم،
بیخەمە سەر مێزەکانیان،
خۆیانی پێ سەرخۆش کەن و لە دەورەیا
گۆرانی بڵێن بۆ سوڵتان
بەڵام کە بینیان پێوەنا
جەرگی بڕین، سووتاندنی تا سەر ئێسقان
بۆیە بەتاوانی ساختە،
لە قەفەزی شوو ئاسنا
دەرگاییێکی پۆڵاینیان
لە دوامەوە داخستووە.
چونکە لە شووشەی شەرابی
بلوورینا،
من تیزابێکی کەسکوونم
بەنەیاران نۆش کردووە.

١٩٨١ - بەغدا - فضیلیە



## ژێ

یاساغە کەس بمانبینێ
یانە یەکێ بماندوێنێ
بەڵام هەر زوو،
لە دەرەزی دیوارەوە
لەگەڵ زیندەوەرەکانا
بووینە هاورێ
لە دەلاقە بەرزەکەوە
ئەستێرەکان
بەزمانێ دەمدوێنن،
یاساوڵەکان تێمان ناگەن!
شەو درەنگانیش سیسرکەکان
مۆسیقاییێکی غەمگینمان
بۆ لێدەدەن.
هەرکە یادی نیشتمانە یەخسیرەکەم،

لەپزوێکی بچکۆلەوە
لە دەروونما،
ئاگرێکی گەورە دەگرێ
سەرێک بەکەلێنی دەرگا
پۆلاینەکەدا دەکەم.
شیشەکانی لەژێر دەستما
خاو دەبنەوە،
دەبن بە ژێ
تا درەنگانێ من گۆرانی کێویلەیان
پێ لێ دەدەم.

١٩٨١ - بەغدا - فضیلیە



## دۆزیانەوە

چاوەکانم ورد ورد گەڕان
ژێر زمانم،
ئەوجا تۆی گیرفانەکانم
کاتێ هیچیان نەدۆزیەوە،
دەستیان هێنا
بەکتێبخانە و نووسراودانم
ئەمجارەیان دۆزیانەوە
لەسەر بەفری شیعرێکی تازەی یەک شەوە
شوێن پێی کاروان و پێشمەرگە و،
کەڵی زاماریان دۆزیەوە
شێوەی دایکانی ڕەشپۆش و
کۆیلەکانی دەم بەهاواریان دۆزیەوە
دۆزیانەوە فاشستەکان
پێکراوێکی لە شەڕ جێماویان
دۆزیەوە.

١٩٨٢ - شیحیات

# حاجیله

هۆ کوردستان
دوای وەڕسبوون،
لە ڕەنگی تەڵخی بیابان،
سۆراغی چەند تۆوێکم کرد،
تا بیڕوێنم،
بەیادی سەوزاییەکانی
ئاران و زۆزانەکەمان
نەمزانیبوو،
تۆوی ناوە گەشەکەتم
هێندە لە دەم هەڵوەریبوو
ببووە مەڵبەندێک "حاجیلە"
لە کەنار باراناوێکی
نزیک بەندیخانەکەمان.

١٩٨٢/٤/١٩ - شیحیات



# تاڵاو

منالێکی هاوسێیەکەمان
چاوی ڕەشی،
دەڵێی کانییە ساغەکانی
"باڵەکان"ە
کوڵمی سێوی "بەرواری"یە
لێوی گەشی،
هەڵاڵە برایمەی سەر بەفری
شاخەکانی "هەورەمان"ە
لە ڕۆژانی تاڵ و چیڕی بیابانا
دێتە گرین
نەک بۆ بوخچە دیارییەکانی
"بابا نوئێل"
نەک بۆ شیرەمەنی و هەنگوین
تەنها بۆ ئاو بۆ بادیێ ئاوی شیرین!

١٩٨٢/٤/١٩ - شیحیات - بیابانی خواروو

# ئێستگە

وا دەنگی دێ
کزەی سەر بەفری کوێستان دێ
خوڕەی ئاوی نشێوان دێ
دەی بیابان چرۆ دەرکە
سەوز هەڵگەڕێ.
کە دەنگی دێ،
من دڵیشم دەبێ بەگوێ
تەنانەت سیسرکەکانیش
بێ دەنگ دەبن.
لوورەی باهۆزیش کپ دەبێ
ڕادیۆ لەسەر ئامێزما،
وەک نەخۆشێکی بێ چارە
ماوەیێکی کەم بێدارە و،
زۆربەی کاتیش لەناو هاشە و ژاوەژاوا
لە گۆ دەچێ
میلەکەی لەناو دەستما
دێت و دەچێ.
وا دیسانەوە دەنگێ دێ
قەڵادزێ،
زامی کۆنی کەوتەوە سوێ
وا هەولێری چەوساوەکان
لە ڕووی مەرگ و سێدارەدا
یاخی دەبێ.
سلێمانی،
چوار وەرزی ساڵ،



سوورەداری ئەرخەوانی
تەڕن چاوی دایکەکانی
"زاخۆی ڕەنگین"
کەناچەی ڕۆخ چەمی خاپوور
بۆ هەڵۆکانی بادینان،
بۆ تەلانە و ژوانگەی ئەوین
دیسان خەریکە کز دەبێ
لەناو فیکە و ژاوەژاوا
بێدەنگ دەبێ
تا درەنگانێ
میلەکەی لەناو دەستما
دێت و دەچێ
منی تینوو، هەرچەند بەدوایدا دەگەڕێم
هەروەک سەرابی بیابان
هەر نایگەمێ و لێم ون دەبێ.

مایسی ١٩٨٢ شیحیات – بیابانی خواروو

## وا ئەم بەهارەشمان پیر کرد

سالّ درەنگە
بەهار گەیشتە پشت مالاّن
قەلەباچکەی سەر پیرە دارگێلاسەکە،
وا هێلکەکانی ترووکان.
ئاو شێلو بوون،
بەفر لە نەویان چوونەوە،
داغ داغ بوون لە بلّند و خڕان
جۆ قەفی کرد،
غەلّێفە مێش شلّخەیان دا
فەراژی بوون کاریلەکان
بادام و گەراز فەریک بوون
چەم فێی لێ هات،
تلاوتل خۆی کرد بەباغا
بەلینگەژەنە و کەفهەلّدان!
لەسەر لمی قەراغی گۆم
کەرخیان دیارە،
تیتراسک و،
قەتاری کۆچی گەڕاوەی
قورینگ و قووان
تەنها شوێنەوارێکی تۆم
بەدی نەکرد.
ئەی ئەوەی کە "لە عەزرەتت
چەندەها پێوەندم کۆن کرد."(١)

***

بە تۆی چۆغەییێکی شڕ و شینە تیخێک(٢)



لەو هەردانە چەند بۆت گەڕاین
لە شەوانی سەرماوەز و، بەفرانبارا،
بەدلّێکی پڕ لە کەسەر،
بەهەناوێکی خەوێران،
لەژێر ڕێژنەی ژیلەمۆدا
چەند لەسەر ڕێگەتا وەستاین
خەرمانەکانمان بۆ کردی
بەمەشخەلّ و قیبلەنوما
بۆ ڕۆشنکردنەوەی بەر پێت،
کەوێلّەکانمان داگیرسان
بۆ بەلاّگێڕی و چاوەزار
مێشکی نەوجەوانەکانمان
دەرخواردی مار و عەزیا دا
سینگمان بۆ کردییە بەردەباز
لەسەر ڕووبارە هارەکان
لەبنی زیندانی تاری،
ناوەکەتمان لە پێستی بازوومان کوتا
بۆ دلّنەوایی و یادگاری
ئەی ئەوەی کە "لە عەزرەتت
چەندەها پێوەندم کۆن کرد"
لە چاوەڕوانی هاتنتا
وا ئەم بەهارەشمان پیر کرد.

---

(١) ئەم نیوە دێرە هی شاعیری کوردی تورکیا "ئەحمەد عاریف"ە.
(٢) شینە تیخ = خەنجەری بێ جەوهەر، هێمایە بۆ کەم چەکی.

١٩٨٤ - هەولێر

## چاوی یاد

رۆژ و شـــــەو دائیم لەبەر دیدەی خـــــەیاڵم حـــــازری
جـــا چ فـــەرقـــێکی هەیە بۆ من ئیـــتـــر ئێـــرە و ئەوێ
کوردی

ئەی دوورەکانی نزیکم!
چاوی یادم
هێند نزیکتان دەخاتەوە
من لێرەوە، لە تاریکایی بیرەوە
دەتانبینم.
بانگتان دەکەم
لەگەڵ ڕشێنە بارانی
پایزانا،
بۆنتان دەکەم.
دەتانبینم، چاوەکانتان
وەک چەپکە وەنەوشەی غەمگین
تیژ هەروەک دەبانی قەزوین
هەیوە شەوان
کە مانگ وەک ئاوێنەی شکاو
پەرت دەبێ بەسەر کەناری
تەنکاوی ئاو،
لەو بێدەنگی و هێمنییەدا
کە تۆڕی یاد ڕادەکێشم
بەرەو قەراغ
هەر زامە و هەر دڵی گریاو!
ئەو شەوانە
چەند لە ئادگاری غەمینتان



ڕادەمێنم
لە سەروسیمای ئێوەوە
فریشتەکان،
یەکە یەکە پێغەمبەرەکان دەبینم
دەبینم چۆن،
"عیسا" وا لە خاچ دراوە.
ملی "سمایل" دەبینم
لەژێر کێردی تازە ساوا
"یاقوب" بەچاوی مجرۆوە
کراسە بەخوێنەکەی "یوسف"
هەڵدەمژێ و دەیکا بەبۆوە
"برایمی بوتشکێن دەبینم
بەبێ باکی، بەناو ئاگرا مل دەنێ
"ئەیوب" دەبینم بەکرِی
کرم دەم لە جەرگی دەنێ
"محەمەد" دەبینم بەشەو
کۆچ دەکا و مەککە جێ دێڵێ
"بیلال" لەناو کولەکەدا،
بانگی ڕاستی ڕادەهێڵێ
ئەی دوورەکانی نزیکم!
چاوی یادم دەتانبینێ
گوێچکەی دڵم،
زایەڵەی دەنگتان دەبیستێ
بۆیە هەردەم وان لە دڵما
لە دڵتانم. تا چاوی یادم بڕ بکا
بەتەنیا نیم
لەگەڵتانم، لەگەڵتانم.

١٩٧٦/١/١٢ - هەولێر

## دەبارێ

دەبارێ وا دەبارێ
"بەفر گەییە گوێی دارێ"
ماڵمان لە پشت حەوت کێوە
چوار دەورمان گورگ و خێوە
کەندووەکانمان خاڵینە
گوان بێ تەڕایینە
دڵ پڕیەتی لە کەسەر
لە کەمیندایە خەتەر
ئاوایی کشوماتە
بێ جووڵە و هات و باتە
ڕەشبەڵەک و شایلۆغان
بووە بەخەونی شەوان
کوڕ بێ دۆ و، نامورادە
کچ ڕەنگ زەرد و، ناشادە
چاوی جوان بەبێ کلە
ئێستا سوور و بەگلە
قژی خاو بێ خەنەیە
لێو بێ زەردەخەنەیە
خەڵکی تەرە و ئاوارە
لە ڕەنگ و ڕووی ڕا دیارە
هاوارمان ناگا بەکەس
کەس نابێتە فریادڕەس
دەبارێ با ببارێ
بەفر بگاتە گوێی دارێ
مادامکی چیاکانمان



شان دانادەن بۆ زستان
ئۆجاغی ماڵەکەمان
پڕن لە پۆلووی چاوجوان!
با مانگاکەشمان نەزێ
ئەستەور بن خوردەکان
با دەغڵەکان ژەنگ بێنن
بۆڵێک نەدەن ڕەزەکان
ڕۆژگار فێری کردووین
"کاردو" بکەین بەخواردن
"زەرەند" بکەین بەدەرمان
هەنگوین لە شاخ دەربێنین
"ژەنگی گوارە و ئارەقە"
بکەینە مەرهەم و هەتوان
دەبارێ با ببارێ
بەفر بگاتە گوێی دارێ
مادامکی چیاکانمان
شان دانادەن بۆ زستان
ئۆجاغی ماڵەکەمان
پڕن لە پۆلووی چاوجوان.

حوزەیرانی ١٩٨٦ - هەولێر

# مەیخانەی مانگەشەو

شەوە و، زوقمە و، سایەقەیە
دونیای ژێر تیشکی مانگەشەو،
دەڵێی دەریاچەی بادەیە!
تەقەی دەسترێژ
خەو لە چاوان دەتارێنێ
دەنگی زیڕە و شەپۆڕی دوور،
دیارە بۆ خێر نەدیوێکە
لەبەر دڵانە، جوانکەیە.
ولاتەکەم
نیشتمانی گوڵ و گوللە،
جوانییەکەی گورچکبڕە،
کوشندەیە!
ئەی زیڕەی دوور؟
دەڵێی جامخانە و چل چرای
لە دەست ڕەشەبا دەکەوی
ئەی بابۆڕان(*)
دەڵێی کۆشکی حەوت نهۆمی
بەسەر یەکا نغرۆ دەبی
چیت بۆ دەکرێ؟
کێ بەهاواری کێوە دێ.
هەموو شتێ
لە ولاتی گوڵ و گوللەدا
بەزمانی فلس دەدوێ!
فرمێسکیش دەستەواییە
مەیخانەی مانگەشەو نەبێ،



لە بۆ تەرە و لێقەوماوان
مەستبوونی تیا خۆڕاییە!
دونیای لێڵی بەر مانگەشەو
بۆ من مەیە و مەیخانەیە.
تەقەی دەسترێژی نیوەشەو،
مەیگێڕمە و پەیمانەیە
لە دوورەوە لە زۆزانان
تروسکەیەک بەدی دەکەم
دەڵێن: ئاگری شوانکارانە.
هەندێکی تر دەڵێن: نەخێر
چرای دزانە.
لە ولاتی گوڵ و گوللەدا
بۆی هەیە گەر گومان بکرێ
لە بۆی نێرگز، لە کانیی ڕوون
نەک کاریگەر بن وەک ژەهر
وەکو ئەفیون!
لە هەرەتی سەرخۆشیما
لەوپەڕی بێ ئۆقرەی و بێ ئارامیما
سەمەندەر دێن
دەڵێن: وەرە،
بەناو ئاگر و پۆلوودا
ڕەتت دەکەین،
بەجێ بێڵە ولاتی شەپۆڕ و گریان
سیمورغ دێن
دەڵێن: لەودیو پشتی هەوران
دەتفرێنین،
بەرەو ولاتی "شای پەریان"
ژیانێک بژی مەستانە،

ژیانێکی "خەیامانە"
بەڵام ئەو ڕێیە داناگرم
ڕێی کۆچی سوور
هەرگیز ڕووت لێ وەرناگێڕم
تروسکەی دوور!

---

(*) بابۆڕان: دەنگی گریانی پیاو لە کۆست کەوتندا.



## هاتنەوە

هاتوومەوە،
ئەم جارەیان
بەیەکجاری هاتوومەوە
دەی دەرگا دارینەکەمان
لێک بترازێ.
خزم و، کەس و، هاوڕێکانم
خۆتانم باوەنە ئامێزێ.
دەی گەماڵە گوێ قوڵەکە
نووسکەت بێ و خۆتم تێهەڵسوو
لە بەردەمما قنج هەڵتووتێ و بێ و بچوو
گوڵە هێرۆی ڕەنگ پەمەیی
چیلەی ڕەزی
بیلەنگێنە باڵای بەرز و
ئەو لاسک و گەڵای قەنەوزی
دەی کانیلە بتریقێوە
تافە تافت بێ چۆمیلکە
سوولک لەسەرڕا خۆت باوێ
دەی شۆڕەبی بسکان تەڕکە
با خرمژنی هەیاسەت بێ
بەلەک سپی سەر دەراوێ
دایگیرسێنە چرای دڵم
بەخەندە و تیلاکی چاوێ
دەی جووتیار وڵاغان دەنگ دە

لەو پەنا گرد و بنارە.
باغەوان تەقەی تەورت بێ
لەو شیوەڵ و لێڕەوارە
هاتوومەوە، هاتوومەوە
سەرکەووتومە و
بەیەکجاری هاتوومەوە.



## کۆڕەو

١

دارستانێکی ڕەو کردوو
لەبەر باران
لەشکری بیور و مشاری بەدواوە بوو
لە "کۆڕێ" ئاوڕی دایەوە
دی بیورەکان
هەموو کلکیان قوت کرابوو
مشارەکان
ددانەکانیان کەوتبوو

***

دارستانێکی ڕەو کردوو
لەبەر باران بەپێخاوسی
ڕێکەوتبوو
لە ڕۆژە تاریکەکانا
یەک سەد و هەشتا و دوو هەزار
مۆرە داریان لێ خستبوو
لەسەر سنوور
کاتێ کە ئاوڕی دایەوە
دارە براوەکانی خۆی دی
لە نۆژەن هەڵیان دابۆوە
خەڵقی نوێیان دەرکردبوو

***

دارستانێکی ڕەو کردوو
لە زۆزانی سەر سنووران
ڕووت لەبەر باران دەلەرزی

دوای چەند ڕۆژێک
کاروانی بەهارم بینی
بەبارگەی گوڵ و گەڵاوە
هێدی هێدی
لە لوتکەوە دادەبەزی.

١٩٩٢/٥/١٥ - هەولێر

٢

## ئۆجاغ

ئەو دەمەی کە ئاوارە بووین،
دایکم خستە سەر نەڕەی شان
کۆشێ شیعر لەپێشمەوە،
گەلێ لە من شارەزاتر
بەو شاخانە هەڵدەگەڕان.
کە بینیمیان لەو هەردانە
بەبێ تێشوو بەبێ تەکان
خۆیان هاویشتە ژێر باڵم
هەتا سنوور
ئەوان جێیان بۆ کردمەوە
منیان بەخانەخوێ ناسان.

١٩٩١/١٠/٢٠ - هەولێر

٣

## ڕەشـبوون

ئاسمان بەس بێ
هەور، زریان ئیتر بەس بێ
منی تینوو،
نەوەک لە باران بتۆرێم
خوانەخواستا
نەوەک بەفر
لەپێش چاوی شیعرم ڕەش بێ!

١٩٩٢/٥/٧ - هەولێر



٤

## دایکێکی عـەبرە

مەلۆتکەییێکی نیوە گیان
دەم لە سینگی داچەکاویدا دەژەنێ
سێ چوار سەلکە و بنکەی ماندووی
دوا کەوتووە.
- ئەی کوا باوکیان؟
- گوتی: باوکیان لە کەرکووکێ
بۆ یەکجاری لەژێر پردێ
لە باوەشی
زامێکی سوورا خەوتووە.

١٩٩٢/٦/١٠ - هەولێر

## ٥

## پەسیو

ئەوەندە خوێنشیرین مەبە،
نەک چاوپیس و، چلێسەکان
گەرای مێشت تیا بخەن،
شانە شانە بتبڕنەوە.
ئەوەندە خوێنگەرم مەبە،
نەک کەسیرە و، بادارەکان
داتگیرسێنن،
خۆیانت پێ گەرم کەنەوە
هەرچەند شەوە و کۆچە و باران،
هەرچەند تەڕم تا سەر ئێسقان،
هەرچەند دڵم لەبەر ڕەهێڵەی جوانیتا
هەڵدەلەرزێ،
نامەوێ بۆم ببیە چەتر،
حەز ناکەم ببیە مەشخەڵان.
من تەمەنم لەبەر باران بەسەر بردوو،
خۆم نەدا بن هیچ پەسیوێ
لە وڵاتی بەفر و زریان!

١٩٩٢/٤/١٨ - هەولێر



## ٦

## مین

لە "نۆکان"ێ
لە گوێ چەمێکا کەوتبووین،
لەژێر پارچە نایلۆنێکا،
مەگەر خوا هەر خۆی بزانێ
باران و کزەی سەر بەفر
چ کارێکیان پێ کردبووین
لەو سەغڵەتی و بێ وەزعییەدا
کورتبینێکی بیر لە چۆکان،
هات دەستی نا بەڕوومەوە
نەیدەزانی ڕۆژێک دادێ،
شیعرەکانم دەبن بەمین
لەژێر پێیدا دەتەقنەوە.

١٩٩٢/٥/٧ - هەولێر

## ٧

### داو

تازە زەردە کۆی "مامەندە"ی*
ئەنگاوتبوو:
لە لێوی کانیلەییێکا،
دەسکە داو و بنەم هەبوو،
لەناو زیندۆڵە شاخێکا
چاوە چاو بووم
ترپەی دڵم ڕاگرتبوو،
لەناکاو ڕا،
بوو بەقاسپە و، کغ و، فجوو
کە نەختێ سەرم هەڵبڕی،
دیم کورتە شیعرێکی خۆم بوو
پێوە ببوو.

---

* مامەندە: چیاییێکی بڵند و زۆزانە لەسەر سنووری ئێران و عیراقێ.

١٩٩٢/٥/٦ - هەولێر

## ٨

### کەو

ئەمشەو ئاسمان هەور و ساو بوو
جار جار مانگ چاوی هەڵدێنا
جار ناجاریش دەی پرۆشان
خەڵفە چناری سەراوێ
بێ ئۆقرە بوو،
حەجمانی نەبوو لە سەرمان.
"مامەندە" بەو بەرگی سپی نورانیەوە،
بەسام، شکۆدار خۆی دەنوان.
سەیرم دەکرد
ئەو زەرد و ماهی ژوور سەرم،
بەهەموو لەشکری دونیا
ناکەوێ و، نایەتە گرتن،
کەچی لەگەڵ سپێدەدا
ڕەوە کەوێک،
لەسەر زەقترین گابەردی
تۆقەڵەدا
دایانە قاسپەی سەرکەوتن!

١٩٩٢/٥/٧ - هەولێر

٩

## خەرتەلە

مەلۆچکەیەکی هەترە بوو،
خۆی کرد بەژێر تاوڵە نایلۆنەکەمانا
ئاسان گرتم، دیاربوو وێڵ بوو.
کە نەختێ لێی ورد بوومەوە،
بەستەزمانەی نەیدەبینی
هەردوو چاوەکانی کوێر بوو
هەرکە ویستم بەرەڵای کەم
لەپاش باران،
– هاواری کرد ڕێ دەرناکەم،
باڵم بگرن
بمبەنەوە شێخ وەسانان!

١٩٩٢/٥/١٥ – هەولێر



١٠

## تریفە غەم

لە کووچەکانی "سەردەشت"ێ
زەردەپەڕی
ئێوارەیەکی تەزیوم
بەڕێ دەکرد
لە شوێنێکا مناڵان گرد ببوونەوە
هەرایان بوو،
دیاربوو لەوێ
نانیان بەسەر ئاوارەکاندا بەش دەکرد.
لەسەر بانیژەی ماڵێکا
قورینگە کچێکی پشتێند شل
کز وەستابوو.
جوان وەک گلۆکە مەندیلان
بەژن بەیداغ
"وەک سپینداری زارگەلیان"
لە قژە خورماییەکەیدا
باو و باهۆز هەڵیان دەکرد
دیم چاوە ڕەشپۆشەکانی
پڕ شەرم و کل،
بەسەر دڵە برسییەکەمدا
تریفە غەمیان بەش دەکرد!

١٩٩٢/٥/٦ – هەولێر

١١

## جوانی کوشـنده

فریام کەون
لەو ناوەدا
بەهار خەریکە پێ دەگرێ
من جوانی بەفر و چلوورە
بەندی جگەری بڕیبووم
ئەی چی بکەم بەو دڵە شکستەم
چۆن بەرگەی جوانی کوشندە و
تۆقێنەری وەها دەگرێ!؟
فریام کەون
گۆڕستانەکەی "نۆکان"ێ[١]
مۆمیاکراوی سێبەر و شێ
مردووەکانی
هەموو بوونە گوڵە گاگرۆ[٢]
لەپشت سەری کێلەکانیان
وا دەجووڵێن سەریان دەردێ!
تافە تافی
ئاوە جوانەکەی "ناوزەنگێ"[٣]
هەر دەڵێی لەوەتی زاوە
هۆرەی لێکدابڕان دەچڕێ
باڵەفڕەی سێبەر و تاو
لە نێوان لق و گەڵادا
دەبنە نەخشی سەر گۆمە ئاو
"توژەڵە"ی[٤] کاڵ و هەرزەکار



تازە کەوتۆتە باخەڵی
سێبەری دار گوێز و چنار
جووتە سپیندارە ئاشقەکەی
سەر کانیلەی "قوڵە هەرمێ"[٥]
لەو ڕۆژەوە
ڕۆحم پێیان هەڵگەڕاوە
عاسێ بووە
چەند پەل دەکوتێ
ناتوانێ لێیان دابەزێ
"شێنێ"ی[٦] شانشین و نسار
ژنە خواوەندی چاوسەوز
لەبەر باوەشێنی درەخت
لە عەسرێوە
لەسەر قۆڵی مامەندەدا
چاوی دەکەوێتە وەنەوز!
ئێستا شادم
زۆر شادم بەئاوارەییم
چونکە وەک باڵدار ئازادم
جوانییە تاجی سەروەریم!

١٩٩٢ - هەولێر

---

(١) نۆکان: دێیەکی بچووکە لە دیوی ئێرانێ. (٢) گوڵە گاگرۆ: گروک ماست: گوڵێکی ناسکە و گەلێ ڕەنگی جوانی هەیە لە شوێنی بەر ڕۆژدا لەپێش نەورۆزێ دەبیندرێ. (٣) ناوزەنگ: ئاوێکە لەبن چیای مامەندەوە لە شێوەی ئاو هەڵدێر بەکەفچڕین دادەبەزێ وەک شمشێر کوردستانی ئێران و عێراق دەکا بەدوو لەتەوە. (٤) توژەڵە یا توژڵێ: گوندێکی بچووکە لە دیوی ئێرانێ لە شوێنێکی بڵند و چەپەکدایە بەسەر دۆڵە گوێزێکی تەڕ و خەیاڵئامێزدا دەڕوانێ. (٥) قوڵە هەرمێ: چەند ماڵێکە لە دیوی عیراقێ لە شوێنێکی نەویدا چاوگەیەکی ڕوون و باغی جوانی هەیە. (٦) شێنێ: جوانترین و پۆشتەترین گوندی ئەو ناوەیە لە شوێنێکی بڵند و بەر گوشاددایە لە بناری مامەندە لە دیوی عیراقێ.

## هاوسێکەمان

ئەو هاوسێمانە و خۆش مێرە
ڕوو تەنکە،
شەرم بەخۆیە، چاوتێرە
پار زستانێ قەمسەڵەکەی
لە شێخەڵڵا فرۆشتبوو
لەبەر بەڕۆچکەی "ڕەشەمێ"،
ڕەنگی قایشی گرتبوو.
وەک دەمانچە،
دەستە لەگۆ چووەکانی
لە پشتێندی نقووم دەکرد،
بەزەردە و، سوور هەڵگەڕانێک
تێی دەڕوانیم
زمانی تەتەڵەی دەکرد.
دەیگوت: تەشقی دونیا شکا
هەر بزانە کەنگر دەبێ
لە دواتریش
شکارتەکان فەریک دەبن
خەرمان و ڕەوسە زۆر دەبێ.
ئەو هاوسێمانە و خۆش مێرە
منالەکانی وەک جاران بزێو و عەجوول نەماون
کەم جووڵە و، زەرد و، زراون
تۆپەکەیان
ئێستا ناکەوتە حەوشەمان
هەڵنازنێن
بەدارتەل و، دیوارەکان



چاوی سمۆرە ئاسایان
ورشە و، بریقەیان چووە
ڕوومەتی گوڵە هەناریان
ڕەنگی لیمۆیان گرتووە
ئەو هاوسێمانە و چاوتێرە
ئەوەی دەستیان پێی ڕاگەیشت
فرۆشران
گوارە، بازن، ئەڵقە، گوڵدان
یادگاری شەوانی "ئەستێرەباران"
ناز بالیف و، پەتو، کوللە
کتێب، کتێب!
پەڕ پەڕ خوران.

١٩٩٢/٧/٢٨ - هەولێر

## گەمارۆ

من ئەشقە سەروەشێنەکەم
لەناو بەفر و، خوێدا ڕوان
هەرکە ڕوا و پەلی هاویشت،
بوو بەگوڵ و، شیعر و، دیوان
هاوڕێکەشم،
لەباوەشی بەپیتی سەوزەڵەیەکا
تۆوی سەوداسەری وەشان
ئێستا ئەو خاوەنی کۆزێ
شلکە نەمامی چاوجوانە
ترسی هەیە ئابلۆقەی نان،
باغی زەرد کا،
هەڵی ڕنێ دەستی خەزان
منیش دەترسم گەمارۆ
بخرێتە سەر هەور و باران
جوانی هەر لە شوێنی خۆیا
زەرد هەڵگەڕێ.
وەک خۆڵەکەو هەڵبوەرن
شیعر و دیوان.

١٩٩٢/٨/١٨ - هەولێر



## لانەواز

تەنیا خۆم نیم
بەبێ لانە و بێ نیشتمان
ئا ئەوەتەن شیعرەکانم
وەک ڕەنگاڵە
هەر شەوەی لەسەر درەختێ
هەڵدەکورمێن
جووکەیان دێ هەتا بەیان
ئا ئەوەتەن
هەر ڕۆژەی لە باغچەیەکا
بۆ غونچەی وەریو دەخوێنن
لانەواز و، دڵ بەگریان.

١٩٩٢/٨/١٨ - هەولێر

## ئاگر و یار

ئەی بەهادار
وەک شوانکاران،
هێند ئاگری خۆشەویستیمان
لەو بەرزاییانە داگیرسان
تا ئاگر لە گیانمان بەربوو
بووینە قەقنەس
هەر دوو سووتاین.
جا تەنیەوە کێڵگە و بنار
ئێستاش ئازیز،
ئەوا ئاگر لە ڕەزەوە*
پەڕیەوە شار
***
ئەی بەهادار
ئەوەی لە ئاگر جێماوە،
ئەوەی هەرگیز ئاگر نایبات
ئەو زمانە سەمەندەرەیە،
ناگیرێ و، ناخرێتە ژێر بار
کە نەیاران
دەیانەوێ دەستەمۆی کەن،
بەچریسکەی زێڕ، گوژمەی دینار
بەڵام سوێند بێ،
بەو جوانییە غەم ئاڵوودەت
ویردی زمانم هەر تۆ بی.
تاکە سامانم هەر تۆ بی.
هەزار ئەوەندە نەدار بم،
بێ ماڵ و یار.

---

* ڕەز: هێمایە بۆ شیعرە بەناوبانگەکەی (دیلان)ی نەمر.

١٩٨٩/٩/١٨ - هەولێر



## چیرۆکی هەژاری

لەگەڵ هەژاری مناڵ بووین
لە یەک گەڕەک و کۆڵانا
لەژێر یەک بنمیچی تەڕ و،
لەسەر یەک سفرە و خوانا.
خزمی نزیکمان هەتاو بوو،
نەیارێکی دڕ بوو زستان،
کاتێ بەفر قەپی دەکرد
بەقاچمانا،
زریان دەچزا بەگوێچکەمان.
کە گەورە بووم
ئەویش لەگەڵما گەورە بوو
ئەم جارەیان،
قامچی هەیتە و چاوانی پیس
کەوتنە دوامان
هەڵبژاردە بیر پەتیەکەم
کە پێی زانی
هەژاری دۆستی گیانیمە
دەرگەی لە ڕوو داخستم و،
لووتی لێ هەڵبڕیە ئاسمان
تەنانەت زۆر لە دۆستانم،
ئەوانەی کە هەر دوێنێکە
لەگەڵ هەژاریی هاوڕێمان
بەیەکەوە تلیان دەخوارد،
لەناو قوڕەلیتە و سیان
ئەوانەی بوونە قاچاخچی و،

ڕێی ماڵێ میریان گرتەبەر،
بوونە مەیتەر و، دەرگەوان.
ڕۆژێکیان هەژاریی هاوڕێم
چرپاندی بەگوێما و گوتی:
- "بۆچی ئێمەش
نەبینە گۆرانیبێژی ماڵی میران؟[1]
هەر بەشاباش و شایلۆغان
کۆشک و تەلارمان هەڵدەچێ،
ڕووەو ئاسمان
بولبول بەماڵمان فێر دەبێ
خۆ لێک دەدەن
گوڵ و، چیمەن و، دارستان".
ڕووم کردە هەژاریی هاوڕێم
بەسەریا نەڕاندم: نا... نا
هەر کەسێکی،
نمەکی ماڵی میر بکا،
دەبێ وەک سەگ
لەبەر پێیا بنووسکێنێ و،
دەست بکا بەکلک بادان.
هەر کەسێکی،
لە کارێزی ماڵی میران بخواتەوە،
سەرخۆشی لە ئەژنۆی دەدا،
زمانی دەشکێ و،
دێتە لەرزین و چۆکدادان.
ئەی هەژاریی هاوڕێم
نا... نا!

(١) ماڵی میران: مەبەست میرییە.

١٩٨٤/١١/٢٢

# سـواره گلاوەکان

## سواره گلاوەکان

چەند بۆرە سوارێکی گلاو
گەمارۆی شاعیرێکیان دا
تاژی و توولەیان لێ دەنگ دا
هەموو جل و، جۆرک خوار
شڕ و جینگوڕ، بارگیر سوار
دەورەیان دا
تەقەیان لێکرد قانگیان دا
شوونهەڵگریان لەگەڵدا بوو
کەمۆ و نێمگیر و، بەبا بوو
بۆنی بەزەوییەوە دەکرد
لە شوێن پێیا
قووچەکە بەردی چێ دەکرد
لەناکاو ڕا،
چاوە دەرپۆقیوەکانی
ورد کردنەوە
وەک کوڵەوەبیاب جینگڵی دا،
پشتی خۆی بۆ کووڕ کردەوە
سەرێکی برد، یەکی هێنا
دەستێکی پیس و چڵکنی
بەڕیشی بۆزیدا هێنا!
– گوتی: من چی لێ بزانم
لە کەلێنی ئەودیوەوە
بۆی دەرچووە
دەستی هەورازی گرتووە
وەرن وەرن تەماشا کەن!



لە شوێن پێیا
نێرگزجارێ پشکوتووە،
کانی و سەرچاوە دەربووە
لێرەوارێ لەو یاڵەدا
بەبالای لوتکە هەڵچووە
لە شوێن پێیا
خەزنە شیعری پیرۆزەیی و،
خەناوکە گۆرانی پچڕاو
دەرکەوتووە.
کێ بوو لە ئەنفالەکانا،
کەسوکاری ون کردووە؟
لە گۆڕخانەی بەکۆمەڵدا،
پارچە جگەریان ناشتووە؟
وەرن وەرن لە شوێن پێیا
یەکە یەکە،
شێوە و ئادگاریان دەرچووە
لە شوێن پێیا،
نەک هەر کەلاوەی هەڵەبجە و قەلادزێ
ئاسەواری "دینەوەر" و "حەلەوان"یش
دەرکەوتووە.
ئادەی کوڕینە خێرا کەن
هەتا زووە
دەی تاژی و توولەکان ڕست کەن
دەی بارگیرەکانتان جل کەن
دەی خێرا ڕاوەدووی بنێن
هەتا لە دەست دەرنەچووە
دەی زوو بن زمانی قوت کەن
بیخنکێنن

گەرووی پڕ لە قورقوشم کەن
دەی خێرا کەن
ئەو داودۆزی تەڵەتەقێن
زۆر لەمێژە،
تخووبی خۆی بەزاندووە.
دیسان هەڵوەستەیێکی کرد
چاوی بزی ورد کردەوە
نەختێ داما،
جا ملی خۆی قیت کردەوە
- هاواری کرد بۆ کوێ دەچێ؟
ئەگەر من چی لێ بزانم
تەنها پێناسێکی هەیە
بۆ کوێ دەچێ؟
لەناو ئەو هەموو سیخوڕ و گورگەمێش* و
کەمتیارەدا
بەیەک پێناس چۆن دەردەچێ؟
دەی خێرا کەن،
جگە لەوەی زۆر ماندووە
زاماریشە،
خوێنی جگەری بەربووە
کاتێ هەموو کۆبوونەوە
کە سەیریان کرد کەرخی دابوو،
تا لە گەوەی ئەو باسکانە
ئاوا ببوو
شیعر و خوێنی لێ تکا بوو!

* گورگەمێش: ئەو سەگەیە لەگەڵ گورگ تێکەڵاوی دەکا.

۱۹۹۱/۱۱/۲٤ - هەولێر



## پێناس

هوزارێکی زار و زگار
لە ڕۆخ چەمێکا هەڵکوڕما
کە ویستی دەنووک بۆ ئاو با
قوڕاویلکەیێکی دەمەزەن
لێی قریوان
- گوتی: کوانێ پێناسەکەت؟
ئەی باڵندەی ئیسکگران،
کێ دەتناسێ
کێ دەڵێ بۆ تۆ ڕەوایە
دەنووک بخەیتە ناو کانی و،
ڕووبارەکانی کوردستان؟
هوزار کەمێ سڵەمیەوە
جا نەختێ گیانی بۆ لەقان
گەردنی زەردی هەڵبڕی
لەگەڵ موچڕک و هەنێسکا
تێی چریکان
باغ سەمای کرد
نێرگز پێکی بادەی هەڵدا
ڕووبار هاواری لێ هەڵسا
گوڵ کردییە عەترباران
هەور ڕێزێ بروسکەی تەقان
ئاسمان گریا
نمە نمە دایدا باران
جا بۆق گوتی: ئەمە چییە؟
ئەگەر پاک بای

وەک من دەهاتییە ناو ئاو و،
بۆ خۆت دەبوویە مەلەوان!
ئەمجارەیان هوزاری زار
لەگەڵ تەکان
باڵی گرت و
لەسەر لقی بەرزی شاتان
بەیەک چەهچەهەی خەمەنگێز،
سەرتاپای چەمی خرۆشان!

١٩٩١/١١/٢٤ - هەولێر



## یۆبیلی زیوینی گەورەکچێک

درەختی سیساڵەی شیعرم
نا، بیست و پێنج
نا، نا
نامەوێ تاڵە مووی سپی
لە قژی سەوزتا ببینم.
نامەوێ نا،
لۆچ لە بەری چاوەکانی
پڕ لە وەنەوزتا ببینم
ئەی خەڵفی غەم؟
ڕەگەکانت
لە فرمێسکی گلێنەی چاوەکانمایە.
لە مۆخی ئێسقانەکان و،
لە شادەماری خوێنمایە
بۆیە قومرییێکی غەمگین
هێلانەی خۆی،
لەناو لقوپۆپی سەوزتا
چێکردووە
هەموو ئادگار و ئاکارت،
شێوەی منی
مەند و، زگاریان گرتووە

***

ئەی خەڵفی غەم؟
لەبەر پشتمان هەموو دەمێک،
خەنجەرێکی جەوهەرداری

لەبەر یەخە و بەرکۆژەما
تەلێ وەنەوشەی دڵداری
وەک گەورە کچێکی ڕەسەن
بەدڵ ئاشق و،
بەڕوو تەنک و، شەرمنی.
نایەیتە ناو ڕەشبەڵەک و،
لە گۆڤەندی خاک و، خوێنا
هەڵپەی شاباشی گەردنی
دەبخوێنە
کۆترە باریکەی غەمگینی
سەر تەلی ڕۆحم بخوێنە!

***

ئەی خەڵفی غەم؟
بۆقەکان خۆیان فوو داوە
لە زەلکاوی بێباریدا
بەدەم ئێوارەی بەهارا،
دەقیرێنن
شەمووڵەکان،
لەسەر شانی کۆیلەکانا
هەڵپەیانە و، دەنەڕێنن
قینیان لێتە
ڕکیان لە بەژنی زراڤ و،
چاوە نێرگز فرۆشەکانتە!
دڵم زۆر لێیان کرمێیە
شۆفارەکان
یەقینم ژەهریان پێیە
دەفیشکێنن



ڕەش و، نێمگیر و، دەمەزەن
زمانیان لە هەسان داوە
دەمێکە بیوریان ساوە
ترسم هەیە بتبڕنەوە
سەقەتت کەن، خەسارت کەن
لەو سنوورانە ڕەتت کەن
دە بخوێنە
ئەی تفتیلکی بێچوو دزراو
دە بخوێنە

***

ئەی خەڵفی غەم؟
لە سایەتا منم "ئۆرفیۆس"ی سەردەم
ئەگەر دەرمانخواردت بکەن
ئەگەر وەک مار پێوەت بدەن
بەدواتا دێم بۆ دنیای تر
لەژێر خاکا لێت دەگەڕێم
بۆت لە دەرگای ئاسمان دەدەم!

***

دەی عودەکەم
لە تۆ زیاتر من کێم هەیە
نەختێ سەر بەشانی بکەم
گوێ لە ڕازەکانم بگرێ
جار جار چاوی تەڕم بسڕێ
دەی "نەهاوەند" بمدوێنە
ئەو زامە کولەم ڕاژێنە
لە جۆلانەی قەنەوز و، کرێشەتا،

هەر بۆ ساتێ
باسەرینی کوڵکی کەو بێ
لەژێر مەوجی ئاوریشم ئاسای ناوازتا
بابیۆرژێ و،
دەستە و ئاوێزانی خەو بێ
دەی "حیجازکار" بلاوێنە
تەنها لەتێ دڵم ماوە
دەها ئەویش ببرژێنە!

***

ئەی خەڵفی غەم؟
هەرچەندە لە غەم ڕەخساوی
لەبەر دڵانی بەرچاوی
بەڵام تازە وا مناڵان
بەباڵاتا هەڵدەگەڕێن
مزرە سێوت تاڵان دەکەن
ئاوارەکان لە سێبەرتا
باریان دەخەن
کچی پارچەڵەی هەرزەکار،
وا جۆلانەت لێ هەڵدەخەن
لاوانی کۆک،
حەیران بەسەر
سیاچەمانت هەڵدەدەن
زۆر دڵنیام
ڕۆژێک دادێ جوانپەرستان،
لەسەر ڕێتا ڕادەوەستن
لێت دەپرسن.

١٩٩١/١١/١٧ - هەولێر



## ئەستێرەکانی کرملین

وا هەڵوەرین
ئەستێرەکانی کرملین
وا هەڵوەرین
یەکە یەکە،
چرنووکەکانی ستالین
وا هەڵوەرین
بۆ دەبێ بۆیان غەمبار بین؟
ئێمەی بێ پشت
نەقەڵاکەی مەریوانمان لێ ڕووخاوە
نەچیای سەفین.
ئاوارەکانی سەحرای تار؟
سوڕگومەکانی قەرەقووم
ملهووڕەکانی کرملین
وا سەرنگوون بوون سەرنگوون.
دەی کۆچ و کۆچبارتان تێکنێن
خێرا باژوون.
"ئارارات" بەو سەر و ڕیشی چەرمگەوە
بەپێوە چاوەڕێتانە
چەمی "ئاراس"، زەنوێرەکانی "ئەڵەگەز"
کانیلەکانی "ئەکمەکان"
چاویان تەڕە و،
بۆ دیدەنیتان دڵ بەسوێن.
دەی کۆچ و کۆچبارتان تێکنێن
زوو وەرنەوە
دەی گۆڕی گورگە ستالین

هەڵدەنەوە
بیکەن بەئاودەست و پێشاو
تفی پێدا کەن بەلێشاو
دەی منداڵانی "قەرەباغ" و "قوبادی"
زارۆی "لاچین" و "نەخچیوان"
دەی فۆفۆیان لە بۆ لێدەن
بەردبارانیان کەن بەردباران...
وا هەڵوەرین ئەستێرەکانی کرملین
وا هەڵوەرین.
بۆ دەبێ بۆیان غەمبار بین؟
ئێمە چیمان لە دەست داوە
لە "مێک" و "ڕۆکێت" بەولاوە؟
وا سی ساڵە
بەگوللەی ئەوان دەکوژرێین
وا سی ساڵە
بەشقارتەی ئەوان دەسووتێین.
ئەی لە کوێ بوون دۆستی گەلان؟
سی ملیۆن کورد،
هەموو دەستە و کاسە و جیران.
ئەی لە کوێ بوون،
لە ڕۆژگاری ئەنفال و کیمیاباران؟
نەک هەر ئێسقانیان شکاندین
مێشک و مۆخیشیان تەکاندین.
وا هەڵوەرین ئەستێرەکانی کرملین
وا هەڵوەرین بۆ دەبێ بۆیان غەمبار بین؟
ئێمەی بێ پشت،
نە قەڵاکەی مەریوانمان لێ ڕووخاوە
نە چیای سەفین.

١٩٩٢/٢/٢٤



## ڕاوە ژووشک

ئێمە کەوین یا کەوگرین
کەڵەشێری کرماشانی
بەشەڕ دێنین
کامیان بەزین
بەبەرچاوی هەمووانەوە
سەری دەبڕین
تیرەندازین، نیشانەچین
لە دوورەوە، چریسکەی دەرزی هەڵدەگرین
باڵدار لە ئاسمان دادەگرین
لە مەیدانی ئامانجانێ
وا خەریکی تێکشکانی
تەختی تەوێڵی یەکترین
نەخێر ڕاوچین
شەوگارێکە لەو هەردانە
خەریکی ڕاوە ژووشکین!

١٩٨٣/٨/١٧

# نان

ڕۆژ نییە بەسەر کەمینی
چاوی پیسیاندا نەکەوم.
ڕۆژ نییە بەر دەستەڕێژی
چەنەی چەوت و،
شێوەی ئیبلیسیان نەکەوم.
بۆم دەڕوانن
بەدوو چاوی وەک گۆمی خوێن
ڕەنگیان تاڵ وەک نانی سووتاو
زەرد وەک هەنجیری باوەڕێن.
سەگەکانیان دەخەنە دوام
بۆن بەشوێن پێمەوە دەکەن
بست بەبست کەرخم هەڵدەگرن.
چەند حەز دەکەن خوێنم فڕ کەن،
ئێسکم ورد کەن،
بازرگانی بەپێستی گرواوم بکەن.
زۆر لەوانەی نزیکم بوون
دوور کەوتنەوە
لە دوای چەند گورگە ئاوڕێک
دەمناسنەوە و، نامناسنەوە.
دوور کەوتنەوە،
نەک دووکەڵی ئێسقانەکانم
ڕەشیان کا
نەوەک پریشکی خوێنەکەم
ئاڵوودەدامانیان بکا!

***



دوور کەوتنەوە
دەزانن من دەست دەخەمە
کونی ماران
دار لە شارە زەردەواڵەکان وەردەدەم
تیلکی ڕاستی دەنێمە چاوی زۆرداران.
دوور کەوتنەوە،
لە سەرینگانی دیوانان
کەوتنە سەر تەژگەر و داوێن
گەر وا نەبێ چۆن قووت دەچێ
تیکە نانی خوساوەی ناو
فرمێسک و خوێن!

٢١/١٢/١٩٨٥ - هەولێر

## بەهاری دۆڕاو

بەهار لەپشت پەنجەرەوە،
هەروەک شۆخێکی داوێن پیس
پارچە پارچە،
جلەکانی فڕێ دەدا
چاوەکانیم لێ دادەگرێ
بانگم دەکا
- تۆ چیت داوە
لە دەرگا و کلیل و ڕێگا!
لە پەنجەرەوە دابەزە
دەی ئەو شووشەیە بشکێنە
کە تەنکە هەروەک کچێنی
تەنک وەک دڵۆپی حەیا.
دەی خێرا کە، بەئەسپایی
بەتەنیایی
کام نێرگز ناسکە بیچنە
کام میوە سەر لقە بیڕنە.
دەی خێراکە
تا خەزان لە سەر و قژت
نەیکردۆتە گەڵاڕێزان
هەتا تەم لاجانگەکانی
نەگرتوویی
تا ڕووناکی شێلو نەبووە
لەپێش چاوان.
تا دڵ خورپەی تیا ماوە
هەتا ئەژنۆ بڕستی لەبەر نەبڕاوە.



دەی خێراکە،
تۆ چیت داوە
لە دەرگا و کلیل و ڕێگا
لە پەنجەرەوە دابەزە
بەئەسپایی، بەتەنیایی
- بەڵام نا...، ...نا
برۆ هەی شەیتانی گومڕا.
بەتەنیا نیم
ئێمە زۆرین
بەقەدەر لم بەقەد گیا
بەهەموومان
ئەو دەرگایە دەلەقێنین
لە خاکی بەهەشتی خۆمان،
تووڕت دەدەین
برۆ هەی شەیتانی گومڕا
بەفرمێسکی دایکەکانمان
بەهاری ئێمە سەوز دەبێ
لە زامی شەهیدانمانا
گوڵی ئێمە دەپشکوێ.
برۆ هەی شەیتانی گومڕا
نەفرەت لە بەهاری دۆڕاو
هەزار نەفرەت
لە جوانی ئابڕوو تکاو.

١٩٨٧/٤/٢٥ - هەولێر

## بۆ کچێکی وێڵ

کاتێ خۆت هاویشتە بەر پێم
گوتت: منیش
"ئەلیزا"ییێکی چاو ڕەشم.
نەک هەر دڵمت دەنێمە دەست
سەرپشک بە،
لە تێکڕای ئەندامی لەشم.
زۆر نەما بوو
جامی ناوبانگم بزڕێنی
کانیی شیعرم پڕ ژەهر کەی
ئابدەی جوانیپەرستیم
بڕووخێنی
خۆت وا دەرخست لە پاکیدا
خوناوی بەر زەردەپەڕی
سبەینانی
بەفری تازەکەوتووی کەلی
سوولی بەر مانگی تابانی
وام دەزانی
ئەو کارە کێوییە سرکەی،
سەد شۆڕەسواری تیرەنداز
هەڵتبڕن،
لە خەرەند و ملەی خزا
یەک یەک هەڵیان دەدێرێنی
ئەو شاجوانەی،
لەسەر تەختی شیعرەکانما
نەک هەر حوکمی تۆپی زەوی



حوکمی هەموو ئەستێرەکان
دەسوورێنی!
نەمزانیبوو
پاشەڕۆکی سەر مێزی برجواکانی
بای ئالیک و، ڕشانەوەی
سەرخۆشانی
نەمزانیبوو،
ئەو ماشێنە داکەوتووەی
زۆرجاری تر،
لەژێر تریاکخۆرەکانا
وەرگەڕاوی
لە دوای بۆیە و لەحیمکاری
لە پێشەنگەی جامبازانا
بەناوی زۆر کەس کراوی
دوایە زانیم
تفەنگێکی دەمگوشی خانەخوراوی
لە وێستگەی گومڕابووانا
دوای شەوگاری ئەرخەوانی
لە قەتارێ بەجێماوی.

# میرزا

فیرعەونە مۆمیا کراوەکان
هەرکە زانییان قەڵەمەکەم
نابێتە میرزای هیچ کامیان
هەوڵیان دا بیشکێنن
جا شیعرەکانم ورووژان
هەروەک منداڵانی لاسار
زمانیان لێ دەردەهێنان
دایاننە بەر توێکڵە شووتی و
فیکەکێشان.

١٩٩١ - هەولێر

# شاعیری تەکنیکار

لە بەردەم بڵندگۆیێکا
پتکە شاعیرێک دەینەڕان
وەک چەوەندەر سوور هەڵگەڕاو
سەری زمانی و بنی زمانی
هەر کوردستان بوو، کوردستان
دیاربوو پێچی پێدا دەهات
هەر جارێ خۆی گرژ دەکرد
کە دەیرقان
جگە لە دەستنوێژ شکان و تێوەربنان
مێش و مەگەزی ئەو ناوەی
هەمووی لە خۆی دەورووژان!

١٩٩٢/٥/٧ - هەولێر



# ئەسپەکەی محەمەد عارف(*)

ئەسپێک وا دێ
وەک برووسکە، وەک ڕەشەبا
کەس ناتوانێ بەرزەفتی کا.
شەق ناڵی لە بەردی ماهی
گڕ دەردەکا!
بەناو بێشەڵانی ڕم و، قەمەدا دێ
مێر نییە جڵەوی بگرێ
سواری ناشی، پێ بخاتە سەر ئاوزەنگی،
لەو هەرد و هەڵەتانەدا
هەڵی دەگرێ!
ئەسپێک وا دێ،
بەتاو وا دێ
بەدوای سوارێکدا دەگەڕێ
نەگلا بێ!

---

(*) محەمەد عارف سیامەنسووری: نیگارکێشی ناسراوی کورد.

١٩٨٥/٣/٢ - هەولێر

## شـڕەخۆر

لەگەڵ بانگی
ڕابوون و ڕاپەڕینەوە،
شڕەخۆر و پاتاڵ فرۆش
کەمەریان بەست،
لە پردی گەل پەڕینەوە
ئەو پردەی بەئێسقان و خوێن
چێ کرابوو
ئەڵقە ئەڵقەی،
بەکەللە و بەجەستەی شەهید
هەڵچنرابوو
ئەو کاتەی کە پەڕینەوە و،
کەوتنە ئەوبەر
پردی گەلیان لێک هەڵوەشان
دایان بەدەم لافاوی برسیەتی و گریان
کاکی شەڕ نەدیو و نەوێر
لە نێوان عەسر و ئێوارێ
بوو بەمیرکوڕ و ملیۆنێر
شمەک پەرداخ و جوان و خاس
بەڵام زەین کوێر و پێخواس
چاو باشقەڵە و بلّح و گەلۆر
ورگ شلۆق و بەرتیل خۆر

***

ئاودیویان کرد
ئەوەی دەستیان بەسەر داگرت



ئاودیویان کرد
پایسکل و ئۆتۆمبیلۆکەی منالّیش
ئاودیو کران
هەتا دواجار
حکومەت و پەرلەمانیش
ئاودیو کران...

***

ئەی پێشمەرگەی زوڵم لێکراو
ئەی پێشمەرگەی شەرەفمەندی
ناوبانگ زڕاو
لەبیرمە تازە هەڵدەچووی
وەک کەڵە نێرگزی پایز
بەژن زراو
ژیکەلە و نازداری باوان
بەڵام ئاخ سەودای نیشتمان
لە کەللەی دای
حەمشەری بووی کەوتییە کێوان
ئەو دەست و پەنجە نەرمانەت
لەگەڵ شاخ و چەک و بەفرا
شەقار شەقار بوون و خاران
ئەو کوڵمە پەمەیی ڕەنگەت،
وەک بەردەچەوی ڕووباران
ساڵ بەدوای ساڵ،
بەرغیان گرت و ڕەش داگەڕان
سی ساڵ بەبێ ماڵ و بێ لان
سی ساڵ خەوتن،
لەناو جلۆکە و بزگوڕی

ناو مزگەوت و بەرپەساران
سی سالآن ژیان بەرێوە
سی سالآن مردن بەپێوە
هەتا بوویتە پێست و ئێسقان
جا پاتالّچی،
سی گولّە ڕەزی تەمەنی
لاوێنیتیان کردە چەپک
بۆ سەر مێزی
خوداوەندی شەڕ و شەیتان!.

١٩٩٤/٧/٦ – هەولێر



## هێزی RR

خۆتان لادەن،
وا هێزی ئار ئار پێ دەگرێ
وەک پێکورە، هەر وەکو سن و کیسەلّە
تەڕ و وشکیان بەرناگرێ
وەک کرم دەدەن لە کۆشکی دە نهۆمی
بەسەعاتێ دای دەڕزێنن
شێلمان بەبێ خوێ دەکرۆژن،
وەک قەندە شەکری تەورێزی
بەردە حەلان دەکرمێنن!
وەکو زێروو
دەم دەنێنە خوێنی گەروو
وەکو قرژالّ
کە قەپ دەگرن بەری نادەن
بۆ تالآنی سەلکە پیازێ
بەسەر و بەگیان ئامادەن
کەس نازانێ لە ڕەسەن و لە تورمەی کێن.
وەکو سندان وەک قوززەلّقورت
جەرگی گەلیان
هەمووی کردۆتە کێم و خوێن...
خۆتان لادەن،
گەلێ خورێن و تامەزرۆن
تا پێدەگەن،
تا چەند کیفێک فرێ دەدەن
ئێسکەکانمان دەکرێننەوە
خوێنی گشتمان
بەکاسەی سەرمان فڕ دەکەن.

١٩٩٥/٧/٢٧ – هەولێر

## جادووی پشـت چیا قووچەکان

زاخۆیان لەناو دڵمدا تەقاندەوە و،
خابوور لە چاوما سەری کرد
زاخۆی بێ وەی، زاخۆی دەلال
وەک کۆترێکی سەر هەڵکێشراو
بەبێ ورتە بەبێ هاوار
لەناو خوێنی خۆیدا شەلاڵ...
فاشستەکان بێ خودانن
فاشستەکان هەر هەموویان
یەک توخماتن یەک زمانن
گورگ نەبێ کێ دڵی دێ،
دەست لە هەوکی
قورینگی چەمی خابوور بنێ؟
کێ دڵی دێ،
سەری ناسکترین زەوی
دەشتی - سندیان - هەڵکەنێ؟
زاخۆی جوان،!
کەنیشکە گەورەی هەکاری
ئەڵماسی سەوزی بادینان
دەرگاکانتم لێ بکەوە
برینەکانتم بۆ هەڵدەوە
شلکەی ڕانی
شۆخە شیعرێکی گریاوم
بکە سەرین،
با کزکز باوەشێنت کا
با ڕاتژەنێ



مێش لە زامەکانت دەرکا
دەمت تەڕ کا
زاخۆی جوان،
جادووی پشت چیا قووچەکان!.

۱۹۹۵/۳/۲ - هەولێر

## خانی

ئەو شاعیرەی عەشقی فێری گەلەکەی کرد
ئەو شاعیرەی لە بێکەسی و لە حەیفان مرد
دوای سێ سەد ساڵ پێیان زانی،
گەوهەرێکی شەو چراغە دڵی خانی
جا گورگەکان نەختێ لە یەکتریان مڕان
جا دزەکان بەگوێی یەکتریاندا چرپان
لەگەڵ چەلاو فڕکردن و شایلۆغانا
بەدەم قەپاڵ لێکگرتن و چاو سووڕانا...
لەسەر سەکۆی مزگەوتێکا
بەبرسیەتی،
خەوی لێکەوتبوو خانی
بەدەست سووکی،
داستانەکەی مەم و زینیان
لەژێر سەرینی دەرهانی
چاویان نووسان، ڕێزیان لێنا
کۆتەڵێکی بەبێ دڵیان
لەجێی دانا
گوتیان: بەم جۆرە دەتوانین
دڵی گەورەی لێ بستێنین
ئەم گەوهەرە بێ هاوتایەی
لێ بڕفێنین
ئاوای دەکەین
لە هەموو سنوورەکانی ئەم جیهانە
ئاوای دەکەین
وەک تریاک وەک هێرۆیین.



هەموو دنیا کڕیارمانن
هەموو دنیا قەرزارمانن
دەیفرۆشین
ئێمەی – بەکرۆک –،
خۆشەویستییەکەی مەم و زین
دەفرۆشین
دەیدەین بەچەک، بەبرسییەتی
گەلەکەمانی پێ دەکوژین.

١٩٩٥ – هەولێر

## مێرخاس

لە دەرگەی ئەمنی شیمالی
سەرگەرمی کلک بادان بوو!
هەڤاڵی گیانی بەگیانی
ئەبو فیسار و فلاّن بوو!
بەحیسابێ،
ڕۆژنامەوان و، ئەدیب و، غەزەل خوان بوو
ڕاپۆرتنووس و، نهێن بڕ و، بێ خودان بوو!...
بەخوێناوی جگەرگۆشان
بەسوێراوی چەمی دایکان
بەجواناوی زەحمەتکەشان
گەڕێکی تری دا زەمان.
ئێستاش بەکورتەکی ئاغا
پۆشتە و پەرداغ
کەڵەمێرە،
لە سەرینگانی دیوانی
برا گەوران!.

١٩٩٥/٦/٢٢ - هەولێر



## خوێن پژان

وەک جۆگەیێکی ژێر بەفرم
سارد سارد،
غەمگین غەمگین،
دڵ و هەوک پڕ لە گریان
ببوورە ئەی شیعری تۆراو
ببوورە ئەی وشەی گریاو
ببوورن کتێبەکانی سەر شۆستەکان
کێ دیوانێک شیعری دەوێ
بە لەتێک نان؟
موژدە، موژدە
دەی دەورم بدەن چەرچییەکان
وا ئەمڕۆکە
هەموو نەوتی کوردستانەکەم دەفرۆشم،
بەقاپێک خوێن
بۆ جەستەی خوێن لێ بڕاوی
گەلەکەمان
دەی دەورم دەن،
مەهێڵن نیشتمانەکەم
بەبەرچاومەوە گیان بدا
دەستم داوێنتان چەرچییەکان.

١٩٩٥/٢/٢ - هەولێر

# زۆزانی بەر زەردەپەڕ

## ئەو دڵەی مـن

١

ئەو دڵەی من قەڵاتێک بوو
نە چ حیزبێک پەی پێ برد و،
نە لەشکری ماڵ و سامان.
بەڵام کە سوڵتانی عەشقت
شیری دەرکێشا لە کالان،
دەرگاکانی لە ڕێسمە چوون،
چین چین شوورەکانی ڕمان!
کاتێ لە سەنگەرەکانیا
کەوتییە قرچ و بڕ و تاڵان.
لەناو دووکەڵ و ئاگرا،
کەلاوەیەکت بەجێ هێشت
ئێستاش شەوان،
گڕ و بڵێسەی دەبیندرێ
کز کز بەردەوامە سووتان!.

٢

ئەو دڵەی من
وەک مزرە هەناری ناسک
کەناچەیەک دای لە زەوی
شەقی برد و،
سەدان دڵۆپ فرمێسکی سوور
وەک ڕشتە یاقووتی پچڕاو،
بەزەویدا پەرت بوو و پەڕی!



باڵندەیەک
دەنک دەنک کۆی کردنەوە
بۆیە لە باغچەی هەناران،
وا شالوورێک غەمگین دەگری!.

١٩٩٤/٨/٦ - هەولێر

# زۆزانی بەر زەردەپەڕ

بۆ کچێکی قژ سپی

تازە بینیم سەری بەرزت
لە بەفرا نوخمەسار بووە
تازە بینیم گوڵباغی ڕووت
بەر سرەی ناوەخت کەوتووە
ئەی زۆزانی بەر زەردەپەڕی ئاوابوون!
ئێستە مەندی، ئێستە جوانی
دەڵێی بەرامبەری (قەندیل)
ڕاوەستاوم
کە پایزان یەکەم بەفر،
دەیکاتە بووک
لە باخەڵی جاویدانی!

***

ئەی زۆزانی بەر زەردەپەڕی ئێواران!
گوڵە زەمبەقی ژێر ڕنوو
چوزرە ڕێواسی بن کەویان
ئێستە مەندی، ئێستە جوانی
گەر جاران تەنیا بەرچاو بووی،
ئێستاکە لەبەر دڵانی.
ئەگەر جاران گەلاوێژ بووی،
ئێستاکە مانگی تابانی!
ئێستە جوانی،
ها جڵەوی ئەو دڵە ماندووەم بگرە
بەرزەفتی کە، بیعاملێنە



کە هێشتاکە هەر جوانووە!
سندمی کە نەوەک ڕا کا
ئەو بێ ئۆقرە سەرەڕۆیە،
سەدان پەتکی پساندووە!
گەلێ جاران هەڵی گرتووم
ڕفاندوومی،
لە دەرگەی خوردەسالآنا
گلاندوومی!
بەرزەفتی کە، بیعاملێنە
لە ئابدەی پاکی تۆدا
بافێری جوانپەرستی بێ
بافێری خواپەرستی بێ!.

## حەمەی عەیشێ

بۆ حەمەی دەلاک و هاوڕێکانی

لە دووڕیانی (تۆبزاوە)دا،
تەقەیە و گوللەبارانە.
لە وڵاتی – کۆیێ – چەمەرە و،
سینگ کوتانە.
دوانزدە گوڵە ئەشرەفی سوور
کەوتنە ژێر جەنجەڕی تاوان.
دوانزدە هەڵۆی چوست و جەسوور
باڵ بەستراو دیل کوژ کران.
(حەمامۆک) بەنهێنی دەگری
دارەکانی – شیوی ڕەزان –،
قژی خۆیان هەمووی ڕنی
لە دوای حەمە
– بەنەباوی – بێ زیرەی بەوری بەیانە
– باواجی – چۆلی – قورفە–یە،
بیابانە!

***

چەندم پێ گوتی حەمە گیان
دەمێکە بۆت لە بۆسە دان
چەندم پێ گوتی هەزاران مێردی ئازا
ئەنگاوتراون،
بەدەستی چەورە و چڵکنان!
پێدەکەنی،



بەدوو چاوی مناڵانە
بەڕوویێکی غوڵامانە!

***

هەستە حەمە،
وا دایکت لە دەرگەی کۆیێ
ڕاوەستاوە و،
لە چیاکانی دوور ڕاماوە!
بکوژەکەت لەبەر پێیدا
زمانی کورتە و، چاوی شۆڕە و،
دووش داماوە!
جەللادەکەت،
کاتێ سەیری جامی تەوێڵی تۆی دەکرد
خۆی دەبینی، بچووک بچووک
چرووک چرووک!
بۆیە دێوجامەی خستە کار
مینی بۆ چاندی بەهەزار!

***

هەستە حەمە،
دەست دەوە داری تفەنگێ؛
نەختێک خۆڵی – بەنەباوی –
بەسەر زامەکانت داکە
قومێک دەرمانای – جەلی –
بخۆرەوە،
یەکا و یەکە!
بەدۆڵی – فەقێیان –ێدا
لە بۆ – سماقوولێ – شۆڕبەوە

له خۆشناوەتییێ خۆت ون که،
له - خەلەکان -یێ دەرکەوە.
له سێبەری باغەکانی - نازەنینێ -
بەگوێی یەتا بچرپێنن،
لەگەڵ پێشمەرگەکانی جاران
له بانی - کۆیێ - بگەڕێ
ماڵ بەماڵی جووتیارەکان
ئەو ماڵانەی،
نانی ڕەق و ڕووی خۆشیان
لەبەر دادەنای
ئێستا هەمووی چاو بەگریان
تاسەت دەکەن.
تەنانەت سەگەکانیشیان
بۆن بەشوێن پێ و،
گەردی ڕێگاتەوە دەکەن!

***

هەستە حەمە،
زامەکانت له جۆلانەی
دڵەکانمان ڕادەژێنین!
له لاوکا، له حەیرانا
له بیری ئازادخواهانا
دەتژێنین
دە هەستە حەمەی ڕەنجدەران
ئەی (لاوکی سووری) کوردستان!

١٩٩٥ /١٢/١٢



## بۆ چاکترین دایک

١

دڵی تۆش نوست
وەک سەعاتێکی گرانبەها
وەک سەعاتی،
کلیسایێکی کۆن ئارا!
برینەکانم که چەند ساڵ بوو
لەسەر باسکی تۆ دەخەوتن،
ئێستە هەموویان بەئاگان
شەڵاڵن له فرمێسک و ژان!

٢

ئەی چاکترین دایک
ئەمڕۆ تۆمان ناشت
بەئەژنۆی لەرزۆک
بەچاوی نمناک
ئەمڕۆ تۆمان ناشت،
بەو بەرگی سپی مەرگەساتەوە
وەک تۆ و کولەکە له خاکا ونبووی،
وردیلانە و پاک.
ئەی چاکترین دایک،
تۆ، تۆی گوڵێکی
له تۆی ویژدانا
بێ باران دەڕوێی
بۆیە له ناخما وەک کدولیفکە

تووله هەڵداوێی
بەدەزووی ڕۆحما سەوز هەڵدەچی
ئەی چاکترین داک،
ئەمڕۆ تۆمان ناشت
هەزاران دروود
ئەی گیانی بێ وەی،
ئەی ژنی دڵچاک.

١٩٩٦ - هەولێر



## هەڵوێست

یەک یەک کوڕ و کچەکانی
ئەوجا زاوا و
تێکڕای ماڵە خەزوورانی
لە سایەی خەباتی ئەو و تێکۆشانی
هەمووی جێواری ئاوروپان.
خۆشی پاسپۆرت و چەکی
وا لە گیرفان.
گوێی قوڵاغە،
هەر گوتیان: هات
جا بیبینە پیرە قالۆری بێ ددان.
چۆن چۆنی شانی پیا دەکا
بەقوچاندن و تێتەقان!
بەیەرغە و بەگورگە لۆقێ
- پێ -شی نەبێ
بەقوونە خشکێ دەگاتە سنوورەکان!
هەرگیز باکی ڕێگای نییە
شارەزایە، قاچاغەڕێ و،
بزنەڕێ بێ سانسوورەکان
سۆنەیە و قاپی تەڕ نابێ
بەیەک بناو دەپەڕتەوە
لە دەریا تاڵ و شۆڕەکان
جا لە پشت چیای - ئەلب -ەوە
گورگە ئاوڕێک دەداتەوە.
هۆرە دەکا،
لەتاو فیراقی ئەحباب و،

غوربەتی کورد و کوردستان.
دەڵێن گۆشت قابیلی بازە،
هەر خۆی دەزانێ نهێنی
سمتی خڕ و شەڕابی کۆن و قوون بادان!
کە باسیش هاتە سەر باسی
دەریای – ئیجە – و
مناڵ خنکان
سەر بادەدا و ئەسەف دەکا
بۆ بێ هەڵوێستی لاوەکان.
جا گەر بابایێکی وەک من
هاتە قسە و لێفەی لەسەر هەڵدانەوە،
دەڵێن سەیری چۆن دۆڕاوە و،
خۆی فرۆشتۆتە دوژمنان.
نا... نا وا نابێ هاورێ گیان!.

١٩٩٧/٨/١٨ – هەولێر



## ڕەو

پەنجا نهۆم بەسەرکەوتم،
ئێوارەی تەمەن دەبینم
کەوا داوییەتییە فێنکی
ئاوزەکانی خۆم دەبینم
وا ڕەو دەکەن،
وەک ڕەوە – قووی – سرک و سپی!
دیارە دەڕۆن؟!
ئەی ئەو پیاوە دان زێڕ و مۆخ تەنەکانە
کێ شمشێریان بۆ هەڵگرێ؟
کێ کەڵەشێر و چۆلەکە و،
مێردمنداڵیان بۆ سەر برێ؟!
دیارە دەڕۆن؟
لەولاش هەر پێڵاوەکانن
بەبزە و بەبەزەییەوە
جووت جووت بەرەو پیلتانوە دێن
دەبێ بیان درەوشێننەوە
وەک کۆیلەکانی ئەفریقیا
هەر وەکو ڕووی جووتە گوارەی شەوچرا!...
گەر پنجێک حاجیلە دەبووم
لەو – هاموون –انەی ولاتدا
هەموو ساڵێک،
هەر لە مانگی ڕێبەندانێ
لەسەر گۆڕەکەی دایکما
گوڵم دەدا!...
لە بەرزی پەنجا نهۆمی

کاخی تەمەن،
ئەوا یادەوەرییەکانم
دەمبەنەوە،
بۆ ئەو سەردەمانەی خوێندن
بۆ دیدەنی
ئەو کچۆڵە قوتابییەی،
تەنیا چاوە شەرمنەکانمان
پێک گەیشتن!
تا ئێستاکەش تارماییەکەی
بەبەر چاوما گوزەر دەکا
بەو گوفکەی قژی ئاوریشمی و،
بەو ناوقەدە زراوکەوە
چەند لە بالآی ڕادەمێنم
ئێستاش دەمەوێ بێ پەروا
هەر وەک ڕێواسی ژێر بەفر
کرم کرم، بیکرمێنم!...
ئەنجا نهۆم بەسەرکەوتم
ئا ئەوەتانێ منالێم
بەپێ خاوسی و،
بەدەم و چاوێکی ڕووشاو
بەدوو پاژنەی ترەکیوی
خوێن لێ چۆڕاو،
بەو کۆڵانانە ڕا دەکا!
نە من ئەو خودان دەکەم و،
نە ئەویش ئەمن ناس دەکا!...
ئا ئەوەتەن
چاوە هەڵووژەییەکانی دایکم
تژی لە خۆشەویستی و هۆن



بانگم دەکەن
لێگەڕێ بادەست لە قژی
خۆڵەمێشیتا نقووم کەم
لەسەر مەمکە سیسەکانتا،
دوا هەناسە و ئاوزینگ بدەم!

١٩٩٨/٢/١٢

# زێی کۆیێ

ئەوەتانێ ڕووبارەکە
وەک مارەزیو،
بەژێر پردە پشت کۆماوەکەی
– تەق تەق –دا گوزەر دەکا
تەپۆلکەکان
لە پێچی ئەو نەیژانەدا،
دەیگەوزێنن!
زی دڕاو و مەمک مژراو
بەپەلەپەل،
خۆی دەرباز دەکا و سەر دەکا
دەڵێی برینێکە لە مانگ
خوێنی سەوزی لەبەر دەڕوا
شەپۆڵە نەوت ڕەنگەکانی
ختوکەی یەکتری دەدەن
کەزی هەتاو دەهۆننەوە
هەتاکو چاو هەتەر دەکا!...
تەمەنێکە
لەو هەڵەتانە دەبینم،
ئەو ڕێگایەی داوەتەبەر
کەچی ڕێی ئێمە تا ئێستا
دیار نییە،
بەرەو کوێندەرمان دەبات و،
کەینێ و لە کوێوە دەردەکا!.

هەولێر – ١٩٩٨/٥/٢١



# ئەفسانە و داستان

بۆ سەر مەرقەدی بارزانی

بەختەوەرییە،
ناو غەڕە بەردێکی وڵات
دوا مەنزڵ و ئارامگاتە!
بنو بێ غەم،
ئاگردانی بارزان گەرمە و
– شیرین – ئێشکچی ڕێگاتە!.
بنو بێ غەم،
ئەی هەڵۆ چنگ بەگڕەکەی
سەر تورپکی چیاکانم،
وێزی هەندرێن و خواکورک و،
بەوری مەتین و سەکرانم.
ئەی مرۆ خاکە ڕایەکەی
پشتی نەدار و هەژاران.
لەخۆ بوردوو، خۆ نەویست و،
بێ موڵک و ماڵ و خان و مان.
بنو بێ غەم،
ئەو ئاڵایەی لەدەست (قازی)ت
وەرگرتبوو.
ئێستە شەکاوەی سەر قۆپی و،
کەل و دوندە
گەلە مەرد و ڕەشیدەکەت،
لە سایەیدا سەرفراز و سەر بڵندە.
بنوو بێ غەم،

کوردستانە سوتماکەکەت
لەناو خوێن و خۆڵە مێشا
وەک نێرگز جار،
دووبارە هەڵیدایەوە.
بەشەقام و پرد و تەلار،
ئێستە جوان و ڕازاوەیە.
کوردستانە تاریکەکەت،
نوقمی سپێدەی ڕۆژێکی ساهی و ڕوونە
ناوی کورد پەرت و پەخشانی
جیهان و تێکڕای گەردوونە.
بنو بێ غەم،
یەک تروسکەی یادەوەریت
سەد مۆم، سەد ئاگری بەمەشخەڵان
لە دڵاندا دەکاتەوە.
سەد لاپەڕە لە دیرۆکی بەخوێن نووسراو
پەر بەپەڕ هەڵدەداتەوە.
بنو بێ غەم،
ئەی دەبانە موکارەکەی
بەرکەمەری
جەمهوریەتەکەی کوردستان.
هاژە هاژی بەردەوامی
چەمی ئاراس،
ئەی ئەفسانە و،
خودان جوانترین داستانی
وڵاتی ئەفسانە و داستان.

٢٠٠٣-٢٠٠٠



## سەڕاب

بەو پووز و ڕانە گردەوە
سینگی سفت و هەڵترۆقاو
بەو بەژنی وا کەڵەگەت و،
گەردنی کێل و هەڵکشاو
وەک پسکیتێک
دۆندرمەی کەللەتەزێنی
پڕ لە مووچڕک و کارەبا!
بەهەڵمی دەم دەحەلێیت و،
دڵ دەکەیتە
کوانووە پۆلووی
بەر ڕەشەبا!
هەروەک قاپی پێنج چارەگی
تژی شەڕاب!
ئەو دەمەی دێم،
ئەسپی ڕۆحی شپرزەمت
لێ ئاو بدەم
لەم وڵاتە زۆزانەدا،
لێم دەبیتە تراویلکە
سەڕاب، سەڕاب!

٢٠٠٠ - هەولێر

## زێدی ئێمە

چەند دێڕێکی تر لە پەراوێزی (کوردستان)ەکەی (ئازاد شەوقی) شێوەکاردا.

ئەو کەپکانەی
بەفری زۆریان لێ باریوە
ئەو ڕێگایەی عاسێ بووە و،
لەناو سەهۆڵا مەییوە!
ئەو سولانەی
لە لانکی ئەو گەلیانەدا،
زەفت نابن!
ئەو چەمانەی
هەر دەڕۆن و، پێچ دەخۆن و،
کەنەفت نابن
ئەو دێیانەی
لەو ئاران و نەوارییەدا
دووکەڵی شینیان دەبیندرێ
ئەو ماڵانەی،
هەروەکو هێلانەی هەڵۆ،
بەبەرزی ئەو شاخانەوە
کز کز چرایان دەسووتێ
ئەو وڵاتە زۆر دیژوار و
فرە شیرینە زێدی منە،
ماڵێک لەو ماڵانەی پەنا ئەو گردانە
ماڵی منە!...
بەردەوام دایکم دەبینم



وەکو جاران،
دەڵێی تازە تۆغیانییەتی
نە پیر دەبێ و،
نە چاو لە دیدار تێر دەبێ و،
نە ڕۆح و گیان

***

پیرە دارتووی ناوقەد کلۆری
پشت ماڵان
شاتانی شەنگی زارگەلی
لەو پایزە سی ساڵییەدا،
چۆن ڕەنگی سووریان گرتووە
هەروەکو سۆرکی (شەقلاوە)،
زەرد زەرد وەک لیمۆی (مەندەلی)!
ڕەنگی سەوزی قامیشەڵان و
چغوری کەناری چەم
ناخ پڕ دەکەن لە بۆنی پوونگ،
بۆنی خەیاری گوڵ بەدەم!

***

دارچواڵەی چەتر سپی گوڵ پەپوولە!
لەژێر باڵتا کۆمان کەوە
لەبەر سەرمای ئەو مانگی ڕەشەمێیەدا
خۆشەویستی و ئاشتەوایی
لە ناخمانا بخە جوولە!

***

دەی هەڵپەڕن،
کچانی شۆخی ئاوایی

دەی هەڵپەڕن
لەبەر پێی سوورە چناری
سێبەر سووکا
لەسەر فەرشی چیمەنی ژێر،
سپینداری کڵاو قووچا!
دەی هەڵپەڕن،
چیتر براکانتان ناگرن بۆ ئیجباری
ڕابرد سەردەمی تۆو بڕی و،
جینۆساید و کاولکاری!
دەی دەست گرن،
کەژاڵ و، ئەسمەر و، سپی و،
سەوزەڵەی وەک مانگی تابان!
بەکراسی زەرد و، سوور و، شین
هەروەک قانە گوڵە گاگرۆی
بەر کزەی وەشتی دوای باران!
با بۆی کارگی ئارەقەی بەرۆک و لامل
تێکەڵاو بن، لەگەڵ بۆنی
قەنەفڵ و مسک و سومبل!
تافەتافی ئاو هەڵدێر و خوڕەی چەمان
بابسازێن،
لەگەڵ قاقای پێکەنین و خرمەی چەکان
دەی هەڵپەڕن،
بەردەوام دایکم دەبینم
دەڵێی تازە تۆغیانییەتی
نە پیر دەبێ و،
نە چاو لە دیدار تێر دەبێ و،
نە ڕۆح و گیان!.

٢٠٠١ - دهۆک - هەولێر



## کەڵەڕۆشنبیر

شاعیری ئاخیر زەمان و
ڕابەری ئەو سەردەمەیە!
هەتا کات دووی دوای نیوەڕۆ،
لە دەوامە و فەرمانبەری بەگەمەیە
لە عەسرێوەش تا ئێوارە
لە قاوەخانەکەی - مەچکۆ -،
چەنە چەنی
زڕ شیعری ژانەسەر هێن و،
لەوچە لەوچی دیشلەمەیە!
ئێوارەش دایە فێنکی
لەگەڵ یارانی مفتەخۆر،
لە نادی تا دوای نیوەشەو
پێک هەڵدان و خۆهەڵنان و،
دەست گەمەیە!
نازانم کەی بواری دەبێ
ڕۆژانە دوانزدە سەعاتان
بخوێنتەوە!
بێگومان ئەو ئیدیعایەش
فیشاڵە و خەیاڵ لەمەیە
هاوپێکی - ریفاق - و - هاوڕێ - و - هەڤاڵانە -
بەهەمووانی ڕابواردووە و،
زۆر شارەزای ئەو بەزمەیە!
مافی ئافرەتان لە لای ئەو،
سینگ و لینگ ڕووتی کچانی
ئەو خەڵکەیە و،

خۆشی قاپی باغلەمەیە!
لە هزری مارکسیستانە
تەواو خۆی بسمیل کردووە
جا نۆرەی گیرفانپەروەری و،
فڵتە فڵتی عەولەمەیە!
شەقامی کوردایەتییەکەی
جووت سایدە،
بادانەوەی لەنکاو و دەم دەمەیە!
هەویەی -خەفیفە-ی هەر ماوە
نەوەک ڕۆژێ بەکەڵکی بێ
لەو بگرە و بەردە و کێشمەیە!
خوا دەستی بەباڵییەوە بگرێ و
چەپارەی دا
ئەزموونی کورد،
بێ ئەو کەڵە ڕۆشنفیکرە
هێوێن نابێ و دەڵەمەیە!

٢٠٠١ - هەولێر



## زامەکانی هەولێر

١

لە هەولیرێ بلەرزەک و ڕەشەبایە.
هاڕەی شکستی جامخانە و چل چرایە.
فیچقەی خوێنە،
فیشکەی وەی باب و عەزیایە.
هێزی خێر سست و پیادەیە،
هەولێر لە تەلەسمی دێوان.
دوورە دەستە و، بەتەنیایە.

٢

کەڕمووزن دەستیان لە هەولێرێ وەشان.
هەر چوار خواوەندەکەم بینی،
شانی خۆیان دا بەر قەڵا و،
هەڵیان ساندەوە سەر پێیان!

٣

ئەو بەیانییە
کێڵگەکان ڕایەخی سەوزیان
لەبەر پێی جەژن ڕادەخست.
هەتاو تیشکی ئاڵتونی خۆی
وەک جەژنانە دادەباران.
ئا لەو دەشتە سوندوسییەدا،
قورینگ و شمقارم بینی.
گاگەلی باڵدارم بینی

بەهێمنی دەلەوەڕان.
هەولێرم دی،
وەک شاژنێکی ئاشووری
ڕاکشابوو.
فریشتەکان لە پاییینی
بەنۆرە قاچیان دەشێلا.
هەر چوار خواوەندەکەم بینی
دەستە و نەزەر،
لە بالینی ڕادەوەستان!
بەبێ ئاگا
لە تەگبیر و پستەپستی،
جنۆکەی ناو تونێڵەکانی ژێر قەڵا
بەبێ ئاگا
لە تیرۆر و مەرگەمووشی
عاسی بوانی ڕێی خوڵا!.

٤

میوانی ماڵی شیعر بووم
لە کۆڕێکا.
کە سەرم بەرز کردەوە،
جەرگی گەورەی (مەهدیم) بینی
هەڵکزابوو،
بەبن ساپیتەی هۆڵێکا!.

٥

بەکوچەباغی شیعردا گوزەرم کرد.
دیتم - مەهدی -
مەلۆ مەلۆ شیعری دەچنی.



کە بینیمی،
دڵە باشەکەی لە چاویا بزەگرتی،
گوتی: «دەمێکە بێدەنگی
بۆچی دیار نی؟!».

٦

کوپە لیرەمان دۆزیبیەوە
لە ژێر بناغەی کەلاوەی ماڵە باوان.
بەر لەوەی دەستیان بۆ بەرین
هەمووی بونە زەردەواڵە و،
بەسەر و چاوماندا چزان!.

٧

لەسەر منارە لارەکە
«مزەفەرەدین»م بینی،
چاو لەسەر داری دووربینێ.
چاوە چاوبوو
بەڵکم لەناو تەم تومانا،
لەگەڵ هەوهەوی سوارانا،
بەدەرکەوێ
«شێرکۆیێ، سەلاحەدینێ».
دەیگوت ئەگەر «سەلاحەدین».
خۆی بەو سپڵە و بیر پەتیانە
نەخافلاندبا،
ڕۆژمان زوو ئاوا نەدەبوو.
کارمان وا ساوا نەدەبوو!.

٢٠٠٤/٢/١٥

# ناوەرۆک


شتێک دەربارەی ئەزموونی شیعر نووسینم 5
پێزانین 45

**خونچەی سەهۆڵ**

گەڕانەوە 49
شانۆی بەهار 52
ئەوینی تازە 54
بمکە ئامێز 56
دڵدارەکەم ساویلکەیە 58
هەولێر 59
وەنەوشەی کانوون 62
ئەستێرەکان 63
بەستەی کچێک 65
لە ئامێزی سێدارەدا 66
نامەیێکی پاییزی 68
یەکەم فرمێسک 70
دڵگیر مەبە 72
بەفر 73
بەفری هەڵگورد 75
خونچەی سەهۆڵ 76
چاوەڕێ بن 78
زۆربا 80
بۆ مەزهەری خالیقی 83
شەو و ئەندێشە 84
با نەوەستێن 86
بەرەو بەرلین 88
گۆرانی منداڵێکی فەلەستین 90
چاوی نێرگز 91
چۆن گوڵی سوور دەپشکوێ 93
داخوازی 95
وەرزی ئەوین 98
هاواری شێن 99
بۆ چاوی مەرەزەیی 100
هۆرەی منداڵە جووتیارێک 102

**پاییز و باغەکەمان**

پاییز 107
نەخشی دڵ 109
گەڵای پاییز 111
سپێدە 113
حەیران 114
کەمانچەژەن 116
فلۆرا 118
لەژێر جەزرەبەدا 120
نەورۆز 122
گەشتێک بەڕۆمانیادا 124
ئێوارەکانی سۆفیا 127
زستان 128
نێرگز فرۆش 130
ئەو ڕۆژە دێ تۆش دێیتەوە 134
مەگری 136
کۆچ 138
چەم 139
باغەکەمان 140
یادێک 143
بێداری 144
گریان 145
دەستگوشین 146
کە تۆم ناسی 147
کە دەتبینم 148





چەتە 149
دڵگۆڕین 151
سەوداسەر 152

**ڕێچکەی خوێن**

هەتاوی ئێمە 159
کە منداڵ بووم 160
ئەوان 161
هیوا 162
خوێن 163
ناوەکەت 164
چەوساندنەوە 165
سپیم 166
دمدم 167
یاخی 168
چراوگ 170
ئەشکەوت 170
سوار 171
سمۆرە 171
گوێز 172
تەزرە 172
نیشانە 173
شلێر 173
گوڵاڵە 174
چاو 174
ڕووبار 175
چیا 175
سایەد 176
گرەو 176
پەرژین 177
گومان 178
زەمان 178
مەست 179
پەنجەرە 180
ئەو تاڵانە دەگێڕمەوە 181
کەمەند 182
چیا و ڕووبار 183
بریندار 185
شەهید 187
ڕێچکەی خوێن 189
حەمە 191
دایکی حەمە 193
بۆ قەڵادزێ 195
نوێژ 196
تیزاب 197
ژێ 198
دۆزیانەوە 200
حاجیلە 201
تاڵاو 202
ئێستگە 203
وا ئەم بەهارەشمان پیر کرد 205
چاوی یاد 207
دەبارێ 209
مەیخانەی مانگەشەو 211
هاتنەوە 214
کۆڕەو 216
ئۆجاغ 218
ڕەشبوون 219
دایکێکی عەبرە 220
پەسیو 221
مین 222
داو 223
کەو 224

خـەرتەلە ........ 225
تریفە غـەم ........ 226
جوانی کوشندە ........ 227
هاوسێکەمـان ........ 229
گەمارۆ ........ 231
لانـەواز ........ 232
ئاگـر و یار ........ 233
چیرۆکی هەژاری ........ 234

**سوارە گلاوەکان**

سوارە گلاوەکان........ 239
پێناس ........ 242
یۆبیلی زیوینی گەورەکچێک ........ 244
ئەستێرەکانی کرملین ........ 248
ڕاوە ژووشـک ........ 250
نـان ........ 251
بەهاری دۆڕاو ........ 253
بۆ کچێکی وێڵ ........ 255
میرزا ........ 257
شاعیری تەکنیکار ........ 257
ئەسپەکەی محەمەد عارف ........ 258
شرەخۆر ........ 259
هێزی RR ........ 262
جادووی پشت چیا قووچەکان ........ 263
خانی ........ 265
مێرخاس ........ 267
خوێن پژان ........ 268

**زۆزانی بەر زەردەپەڕ**

ئەو دڵەی مـن ........ 271
زۆزانی بەر زەردەپەڕ ........ 273
حەمەی عەیشێ ........ 275
بۆ چاکترین دایک ........ 278
هەڵوێست ........ 280
ڕەو ........ 282
زێی کـۆیێ ........ 285
ئەفسانە و داستان ........ 286
سەراب ........ 288
زێدی ئێمە ........ 289
کەڵەڕۆشنبیر ........ 292
زامەکانی هەولێر ........ 294




## ڕێنووسی یەکگرتوو

تکا لە نووسەرانی بەڕێز دەکەین کاتێ بەرهەمەکانیان بۆ دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس دەنێرن، ڕەچاوی ئەم ڕێنووسەی خوارەوە بکەن کە ڕێنووسی یەکگرتووی کوردییە و پەسندکراوی کۆڕی زانیاری کوردستانە:

**یەکەم**: گیروگرفتی پیتی (و).

نیشانەی (و) لە زمانی کوردیدا بە شێوەی خوارەوە دەنووسرێ:

١- پیتی (و)ی کۆنسۆنانت (دەنگدار). واتە (و: w)

بۆ نموونە: **ئاوایی. وەرە. هاوار. ئاو**

دەنگی (و) لێرەدا هەندێک جار لە زاراوی کرمانجیی سەروودا دەبێ بە دەنگی (ڤ)

Awayî (Avahî). were. Hawar. Av

٢- پیتی (و)ی کورت، واتە (و)ی بزوێنی کورت (و: u)

بۆ نموونە: **کورد. کورت. کوشت.**

Kurd. Kurt. Kust

٣- پیتی (ۆ)ی کراوە. واتە (ۆ: o)

بۆ نموونە: **دۆڵ. گۆڕ. نۆ.**

Dol. Gor. No.

٤- پیتی (وو)ی درێژ، واتە (وو)ی بزوێنی درێژ (وو: û )

بۆ نموونە: **سوور. چوو. دوو.**

Sûr. Çû. Dû

**دووەم**: گیروگرفتی پیتی (و)ی سەرەتای وشە.

هەر وشەیەک بە پیتی (و) دەست پێ بکات بە یەک (و) دەنووسرێت.

بۆ نموونە: **وریا. وڵات. وشە. ورد.**

wirya. wilat. wise. wird.

**سێیەم**: گیروگرفتی پیتی (ی):

نیشانەی (ی) لە زمانی کوردیدا بە شێوەی خوارەوەیە:

١- پیتی (ی)ی بزوێن. واتە (ی: î).

بۆ نموونە: **زەوی** – Zewî

٢- پیتی (ی)ی کۆنسۆنانت. واتە (ی: y)

بۆ نموونە: **یار** – yar

• **سەرنج ١:** پیتێکی (ی)ی بزوێنی فرە کورت هەیە کە لە نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی لاتینیدا نیشانەی (i)ی بۆ دانراوە وەک لە وشەکانی: من – Min ، کن – Kin ، ژن – jin. ئەم نیشانەیە لە نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبیدا نییە.

• **سەرنج ٢:** نیشانەکانی (ی)ی بزوێن و (ی)ی کۆنسۆنانت واتە (î) و (y) لە پیتی عەرەبیدا هەردووکیان هەمان نیشانەی (ی)یان هەیە بەڵام لە ڕاستیدا لە یەکتر جیاوازن و لە کاتی بە دوای یەکتر هاتنیاندا دەبێ هەردووکیان بنووسرێن.

وەک: **نییە. چییە. دیارییەکە. زەوییەکە.**

Nîye. Çîye. Dîyarîyeke. Zewîyeke

• **سەرنج ٣:** لە کاتی هاتنی سێ پیتی (ی) بە دوای یەکتردا وەک لە وشەکانی (**ئاواییەکەمان**...) (**کۆتاییەکەی**...) (**وەستاییەکی**...) (**کۆتایی بە کارەکە هێنا** ) دەبێ بەسەر یەکەوە بنووسرێن، واتە سێ (ی) بە شێوەی (ییی) بە دوای یەکتردا دێن.

(Westayîyeki....) (Kotayîy be Kareke hêna)

**چوارەم:** گیروگرفتی پیتی (ڕ)ی گران، واتە (ڕ)ی نیشانەدار. ئەم پیتە لە هەر کوێیەکی وشەدا هات دەبێ بە نیشانەکەیەوە بنووسرێت. واتە لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا هەر (ڕ)ی گرانی نیشانەدارە.

وەک: **ڕۆژ. بڕیار. کەڕ.**

**پێنجەم:** گیروگرفتی پیتی (و)ی بەیەکەوەبەستن (عطف):

پیتی (و)ی بەیەکەوەبەستن، بە شێوەیەکی جیاواز لە وشەی پێش خۆی و پاش خۆیەوە دەنووسرێت و مامەڵەیەکی سەربەخۆی لەگەڵدا دەکرێت.

بۆ نموونە: **من و تۆ. ئارەزوو و وریا.**

• **سەرنج:** لە هەندێک وشەی لێکدراودا پیتی (و)ی بەیەکەوە بەستن بووە بەشێک لە هەردوو وشە لێکدراوەکە و بە هەموویان وشەیەکی سەربەخۆیان دروست کردووە.

وەک: **کاروبار. دەنگوباس. ئەلفوبێ. هاتوچۆ.**

لەم بارانەدا مامەڵەی سەربەخۆ لەگەڵ پیتی (و)ی بەیەکەوە بەستندا ناکرێت و وشەکە هەمووی بەسەریەکەوە دەنووسرێت وەک لە نموونەکاندا پێشانمان دا.

**شەشەم:** وشەی ناسادە چ ناو بێ یان زاراوە دەبێ بەسەریەکەوە وەکو یەک وشە دەنووسرێن. وەک:

ناو: **چەمچەماڵ. بێکەس. دڵشاد. زوورگەزراو. بێخاڵ. ناڵپارێز. میاندواو. کانیکەوە. سپیگرە.**

زاراوە: **ڕێنووس. ڕێپێوان. دەسبەجێ. جێبەجێ. نیشتمانپەروەر. دەستنووس. دەسبازی. وڵاتپارێز. ئازادیخواز. دووشەممە. سێشەممە. پێنجشەممە. یەکسەر. ڕاستەوخۆ. یەکشەوە** (مانگی یەکشەوە).

**حەوتەم:** پیتی (ت) لە کۆتای کار (فرمان)دا دەشێ بنووسرێت و دەشێ نەشنووسرێت.



وەک: **دێت و دەڕوات** (یان) **دێ و دەڕوا.**

**هەشتەم:** نیسبەت لە زمانی کوردیدا زۆربەی جار بەهۆی پیتی (ی) لە کۆتای ناودا دەکرێت.

وەک: **پێنجوینی. هەولێری.دهۆکی. شێخانی.**

هەروەها ئەم نموونانەی خوارەوە:

ئەحمەدئاوا: **ئەحمەد ئاوایی**

یارمجە: **یارمجەیی.**

تووزخورماتوو: **تووزخورماتوویی.**

شنۆ: **شنۆیی.**

ئاکرێ: **ئاکرێیی** (یان) **ئاکرەیی.**

لادێ: **لادێیی.**

• **سەرنج:** ئەو ناوانەی خۆیان بە پیتی (ی) تەواو دەبن پێویست ناکات (ی)ی نیسبەتیان بخرێتە پاڵ. وەک:

سلێمانی: **کامەران سلێمانی.**

کانیماسی: **حاجی حوسێن کانیماسی.**

ئامێدی: **ئازاد ئامێدی.**

**نۆیەم:** هەر وشەیەکی بیانی چ هاتبێتە ناو زمانی کوردییەوە، یان هەر ناو و وشەیەکی تر کە لە نووسینی کوردیدا دێتە پێشەوە، دەبێ بەڕێنووسی کوردی بنووسرێت.

وەک: **ئەڵڵا. قەڵەم. ئەکبەر. قاهیرە. ئۆتۆمۆبیل. دۆستۆیفسکی.**

**دەیەم:** ئامرازی (تر، ترین) کە بۆ بەراورد بەکاردێن دەبێ بەوشەکانی پێش خۆیانەوە بلکێنرێن. وەک:

**جوان: جوانتر – جوانترین.**

**خاو: خاوتر – خاوترین.**

• **سەرنج:** ئەم ئامرازەی (تر) جیاوازە لە وشەی (تر) کە بەواتەی (دی، دیکە) دێت. ئەمەی دوایی دەبێ بە جیاواز لە وشەی پێش خۆی دەنووسرێت.

وەک: **ماڵێکی تر، چیی ترم ناوێ.**

**یازدەیەم:** جێناوی نیشانەی وەک: ئەم. ئەو. ئەڤ.

ئەم جێناوانە ئەگەر ئاوەڵکاری (کات – یان – شوێن)یان بەدوادا هات پێیانەوە دەلکێن و دەبن بە یەک وشەی سەربەخۆ.

وەک: **ئەمشەو. ئەمڕۆ. ئەڤسال. ئەمجارە. ئەمبەر و ئەوبەر. ئەڤرۆ.**

**دوازدەیەم:** نیشانەکانی نەناسراوی وەک ( ...یەک، ...ێک، ...ەک) بە شێوەی خوارەوە دەچنە سەر وشەکانی پێش خۆیان:

١– ئەگەر وشەکان بە پیتە بزوێنەکانی (ا، ی، ە، ێ) تەواو بووبن ئەوا نیشانەی (...یەک)یان دەخرێتە

پاڵ. وەک:

**چیا: چیایەک.**

**زەوی: زەوییەک.**

**وێنە: وێنەیەک.**

**دێ: دێیەک.**

٢- ئەگەر وشەکان بە پیتە بزوێنی (وو) یان هەر پیتێکی دەنگدار (نەبزوێن: کۆنسۆنانت) تەواو بووبن ئەوا نیشانەی (ێک - لە کرمانجیی خواروو) و نیشانەی (ەک)یان لە کرمانجیی سەروودا دەچێتە سەر.

**خانوو: خانووێک، خانووەک**

**گوند: گوندێک** (کرمانجیی خواروو)، **گوندەک** (کرمانجیی سەروو).

**ژن: ژنێک** (کرمانجیی خواروو)، **ژنەک** (کرمانجیی سەروو).

**سێزدەیەم**: گیروگرفتی پاشگرەکانی (دا. ڕا. وە. ەوە)

ئەم پاشگرانە بە وشەکانی پێش خۆیانەوە دەلکێنرێن. وەک:

دا: **لە دڵدا** (هەر برینێ کە لە دڵدا هەیە سارێژی کەن). (خەمێکم لە دڵدایە).

ڕا: **لە ئامێدیڕا** (لە وێڕا بەپێ هاتووین). (لە خۆڕا دڵی گۆڕاوە).

وە: لە چوارچراوە (لە وێوە هاتووین).

ەوە: بە ماڵەوە (بە ماڵەوە ڕۆیشتین).

(جارێکی تر نووسیمەوە). (خانووەکەم کڕییەوە).

• **سەرنج**: پاشگری (دا) جیایە لە وشەی (دا) کە فرمانە و چاوگەکەی (دان)ە.

وەک: **تیرێکی لە دڵی دا. تیرێکی لە دڵی داوم.** ئەم (دا)یەی فرمان بەجیا دەنووسرێ.

**چواردەیەم**: گیروگرفتی پێشگرەکانی (هەڵ. دا. ڕا. وەر. دەر)

١- ئەم پێشگرانە کاتێ دەچنە سەر چاوگ یان فرمان یان هەر حاڵەتێکی تر، پێیانەوە دەلکێن بەمەرجێ جێناوی لکاو نەکەوتبێتە نێوان پێشگر و وشەکەی دوای خۆی. وەک:

* چاوگ:

**هەڵ: هەڵکردن. هەڵگرتن. هەڵکورمان. هەڵکێشان.**

**دا: دابڕان. داخستن. داڕمان. داکردن.**

**ڕا: ڕاگرتن. ڕاکێشان. ڕاپەرین.**

**وەر: وەرگرتن. وەرسووڕان.**

**دەر: دەرکردن. دەرهێنان.**

* فرمان:

**هەڵ: هەڵگرە. هەڵمەخە. هەڵکشێ.**



**دا: دانێ. دامەبڕە.**

**ڕا: ڕاکێشە. ڕامەپەڕێنە.**

**وەر: وەرگرە. وەرسووڕێنە.**

**دەر: دەربێنە. دەرخە.**

* حاڵەتی تر. وەک:

**هەڵکشاو. هەڵنەکشا. دانراو. ڕاپەڕیو. ڕانەپەڕیو. وەرگرتوو. وەرگرتە. دەرخراو. دەرکراو.**

٢- ئەگەر جێناوی لکاو کەوتە نێوان پێشگر و فرمانەکەی دوای خۆی ئەوا بەجیا دەنووسرێن و جێناوەکە بە پێشگرەوە دەلکێنرێ.

**هەڵ: هەڵم گرن. هەڵیان کەن. هەڵمان کێشن. هەڵمان مەواسن.**

**دا: دامان نەنایە. دایان خەن. دای بڕە.**

**ڕا: ڕایان دەگرین. ڕام کێشە. ڕام پەڕێنە. ڕاشیان پەڕێن.**

**وەر: وەرمان گرتایە. وەری نەگری. وەریان سووڕێنەوە.**

**دەر: دەریان پەڕاندین. دەری خە.**

**پازدەیەم**: گیروگرفتی وشەی لێکدراو.

ئەگەر وشەی دووەم لە دۆخی فرماندا بوو، بەجیا دەنووسرێن:

**ڕێک دەکەوین. پێکیان هێنایەنەوە. پێک نەهاتین. یەکیان نەگرتووە. دەستمان نەکەوت.**

بەڵام ئەگەر وشەی دووەم لە دۆخی چاوگ یان حاڵەتی تردا بوو ئەوا هەردوو وشەکەوە بە یەکەوە دەلکێنرێن.

وەک: **ڕێککەوتن. پێکهاتن. یەکگرتن. دەسخستن. یەکگرتوو. دەسکەوتوو. پێکهاتە.**

**شازدەیەم**: ئامرازی (ش)ی تەئکید کەوتە هەر شوێنێکی وشەوە دەبێ بە بەشێک لە وشەکە و نابێ بە هۆی لەتبوونی وشەکە. وەک: **بشتەوێ ناتدەمێ. نەشخۆی**. گوتی دێم... **نەشهات. نەشمانگرتن. بشمانبەن.**

تەواو